
حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ڕۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرە (١٣١)

# بیرەوەرییەکانی دارکنارەکە

نووسینی:
سەدیق سەعید
(هاوڕێ سوپا)



...ڕێز کاک عوسمان
...جەولێکەوە لەڕێگای باوک تاراوە ئەو نامەی ناوەختە هات وا
...ی لەگەڵ هەندێ شیکردنەوەی خۆمدا بۆتی ڕەوانە ئەکەم.

...ەری نامەکە سەربازە لەکوێت لە ١٩٩٠/١٠/٢٨ دا، ئەم
...مان بۆ ئەکات (لەمەدرەسەی سانەویەی ئەلەبرائ ئین
...ک قرب وەزارەت مواصەلات کوێت) ئەم ئاسارانەی بینیوە:
...ەرینای پەڕ (پشتی) ژێر سەر.
...اس و کەوای کوردی ژنانە.
...کەتی کوڕان منالانە کوردی.
...وە جگارەی ڕەنگاوی.
...ی لەحیم زیاد لەئوصولی خۆی بەدەرگاو پەنجەرەکانەوەو تەقلی گوریان تێوەیە.
...نی ئەوە ئەگەیەنێ کەهەندێ لەکوردە ئەنفالەکان لەوێ
...ان بەندکراون کات خۆی.

هاوڕێت
سوپا
١٧/١١/١٩٩٠

لەبڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری - سلێمانی ٢٠٠٢
نرخی ( ٧ ) دینارە

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرە (١٣١)

# بیرەوەرییەکانی دار کنارەکە

نووسینی : سەدیق سەعید
« هاوڕێ سوپا »

٢٠٠٢

- بیرەوەرییەکانی دار کنارەکە
- سەدیق سەعید ﴿ هاوڕێ سوپا ﴾
- تایپ : مهدی ئەحمەد
- نەخشەسازی : نازەنین سالح
- چاپ : عەتا مەحمود -چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری
- تیراژ : ٤٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردنی ( ١١٠ ) ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە


پێشکەشە بەگیانی پاکی شەهیدان

﴿کاک حمە رەش و کاک جەباری حاجی رەشید﴾

کەگیانی پاکیان لەرێی کوردو کوردستاندا

بەخت کرد.

## پێشەکی

تێبەڕبوونی شۆڕشی ڕزگاریخوازی میللەتەکەمان بەقۆناغە جیاجیاکاندا نیشانەی نەشونمای ئاسایی ئەو شۆڕشەیە بەڵام گرنگترین و ترسناکترین قۆناغەکانی ئەو شۆڕشە قۆناغی دوای ئەنفال بوو کەلەئەنجامی ململانێی سەختی دەوڵەتاندا لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندی دەوڵەتە زلهێزەکان و لەترسی پەرەسەندن و پەلهاویشتنی ڕژێمی ئیسلامیدا ڕژێمی بەغدا کرا بەئامێرێکی دەستی ئەو زلهێزانەو گەلانی عیراق و ئێرانیش کران بەسوتەمەنی ئاوات و ئامانجی چەوسێنەران، بۆ ئەو مەبەستە عیراق کرا بە عەمبارو ترسانەی هەزاران توون و بۆمباو تەقەمەنی و زەخیرەی چەکی ژەهراوی و قەدەغەکراو، زلهێزەکان لەدوای ئەوەی دڵنیان بوون لەوەی کە نەخشەو پیلانەکانیان وەکو پێویست هاتنە بەرهەم و ئەوەی کەمەرامیان بوو هاتووەتە دی و شەڕی نێوان عیراق- ئێرانیان ڕاگرت بێ ئەوەی بیری لە کۆکردنەوەی ئەو هەموو



چەکە کۆکوژانە بکەنەوە کەکەوتووەتە ژێر دەستی ڕژێمێکی ڕەگەز پەرستی خوێنمژی دیکتاتۆری کەدواتر بەپێشی چاوی داڕێژەرانی بەندەکانی مافی مرۆڤ و هەڵگرانی ئاڵای مارکسیزمەوە شەڕی جینۆسایدیان دژ بەمیللەتەکەمان بەرپاکرد، لە زنجیرەیەک تاواندا ١٨٢ هەزار مرۆڤی کوردیان بێسەرو شوێن کرد جگە لەکوشتن و بریندارکردنی هەزاران مرۆڤی تر لەژن و منداڵ و پەککەوتە بەچەکی ژەهراوی و قەدەغەکراو لەهەڵەبجەو قەرەداغ و بالیسان و گۆبتەپەو لەگەڵ زەویدا تەختکردنی پێنج هەزار گوندو سوتاندنی هەزاران دۆنم لەڕەزو باخ و پڕکردنەوەی سەدان کاریزو کانیاو.

بۆیە قۆناغی شۆڕش لەدوای ئەنفال و چۆڵنەکردنی گۆڕەپانەکانی شەڕو پێکادان کارێکی موستەحیل بوو تەعبیر کردنبوو لەئیرادەی پۆڵایینی گەلەکەمان و تاقیکردنەوەیەکی نوێ بوو لەمێژووی

شۆڕشەکانی جیهاندا بەگشتی و شۆڕشەکانی کورد بەتایبەتی من بۆ خۆم ویژدانم ئاسودەیە بەرامبەر بەمیللەتەکەم بەگشتی و کەسوکاری شەهیدان بەتایبەتی کەوا لەکاتێکی دژواردا لەکاتی تەنگانەدا لەکاتێکدا زۆر کەس مەسەلەی کوردو مافەڕەواکانیان خستبوو پشت گوێ لەوکاتەدا هەوڵمان ئەدا بڵێسەی ئاگری شۆڕش خامۆش نەبێتەوە بەسوور بوونی ڕێکخستنەکان و هێڵەکانی ناو شارەکان و بڕیاری شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگە پارتیزانەکان ئاواتی میللەتەکەمان هاتەدی و پیلانی دوژمنان پوچەڵ کرایەوەو زیندە بەچاڵکراو بڵێسەی ئاگری شۆڕش تەمومژو دوکەڵ و تەپ و تۆزی تانک و قافڵەکانی دوژمنی ڕاماڵی و خۆری ئازادی هەڵات.

لەم چەند لاپەڕەیەدا هەوڵمداوە بەزمانە ساکارو شەق و شڕەکەم هەندێک لەوگیروگرفتانە بخەمە ڕوو کە لە ١٠٧ مەوعیدا تووشی دڵە خورپێ هاتووم پێوەی ئەگەرچی دڵە خورپێم کردووە بەڵام ئەو



دڵە خورپێ کردنەم بەرەنگار بوونەوەی دوژمنان بو، دیارە لەهەموو هەڵسوکەوتێکدا بەتایبەت کاری نهێنی ئەگەر حساب بۆ بەرامبەر نەکەیت، ئەوا هەر لەئێوارەوە تیاچوویت، حساب بۆ دوژمن نەکردن ماڵوێرانی لەدواوەیەو ئاوات و ئامانجی دوژمنان مسۆگەر ئەکات بۆیە ئەڵێم (سەد دڵە خورپێ نەک شاگەشکەی ناکەس). زۆر داوای لێبوردن ئەکەم کە بەرواری مەوعیدەکانم بەرێکی لەیاد نەماوە چونکە ڕێکخراوی سلێمانی بەڕێز زۆر جەختی لەوە ئەکردەوە کەنابێت بەهیچ شێوەیەک نووسراو بڵاوکراوەمان لابمێنێتەوە بۆ ئەوەی نەبێت بەبەڵگە بەسەرمانەوە لەکاتی نائاساییدا جارێکی تر داوای لێبوردن ئەکەم لەهەر کەموکوڕییەک..

سدیق سەعید ئەحمەد
ناسراو بە ابو علی/ سویا
١/ حوزەیرانی/٢٠٠٠ز
کفری

## هەندێك ڕوونكردنەوەی پێویست

پێش ئەوەی ئەم نووسینە بخەمە بەردەستی خوێنەرانی ئازیز كاك عوسمانی حاجی مەحمود چاوێكی پیا خشاندو بەسوپاسەوە هەندێك تێبینی پێ دام هەر هەموو سوودبەخش بوون وای بۆ ئەچم ئەو تێبینییانە تێبینی زۆربەی برادەران بێت بۆیە وائەزانم ئەم ڕوونكردنەوەیە وەلامێكی گشتی بێت:

١. وەكو ئەوەی تێگەیشتبێتم بیرەوەری ناوی بەخۆیەوەیە واتا چیت لەبیر ماوە لەكات و سەردەمێكی دیاریكراودا، بەلام بیرەوەری دوو جۆرە جۆرێكیان ڕۆژانەیەو هەموو تەفاسیل و وردەكارییەكانی تیادایە جۆرەكەی كەیان بیرەوەری كاتێكی بەسەرچوو دیاریكراوە بۆیە بیرەوەری جۆری دووهەم زۆر جار هەموو ڕوداوەكانی ١٠٠٪ وەكو خۆی لەیاد نامێنێت یان هەندێك جار شت هەیە بەیەك جاری لەیادت نامێنێت ئەم بیرەوەریانە



كەلەژێر دەستی بەڕێزتان دایە بیرەوەری سەردەمێكی سەخت و دژوارە بیرەوەرییەكە سەبارەت بەسەختترین قۆناغەكانی شۆڕشە ئازادیخوازەكەی گەلەكەمانە، بەرژەوەندی ئەو قۆناغە وای پێویست ئەكرد كەبچووكترین نوسراو پاش خوێندنەوەی لامان نەمێنێتەوە بۆ ئەوەی نەبێتە بەلگە بەدەستی دوژمنانەوە لەكاتی نائاسییدا، لەلایەكی ترەوە جیاوازی هەیە لەنێوان نووسینی بیرەوەری و مێژوودا بیرەوەری ئەوەیە بەشێك بێت لەمێژوو لەنووسینی مێژوودا پەنا ئەبرێتە بەر جۆرەها سەرچاوە بەلام لەنووسینی بیرەوەریدا ئەگەر پەناتبردە بەر سەرچاوە ئەوە لەبیرەوەری دەرئەچێت ئەبێتە مێژوو.

٢. لەكاری نێهێنیدا پێویستە لەپێویست زیاتر نهێنی نەدركێنی چ لای خۆمانەوە چ لای ئەوانەی مامەلەیان لەگەل ئەكەین ئەم حالەتە دوو جۆر سوود ئەبەخشێ یەكەمیان ئەگەر بەرانبەرەكەت نیازی ناپاكی هەبێت ئەوە سوودت لێ وەرناگرێت دووهەمیان هەندێك نهێنی كەپێویستت پێی نەبێت

پێی نەزانیت چاکترە چونکە لەکاتی نائاساییدا تیشکت ئەخرێتە سەر، بۆیە زانیاریم نەبوو لەوەی کەپارتیزانەکان ١٠٠٪ چەندبوون لێپرسراوەکانیان کێن و کێنین شوێنی حەوانەوەیان لەکوێیە پەناگاکانیان لەکوێن یان لەچ بەروارێك مەفرەزە ئەچێتە سەرەوەو کەی دێتە خوارەوەو بەتایبەت ئیش وکارو جولانەوەی پارتیزانەکان جۆراوجۆرەو فرە لایەن بوو، من تەنها باس لەوانە دەکەم کە ئاگادارم لێی لەبیرم ماون.

٣. قۆناغەکانی دوای ئەنفال: بابەتێکی فراوانە دەرفەتی نووسینی باسێکی دوورودرێژی تێدایە کەجێگای نابێتەوە لەم بابەتەدا بۆیە ئەتوانم بەکورتی بڵێم، شۆڕش لەدوای ئەنفال بەسێ قۆناغدا تێپەڕی.

یەکەمیان: لەبەهاری ١٩٨٨ هەتاوەکو بەهاری ١٩٨٩ لەم قۆناغەدا رژێم لەوپەڕی لەخۆبایبووندا بوو لەشاگەشگەی سەرکەوتندا بوو سەدام حسێن خۆی بە (قائد المنتصر) دەزانی لەجەنگی کەنداوی



یەکەمدا عەمبارو کارگەی چەکە کۆکوژەکانی لەوپەڕی گەشەکردندا بوو سوپای عیراق بەهێزی چوارەم ئەژمێردرا لەجیهاندا، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەهەموو تاوانەکانی رژێم چاویان نوقاندبوو شەڕی قڕکردنی کورد (جینۆساید) پەڵەیەکی رەش بوو بەنێوچاوانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە... هتد، لەم قۆناغەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ یەکەم جار بوو کەوتە بەرتاقیکردنەوەیەکی نوێ وەمانەوەو خۆگونجاندن لەناو ولاتێکی وێرندا کەبەهەر جێگایەکدا بڕۆیت، مین رێژی لێ ئەکرێت، دەس بۆ هەر خۆراکێك ببەیت ئەترسی ژەهراوی کرابێت ١٠٠٪ کەس لەکەس دڵنیا نەبوو بەتایبەت شەوان تەنها رێگایەك بۆ دەربازبوون بۆ ئەوەی لێبوردن بتگرێتەوە سەری پێشمەرگەیەکی رەفیقەکانت بە دیاری پێشکەش بەرژێم بکەیت کێوماڵ کردنی بەردەوام لەسەر ناوچەکەیەو فڕۆکەی جەنگی و هەلیکۆپتەر ئاسمانی کوردستانی چۆڵ نەئەکرد، لەهەر جێگایەك بچووکترین نیشانەی ژیان

بەدی بکرێت ئینزاری بۆ ئەکرێت... هتد، مەفرەزەکانی ه.پ.ك لەپاش ئەنفال پێکەوە بڕیاری مانەوەیان نەدا، هەندێکیان مانەوەو هەندێکیان دابڕانو هەندێکیان لەسنووری تیپەکانی ٢١ی کەرکوكو ٢٥ی خاڵخاڵان هاتنەوە بۆ گەرمیان، هەندێکیان لەمانگی ١٩٨٨/٨ لەبناری قەندیلو سنووری مەڵبەندی سێ هاتنەوە وەکو کاك ئازای سەرگرمە، هەندێکی تر لەمانگی ١٩٨٩/٦ هاتنەوە بۆ گەرمیانو لەمانگی ١٩٩٠/٤ گەڕانەوە بۆ سەرکردایەتی وەکو (کاك مەحمود سەنگاویو کاك کوردۆ و شەهید حەمە رەشو شەهید سەید جەوهەرو کاك شێخ کەریمو کاك مەلا سەعیدو شەهید کاك ئەحمەدی حاجی رەشید.. هتد، ژمارەیەك پ.م لەمانگی ١٩٨٩/٧ وەکو کاك عوسمانی حاجی مەحمودو ژمارەیەکی تری لەمانگی ١٩٨٩/١٠ چوونە سەرەوە.. هتد.

ئەم قۆناغە بەقۆناغی خۆڕاهێنان لەگەڵ تاقیکردنەوە نوێکەدا، دروستکردنی پەناگەو جێگای



حەوانەوەو کۆکردنەوەی ئازوقەو نەوتو تەقەمەنی بەجێماوی دێهاتەکان ئەناسرێت لەم قۆناغەدا، پەیوەندی لەگەڵ رێکخستنەکان کەم بوو ئەوەش لەسنوورێکی تەسکدا بوو تێ نەئەپەڕی لەدابینکردنی دەرمانو پێڵاوو جلو بەرگو هەندێك شتی زۆر پێویست لەئازووقە کەلەکۆڵێك تێ نەئەپەڕی.

قۆناغی دووهەم: ئەم قۆناغە لەبەهاری ١٩٨٩ هەتاوەکو سەرەتای پاییزی ١٩٩٠ بەردەوام بوو، قۆناغی بیرکردنەوەو هەوڵدان بوو بۆ گواستنەوەی شۆڕش بۆ ناوشارو ئۆردوگاکان هەوڵ ئەدرا پەناگا بۆ مانەوەی پێشمەرگە بکرێت لەناو شارەکاندا لەم قۆناغەدا چەندین مەفرەزەی (سرك) دروستکراو رێنمایی ئەکرانو چەکدارئەکران لەم قۆناغەدا ئازووقەو پێویستییەکانی هێزی پێشمەرگە مسۆگەر کراو کۆمەڵێك لەئازووقەو پێویستییەکان خەزنکران بۆ ئەگەری زیادکردنی هێزی پێشمەرگە لەم قۆناغەدا پەیوەندی چڕکراوە لەگەڵ هێڵەکانی رێکخستندا.

قۆناغی سێهەم: ئەم قۆناغە لەسەرەتای جەنگی کەنداوی دووهەم دەستیپێکرد هەتاوەکو راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ لەم قۆناغەدا هێزە سەربازییەکانی رژێم رەوانەی سنووری کوێت کران سەربازگەکان چۆڵکران، دەرفەتی پارتیزانەکان چاکتر بوو کارەکان بەئاسانی ئەچوون بەڕێوەو مەترسییەکان کەم بوونەوە، لەم قۆناغەد حزب و هێزە شۆڕشگێڕەکانی کورستان یەکگرتن و تەباییان تیادا دروست بوو لەبەرەیەکی کوردستانیدا یەکیان گرتەوەو بەرنامەیەکی یەکگرتوویان هەبوو بۆ راپەڕین و لەم قۆناغەدا بەسەرکەتوویی هاتە بەرهەم.



## سۆزی شۆڕشگێڕانە

لەساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٥ هەرچەندە سۆزم هەبوو لەگەڵ شۆڕشدا بەڵام نەگەیشتە ئەو رادەیەی کەبەشداری لەرێکخستن و پێشمەرگایەتیدا بکەم چونکە پێمیان ئەگوت دەنگی دەهۆڵ لەدوور خۆشە کەچی ئەو دوورە پەرێزییەش دادی نەدام لەساڵی ١٩٧٤ وەکو فەرمانبەرێکی بێ لایەنی کورد راگوێزرامەوە بۆ سەنگەسەر.

کارەسات بوو نسکۆکەی ١٩٧٥، هەرگیز نائومێدی لەو جۆرەم بەخۆم و هاوسۆزەکانمەوە نەبینی بوو، هەتا چەند رۆژێك شەرمم ئەکرد لەماڵ دەرچم ئەتگوت خۆم سەرکردەی ئەو شۆڕشە بوومە، پێش ئەو کارەساتە هەموو هەفتەیەك ئەچوومەوە بۆ کفری بەڵام دوای کارەسات بۆ ٤٠ رۆژ نەرۆیشتمەوە بۆ کفری وای لێهات هاتن بەدواماو وتیان بۆ شەرم ئەکەیت خەڵکی وا هەبوو دەبابەی قوت ئەدا شەرم

ناکا تۆ گات لەگاگەلانییەو هەردوو پێت بەفر بردوویەنی، ئەوکاتە وا بیرم ئەکردەوە ئەوکارەساتە لەئەنجامی کەمتەرخەمی منو سەدانی وەکو من رووی دابێت، بۆیە هەر لەوکاتەوە بڕیارمدا دەروێشی شۆڕشی ئایندە بم ئای لەو خۆشیو هەستەی من کە یەکەم (بەیان)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانم دەستکەوت چەند جارێك ماچم کردو نام بەسنگمەوە، ئۆخەی کە پەیامی ژیانمان هەڵکرایەوە ئێستا ژیان مانای هەیە لەئێستا بەدواوە ناژین بۆ مردن ئەوە ساڵی ١٩٧٨ بوو هەر لەوکاتە بەدواوە قۆڵی مەردایەتیمان لێ هەڵکردو پێشمەرگەیەکی گوێ رایەڵی ئەم گەلو نیشتمانە بووین، بەبەردەوامی کام ئەرك سەختو دژوار بوایە بۆ زیندە بەچاڵکردنی پیلانەکانی دوژمن ئەنجاممان ئەداو چاوەڕوانی پلەو پایەو بەتەمای پارەو ئیمتیازات نەبووین لەگەڵ قافڵەی شەهیداندا سەرەمان گرتبوو، لەساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨ هێشتا خوێندکار بووم لەدانشگای سەلاحەدین لەهەولێر[1]



ئەبوایە دواتریش ماوەیەکی سەربازیم ببردایەتە سەر بۆیە لەدوای کارەساتی ئەنفالە بەدناوەکان کە تەکلیف کرام بۆ سەرپەرشتی یەکەمی رێکخستنەکانی گەرمیان پێم قبوڵ نەکراو پێشنیاری هاوڕێ سامیم[2] کرد لەوماوەیەدا پێم لییان نەبڕێو بەشداری کۆبوونەوەکانم ئەکردو ئاگاداری ئیشوکارەکان بووم بەتایبەت هاوکاری پارتیزانەکان کەئەوکاتە هاوڕێیان ( سامی- سەردار[3]- خەلیفە[4]) ئەنجامیان ئەدا بەسەرپەرشتی هاوڕێیان (موراد[5]- بەهجەت[6]) کارەکان ئەوکاتە لەبازنەیەکی بچوکدا ئەسوڕایەوە بەکوڵ شت ئەگەیشتە پارتیزانەکان زۆر جار لەکۆڵیش کەمتر بوو، من بۆ خۆم قەناعەتم نەبوو ئیدارەی (٦٠-٧٠) پێشمەرگە کەبەکۆڵی هاوڕێ سەردار بچێت بەڕێوە، هاوڕێ سەردار کێشی ٥٠ کگم بۆ ٦٠گکمی هەڵئەگرت بۆ مەسافەی ٤-٧ کم، دواتر لەرێگەی دەواجنەکانەوە لەئاوە خوێڕی[7] پەیوەندیی کرا، ئەو رێگەیەش تاڕادەیەك عەمەلی نەبوو چونکە کرێکارانی ئەو دەواجنانە سەر

بەرێکخستن نەبوون، دواجار ئەبوایە پێشمەرگە پارتیزانەکان لەنێوان دوو ڕەبایەوە هاتوچۆیان بکردیە، ئەو وەزعە بەگشتی ڕۆڵی خراپی هەبوو لەسەر ئیش و کارەکان لەئەنجامدا بووە هۆی ئەوەی کەچەند جارێك پێشمەرگەکان تووشی شەڕبوون لەکاتی هاتوچۆدا هەر لەبەر ئەو هۆیانە هاوڕێیان (سەردارو خەلیفە) کەشف بوون خەڵکی دەواجنەکەش گیران و تووشی گیروگرفت بوون و لەئەنجامدا شیرازەی کارەکان تێکچوون و هاوڕێیان (سەردارو خەلیفە) هەریەکە ڕوویان لەمەنفا کرد، لەلایەکی ترەوە لەکاتی برینداربوونی کاك (ئازادی سەرگرمە) و هەڤاڵانی ناکۆکییەك دروست بوو بەسەر هاوڕێ سامی‌دا شکایەوە گوایە ئەو کەمتەرخەمی کردبوو لەو مەسەلەیەدا، من بۆ خۆم ڕام خراپ نەبوو لەسەر هاوڕێ سامی، بەڵام یەکخرا لەئیش وکار ئەوە مانگی ١١ی ١٩٨٨ بوو بۆیە دواجار ئەرکەکانی هەمووی ڕووبەڕووی من و هاوڕێ عەزیز[8] کرایەوە چ وەکو سەرپەرشتی هێڵەکان و ڕێکخستن و چ وەکو



دابین کردنی بژێوی پارتیزانەکان و هەڵقەی گەیاندنی نێوان ڕێکخراوی سلێمانی و پارتیزانەکان لەبەرئەوەی هاوڕێ عەزیز خەڵکی ناوچەکە نەبوو و شارەزای تەواوی لەجوگرافیای ناوچەکە نەبوو ئەرکەکان زۆر کەوتبوونە ئەستۆی من و ئەوە لەدوای دوورخستنەوەی هاوڕێیان (سامی- سەردار- خەلیفە)، دیارە لەوماوەیەدا بۆ ماوەی یەك مانگ زیاتر پەیوەندی عەمەلی لەگەڵ پارتیزانەکاندا پچڕا هەرچەندە دەرفەتی نامە گۆڕینەوە هەبوو لەڕێگای هاوڕێ نەریمانەوە[9]، من بۆ خۆم زۆرجار بیرم لەچارەنووسی ئەو پێشمەرگە پارتیزانانە ئەکردەوە لەبیری خۆمدا شتم دەست نیشان ئەکرد، بیرم لەڕێگا چارەیەك ئەکردەوە بۆ دابینکردنی بژێوی ئەو پێشمەرگانە بەڵام لەهەموو بیرکردنەوەیەکدا لێرەوە ڕائەوەستام لەهەر شارێکەوە دەرچیت ئەوە ئەو شارە ئابلۆقەدراوە بەڕەبایە، لەهەر جادەیەك لادەیت هەر سەد مەترو ڕەبایەك هەیە لەهەموو کاتێك ئەبێت لەبەینی دوو ڕەبایە دەرچیت نابێت دەس بەتاڵ

دەرچیت، سەد مەتر لەجادە دەرچیت ئەوە فەرمانی گوللەبارانکردن هەیە، بەچاوی خۆمان بینیومانە، کۆمەڵە خەڵکێك هەن بەرگری لەبوونی خۆیان‌و میللەتێك ئەکەن وازیان لەهەموو شارستانیەت‌و کارو گوزەران هێناوە، کێومالی بەردەوامیان لەسەرە، کونە شاخ‌و ئەشکەوتەکانیان لێکراوەتە دۆزەخ.

بەڕاستی کارەکانیان تاقیکردنەوەیەکی نوێیە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا کارەکانیان وشەیەکی نوێیە، هەرگیز مەعقول نییە لەبچوکترین مافەکانیان کەنان‌و جل‌و بەرگە بێوەربن کەئەتەوێت بیسەلمێنێت کە مرۆڤیت ئەوە گورزو ئەوە مەیدان.

لەوماوەیەدا لەکۆبوونەوەیەکی ڕێکخستندا لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٨دا هاوڕێ بەهجەت باسی موعاناتی ئەو پێشمەرگە پارتیزانانەی بۆ کردین‌و ئیشارەتی ئەدا بەنامەیەکی کاك عوسمانی حاجی مەحمود لەکۆتاییدا وتی ئەبێ بەهەموانەوە هیمەتێك بکەین بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك بۆ ئەو داماوانە، منیش لەسەر پارچە کاغەزێك نامەیەکم



نووسی بۆ کاك عوسمان چەند جێگای دیاری دەوروبەری شاری کفریم [١٠] تیایدا دیاریکردبوو بۆ ئەوەی لەیەکێك لەو جێگایانە چاومان بەیەك بکەوێت، دوای ماوەیەك وەڵامی نامەکە هاتەوە سەرەتای مانگی ئازاری ١٩٨٩ بوو، دارکنارێك هەبوو لەنێوان شاری کفری‌و گوندی کنگرباندا بۆ ئەوەی لەوێ یەك بگرین وشەی نیهێنیمان ئازادە سوور بوو.

## مەوعیدی یەکەم دارکنارەکە

سەرەتای ئازاری ١٩٨٩ بوو جێگای مەوعید دارکنارەکەی نێوان کفریو دێی کنگربان بوو.

دەرچوون بۆ دەرەوەی شار شتێکی ئاسان نییە، چەکت پێ نییە بەکوتەکێك ئەگێرێی نازانیت چۆن دەرچیت، لەکوێوە دەرچیت چونکە بەدەستی بەتاڵ دەرناچیت، لەنامەکەدا داوای پاترییەکی سەیارەی شەحنکراوە بۆ جیهازی راکاڵ لەگەڵ شەش جووت پێڵاوو هەندێکی باش خواردەمی، قورسایی شتەکان لەسی کگم کەمتر نەبوون دوو سەربازی ونمان هەیە کە هەردەم ئامادەبوون بۆ جێبەجێکردنی هەر کارێکی ئاڵسکاو، هەرکاتێك کەپێشوازیکردنی مردنی تیادا بێت هاورێیانی رۆژانی تەنگانە بەرێزان کاك ئەنوەر کارێزیو کاك مەجید رەباتی ناردم بە دوایاندا بێ دواکەوتن ئامادەبوون ئەرکە دیاریکراوەکەیان گەیاندنی ئەو برە شتومەکە بوو بۆ



شوێنی دیاریکراو بەعەرەبانەو تراکتۆرەکەی کاك ئەنوەربەبیانووی کاروباری کشتوکاڵییەوە کات ژمێری (٦)ی ئێوارەی هەمان رۆ١ گەرانەوە لام دڵنیامیان کرد لەجێبەجێکردنی ئەرکەکە، مەوعید سەعات ٨ی شەوبوو لەگەڵ هاورێی عەزیز کەتاریك داهات لەکونجێکی شارەوە دەرچووین سەعات ٧ گەیشتنە سەر شتو مەکەکان دواتر کەوتینە رێ بەنیازی دارکنارەکە کەوتینە ناو هەردەیەکی نزیك دارکنارەکەوە هەتاوەکو سەعات ٤ی بەیانی رێمان نەبردە سەر دارکنارەی ناوبراو هەرچەندە بەدەنگی بەرز هاوارمان ئەکرد ئازادە سوو، بەڵام بێ هوودە ناچار گەراینەوە ناوشار پاش ئەوەی شتو مەکەکانمان لەو جێگایەدا داپۆشیو بەجێمان هێشت بەڵام ناچار بەیانییەکەی بەلادا سوور گێرامەوە ناوشارو مەوعید تێکچوو.

لەنزیك دێی گردە گۆزینەی نزیك شاری کەلار دوای چەند رۆژێك هاورێی هەرگیز نەمر شەهیدی سەرکردە حەمە رەشی قارەمان چاوی کەوتبووە

هەندێك لەهاوڕێیانی پێشمەرگەی کۆن لەرێگای
ئەوانەوە نووسراوێکی کاك حەمە رەشمان پێگەیشت
کەهەمان جێگەی بۆ مەوعید دیاریکردبوو بۆ شەوی
١٠|١٩٨٩/٣/١١ ئەوەبوو (رۆژی ١٩٩١/٣/١٠) شاری
کفری رزگارکرا هاوڕێیان مەجیدو ئەنوەر هەمان
ئەرکیان دووپاتکردەوە بەهەمان بەرنامە لەگەڵ
هاوڕێ عەزیز کەوتینە گەڕان بەدوای حاکم نوریدا "
چونکە ویستمان بە (لادا) کەلەشار دەرمان بکات
حاکم نوریمان لەیانەی فەرمانبەران لەگەڵ مامۆستا
سەلاحی پەرلەماندا دۆزییەوە هەندێ خواردنەوەمان
کڕیو بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو رەبایانە بدەینەوە
کەبەتەنیشیتیانەوە تێئەپەڕین، ئەم جارەیان بەچاوی
رۆشنا دەرچووین بۆ ئەوەی وەکو جاری پێشوومان
لێ نەیەت، کەس پرسیاری لێنەکردین حاکممان
لەرێگایەکی ترەوە گەڕاندەوە بۆ ئەوەی تووشی
پرسیار لێکردن نەبێت نەمانهێشت تەواو تاریك
دابێت لەگەڵ هاوڕێ عەزیز گەیشتنە بن دارکنارەکە
ئەو ئێوارەیە بایەکی توند هەڵی کرد بای باران بوو



زۆری نەخایاند لەسێ چوار لاوە تارمایی بۆر بۆر
رووی تێکردین‌و ئێمەش هەستاینە سەر پێ کێی
زەلام؟ ئازادەسوورین، بەیەك شادبووینەوە کەهەڤاڵان
(کاك حەمە رەش، کاك عوسمانی حاجی مەحمود،
کاك مەجید دوزی، کاك سەباح شێخ حەمید، کاك
کەریم) بوون هەر ئەوکاتە بیرم لەوە ئەکردەوە
کەچاکە خەڵکی ناسیاویان لەگەڵدا نییە ئێمە
بناسنەوە بە راستی هەست بەلێپرسراوەتی بوو کە
پرسیاری ناوو جێگاو ماوایان لێ نەکردین چونکە
تەحەمولکردنی ئەو جۆرە ژیانە شتێکی ئاسان نییە
بۆیە حەقی خۆم بوو ئەگەری تەسلیم بوونەوەیان لێ
بکەم یان دیل بوون بۆیە داومان لێیان کرد کەخەڵکی
کفریو کەلار لەگەڵ خۆیان نەهێنن بۆسەر مەوعید
دواتریش وتمان نامەی شەخسی چی بنێرن چی
بۆتان بێت ئەیخوێنینەوە دڵگران مەبن، هەقیاندا
پێمان ئینجا نازانم تا چی رادەیەك قایل بوون
بەمەرجەکە ئێمە بەڵام دوای تەسلیم بوونەوەی دوو
پێشمەرگەی خەڵکی دەوروبەر لەمەبەستیان

تێگەیشتین، کاك حەمە رەش پرسیاری کرد هاورێ سوپا لەوەیە جێگایەك شارەزابێت تێیدا بسرەوێین، وتم کاك حەمە رەش ئەو دەواجنە هەیە بەتاڵە نزیك بووینەوە لە دەواجنەکە، سەگێکمان بۆ هات من نانم لە گوێنیەکە بۆ دەرهێناو بۆم ئەهاویشت، کاك حەمە رەش وتی ئەو نانە خەسار مەکە، هەندێ نانی دەرهێناو بۆ سەگەکەی فڕێدا[12] سەگەکە بۆنی پێوە کردو نەیخوارد سەگەکەمان مەشغول کرد، کاك حەمە رەش بەجێمانی هێلا، زۆری پێنەچوو گەڕایەوەو وتی دەواجنەکە ژوورێکی چاکی لێیەو حەرەسو شتی لێ نییە، دوام کەون لەوکاتەدا باران بەلێزمە تێی کرد ژوورەکە چاکبوو دلۆپەی نەئەکرد دووسێ بەتانی تێدا بوو، دوای نان خواردنو چا خواردنەوە دەستکرا بەباسکردنی ژیانو گوزەرانی پارتیزانەکانو دەنگوباسی ناوچەکە، زۆر قسەکرا بەڵام باران هەر بەلێزمە ئەباری، بیستومانە بارانی بەهار تاوێکە ئەبڕێتەوە کەچی کاتژمێر گەیشتە ١٢ هەرباران رانەوەستا، کاتژمێر گەیشتە ٣ی شەو



هەرباران بەتوندی ئەبارێت، کاك عوسمان وتی کاك شێخ بەراستی رۆژمان لێ ئەبێتەوە چاك وایە دەرچین، پێڵاوەکۆنەکانیان گۆڕیو هەرچی بەکارهات لەگەڵ خۆیاندا بردیان، بەو بارانە دەرچوون کەیەك مەتر پێش چاوی خۆیان نەئەبینی، ئێمەش لەژوورەکەدا ماینەوە تا رۆژمان لێ بووەوەو ئەمسەرو ئەوسەرمان ئەکرد خوا بکات باران راوەستێ هەر رانەوەستا ناچار سەعات ٨ی بەیانی بەو بارانە گەڕاینەوە بەرەو کفریو خواخوامان بوو ئاوی باران رێگامان بدات پێشمەرگە بەو بارانە چی بەسەرهات ئەوە خۆی خەمخۆری خۆیەتی.

## بەرنامەی مسۆگەرکردنی ئازوقە

موعاناتی پارتیزانەکان زۆر لەوە گەورەتر بو کەماندووبوونو بەفروباران ڕێگر بێت لەڕێگای بەدەستهێنانی پێویستییەکانی لەئازوقەو جلو بەرگو پێڵاوو شتی تر چونکە دابین کردنی ئەو پێویستییانە بەپلەی یەکەم دێت بۆ هەموو جۆرە خەڵکانێك کەبیانەوێ ببن بەئامرازی تاقیکردنەوەیەکی نوێ لەمێژووی شۆڕشەکانی جیهاندا.

هیچ سەرکردەیەکی سەربازی ناتوانێت هەنگاوێك بنێ، بەرەو ئامانجەکانی ئەگەر بەرنامەیەکی باشی بەردەوامی نەبێت بۆ مسۆگەرکردنی پێویستییەکانی بەتایبەت ئازووقە، بۆیە هەڤاڵان کاك حەمە ڕەشو کاك عوسمانو کاك کوردۆو کاك مەحمود سەنگاوی هەموو جارێك ئەیانگوت هاوڕێ سوپا دوورو نزیکی جێگای مەوعید لای ئێمە گرنگ نییە هەر جێگایەك



مەترسی لەسەر ئێوە کەم دەکاتەوە جێگای مەوعید ببەنە ئەوێ ئێمە ماندووبین ئەوە کێشە نییە گرنگ سەرکەوتنی ئیش‌وکارەکانە.

دیارە تاقیکردنەوەکە نەك تەنها لای پارتیزانەکان شتێکی نوێ بوو بەڵکو هیچ قاموسێك لەدونیادا واتای لەو بابەتەی نەگرتبووە خۆی، ژیان لەناوچەیەکی وێران کراودا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بێ ئەوەی چاوت بەئادەمیزادێك بکەوێت هەرجێگایەك ئاوەدانی تێدا بێت تەل بەند کرابێت بەنوێترین چەکسازی چاودێری کرابێت، ڕێگاوبانەکان بەسەربازگەو دەبابە تەنراوە جگە لەمانەش بەتوانایەکی سەربازیو مادیو پاڵپشتی دەیان کۆپتەرو هەزاران سەرباز بەکێومالْ کردن بست بەبست بەدواتا بگەڕێن بۆ بەدی کردنی بچوکترین نیشانەی ژیانو ئاوەدانی ئەبێت شوێن پێکانت بسڕیتەوەو پیسایەکەت داپۆشیو ولاخەکەت فێرکەی بچێت بەکونەوە وەکو هەموو درندەیەك.

ئەوە ئەگەر برینداریك یان نەخۆشیێکت هەبێ ئەوە ئەبێ دوعای ئیمانی بۆ بکەی چونکە نەخۆشخانەی کونە ئەشکەوتەکانی ئاشداغ دادی نەئەدا، بەڵێ لەسەرەتاوە راهاتن، لەگەڵ ژیانی لەو جۆرە شتێکی ئاسایی نەبوو، بەڵام توانای مرۆڤ بەپلەپلە سنووری پێشمەرگەکان راهاتن لەسەری بەوجۆرە شەوە رۆژێك یەکێك لەپێشمەرگەکان وەکو سوعبەت کردن داوای پارچەیەك قوماشی سووری کردبوو بۆ ئەوەی تێر تەماشای بکات.

بەینی هەر مەوعیدێك بۆ سەردانی پارتیزانەکان هەفتەیەك بۆ ئەم مەسەلەیە چەند هەفتە چەند مانگ چەند ساڵ دەوام دەکات کەسمان نەمانئەزانی لەوەیە بۆ مانگێك لەگەڵی دابین، دواتر دەرفەت نەمێنێت بە هەر هۆیەك ببێت بۆیە ئەبێت ئیستغلال بکرێت بەچاکترین شێوە، ژمارەی پارتیزانەکان بەموعەدەل(٤٠پ.م) کەمتر نەبوون، بەعەلاگەیەك یان دوو عەلاگە شتومەك کاریان ناچێت بەڕێوە لەبەینی ئەو هەموو تەلبەندانەوە دەرچوون کارێکی ئاسان نییە هاتنی



پێشمەرگە بۆ سەر مەوعید بێمەترسیو بێ ماندووبوون نییە بەڵکو پێویستی بە (٢٠) کاتژمێر رێکردن هەیە بۆ هاتن‌و گەڕانەوە لەو ماوەیەدا ئەگەری کەوتنە کەمینەوە هەیە ئەگەری رووبەڕووبوونەوەی کۆپتەر هەیەبۆیە ئەبوایە کارێکی وامان بکردایە بەهای ئەو هەموو ترس‌و ماندووبوونە بوایە.

بۆیە لەدوای یەکەم مەوعید چەند جارێك بەدەستی بەتاڵ بەشار دەرئەچووم بەبیانووی گەشتی بەهارەو بەبیانووی خواردنەوەو لەو دەرچوونانەدا ئەگەڕام بەدوای رێگای گونجاودا، ئەگەڕام بەدوای ئەوەدا کەئەگەری کێشەکانم لەکوێدا بێت‌و چۆنی چارەسەر بکەم چۆن ئەرکەکەم جێبەجێ بکەم بێ ئەوەی زیان بدەم چەند جارێك لەلاداکەم دەرئەچووم‌و پرۆڤەم ئەکرد، لاسایی مەشروب خۆرەکانم ئەکردەوە لەئێوارەی مەوعیدا سەندوقی لاداکەم پڕ ئەکرد لەئازوقەو پێویستی لەپرۆڤەکەدا، چاڵێکم بەدی کردبوو لاداکەم لەنزیك چاڵەکە

رائەگرت‌و سفرەی مەشروبم رائەخست ئەگەر لەدوورەوە بەدووربین چاودێریم بکەن ئەوە مەشروب ئەخۆمەوە لاداکەم بەشێوەیەك رائەگرت رووی لەو شوێنانە نەبوو کەئەگەری چاودێری کردنی تێدا بێت تاوەتاوە سەندوقی سەیارەکەم بەتاڵ ئەکردە ناو چاڵەکەوە دواجار بڕیارم ئەدا جێگەی خۆم‌و سەیارەکەم بگوێزمەوە لەبەر ئەوەی ئەگەری ١٪ هەبوو خەڵکانێك بەو نزیکەدا تێپەڕ بێت‌و بێت بۆ لام سفرەکەم لەجێگای‌یەکی دوور لەچاڵەکە رائەخست خۆم سەرقاڵی ناوکەو شەربەت خواردنەوە ئەکرد هەتاوەکو نزیکەی رۆژئاوابوون. دواجار سەیارەکەم ئەهێنایەوە بۆ ناوشار کەتاریك دائەهات دزەم ئەکردو ئەچووم بۆ لای ئازوقەو کەرەستەکان دوای دڵنیابوون ئەچووم بۆ جێگای دیاریکراو بۆ پێشوازی کردن لە پارتیزانەکان دوای ماوەیەك لەقسەگۆڕینەوەو نامەگۆڕینەوە نانم لەگەڵیانا ئەخوارد ئەبوایە من پێش هەموویان دەستم بکردایە بەنان خواردن ئەوەش داواکاری خۆم بوو،



پارتیزانەکان باریان بار ئەکردو بەرەو جێگاکانیان ئەگەڕانەوە، ئەبێ منیش بگەڕێمەوە بۆ ناوشار بەهەر شێوەیەك بێت ئەبێ لەبەینی دوو رەبایەوە خۆم بکەم بەشاردا، لەناو شارەوە چەندین بلاجکتۆر روی کردبووە دەرەوەی شار پێش ئەوەی بگەینە نزیك رەبایەکان بەروناکی بلاجیکتۆرەکان هەموو شت بەئاسانی دەبینرا بەناچاری نزیکەی ١٠٠ مەترم بەزەحف ئەبڕی دیارە ئەو زەحف کردنەی من لەترسابوو، رەنگە وەکو سوپا نەئەترسام بەڵام سوپا ئەو کاتە موڵکی خۆی نەبوو موڵکی شۆڕش بوو لەوەیە بۆ تیاچوونی سوپا کەلێنێك دورست بوایە بەئاسانی پڕنەکرایەتەوە، لەوە پارتیزانەکان‌و رێکخستنەکان تووشی گیروگرفت بونایە بەڵام ئەو ترسە دیارە تەحەدای دوژمنان بوو.

## نەمانی بەڵگەی گەشتو گوزار

بەهاری گەرمیان کورتەو لەهەر بوارێکا کاریکەی ئەبێت رۆژ لەدوای رۆژ قاڵتر بیت تیایدا بۆیە بیرم لەوە ئەکردەوە پێش تەواوبوونی بەهار گەشە بدەمە شێوازی کارەکانم چونکە بەنەمانی بەهار بیانوی گەشتوگوزارم نامێنێت، لەو ماوەیەدا هەندێ گیروگرفتم بۆ دروست بوو لەوانە رۆژێك شوانێك بەمێگەلەکەیەوە روی تێکردم، ئازوقەو کەرەستەکان لەچاڵێکدا بوون بەلادایەکەم روی مێگەلەکەم گۆڕیو بۆ جێگایەکی دوور لەچاڵەکە لاداکەم راگرت بۆ ئەوەی سەرنجی شوانەکە راکێشم بۆلای خۆم، بەشوانەکەم وت حەز لەڕاوە سوێسك ئەکەم لەم دەورە سوێسك لەکوێ هەیە بەم شێوەیە شوانەکەم گێلکرد جارێکیتر ئازوقەو شتو مەکەکانم لەچەمێکی قوڵدا بەتاڵ کرد، زەرعاتێك هەبوو لەو نزیکە دوومنداڵی لێ بوو چووبوونە سەر چەرداخی زەرعاتەکە چاودێرییان ئەکردم دوایی لێیان نزیك



بوومەوە وەکی راوچی خۆم پیشاندا، هەر لەو ماوەیەدا کاتێد ئەچووم بۆ پێشوازی پارتیزانەکان جۆرە باڵندەیەك هەبوو پێی ئەلێین (قیقی داودە) بەو شەوە بەکۆمەڵ نزیك ئەبوونەوە بەسەرمداو ئەیانقیڕان، هەر کەسێك چاودێری بکات ئەوە ئەزانێ ئەو باڵندانە چاویان بەشتی غەریب کەوتووە، ئەگەری ئەوە هەبوو لەرەبایەکانەوە دەستڕێژ بکەن لەو دەوروبەرە، بۆیە ئێستا لەو باڵندانە ببینم تەقەیان لێ ئەکەم چونکە رۆڵی جاسوسیان ئەبینی گژوگیا زەردهەڵئەگەڕا، ئەبێت کارەکانم گەشەکردنی پێوە دیار بێت بیرم چوو بۆلای ئەو دەواجنەی کەپێشتر باسم کردووە ئەگەر بتوانم خاوەنەکەی قایل بکەم کارەکانم زۆر ئاسان ئەبێتەوە رۆژانە ئەتوانم چەند جارێك لەشار دەرچم بەو بیانووەوەو حاکم نوری علاقەی باشی هەبوو لەگەڵ خاوەن دەواجنەکە کەباسم کرد پێی باش بوو دواتر ئاگادارمی کردەوە کەئەیدەن بەکرێ، لەگەڵ حاکمو هاوڕێ عەزیز رێککەوتین لەگەڵیا منو حاکم هەریەکەو ١٠٠ دینار کرا بەخاترمان هاورێیانی رێکخراوی سلێمانی پێیان

باش بوو وە کارەکانیان بۆ ئاسان کردینەوەلە جوجکە تەسجیلکردن هەتاوەکو ڕێنمایی و ئاڵف و هەموو شتێکی تر بەو شێوەیە بیانوومان دەستکەوت، ڕۆژانە چەند جارێك لەشار دەردەچووین بەسەیارەوە جۆرە پەیوەندییەکمان لەگەڵ ڕەبایەکانی ڕێگاکەمان دروستکرد میوەو خواردن و مریشکمان ئەدانێ لەو ڕێگایەوە هەفتەی لای کەم ٣٠٠ کگم ئازوقەو کەرەسەمان ئەگەیاندە پارتیزانەکان، ئەوە نیسانی ١٩٨٩ بوو دیارە دەواجنەکە تەنها بیانووی هاتوچۆکردن بوو بەڵام جێگای مەوعید نەبوو بەو شێوەیە نزیکەی ٥ مانگمان بردە سەر ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە کارەکانمان لەو ٥ مانگەدا ١٠٠٪ بێ گیروگرفت ئەچوو بەڕێوە بەڵام ڕێکخراوی سلێمانی زۆر جارجەختیان لەوە ئەکردەوە کەهیچ ئەوەلیات لای خۆمان نەهێڵینەوە بۆیە نەمانتوانیوە ئەو گیروگرفتانە وەکو بیرەوەری ڕۆژانە بنووسینەوە بەبەرواری کاتژمێرو وردەکارییەکانەوە بۆیە بیرەوەرییەکانمان ئیعتماد ئەکاتە سەر ئەوانەی لەیادمان ماوە زۆر جاریش پاش و پێش ئەکەون.



## کارەساتەکەی کاك ئازادی سەرگرمە

ماڵی هاوڕێ سامی لەپەڕی شارەوە بوو کاتێك هاوکاری پارتیزانەکان بەسەرپەرشتی ئەو کرا لەتشرینی یەکەمی ١٩٨٨دا نامەیەك گەیشتە دەستی سەبارەت بەکارەساتەکەی کاك ئازادی سەرگرمەو هەڤاڵەکانی کەلەکاتی گوێزانەوەی کەرەسەو کەلوپەلەکانیاندا لەجێگایەکەوە بۆ جێگایەکی گونجاوتر، کەشف ئەبن لەلایەن فڕۆکەکانی بەعسەوە بەخەستی بۆردومان ئەکرێن بەپەڕەشوت بۆیان دائەبەزن بەداخەوە چەند پێشمەرگەیەکی قارەمان شەهید ئەبن و هەندێکیان بریندار ئەبن لەوانە ئازادی سەرگرمە کەسەرکردەی دەستەی پارتیزانەکان بوو کەبەخەستی بریندار بووبوو شێوەی ڕزگارکردنەکەی زۆر جێگای سەرسوڕمان بوو لەوکاتانەدا پیشمەرگەکان بەپەلە نامەیەکیان گەیاندبووە هاوڕێ سامی بۆ ئەوەی

بەپەلە فریای کاك ئازاد بکەون چونکە ژیانی لەمەترسیدا بوو هاوڕێ سامی ڕۆیشتبوو لەشارەزوور نامەیەکی بۆ هاوڕێ (بەهجەت) بەجێهێشتبوو بۆ ئەوەی بەپەلە بگاتە لای بۆ کارێکی زۆر پێویست، هاوڕێ بەهجەت ئەو شەوە نەگەڕابووەوە بۆ ماڵ ئێوارەی دواتر نامەکەی پێدرابوو ئەویش بۆ ڕۆژی دواتر بە کۆستەرەکەی هاتبوو بەرەو لای هاوڕێ سامی لەدەربەندیخان خۆی و کۆستەرەکەی بەسوغرە گیرابوو بۆیە نەیتوانی بچێت بەدەنگی نامەکەی هاوڕێ سامییەوە، پارتیزانەکان جارێکی‌تر هاوڕێ سامییان ئاگادارکردەوە لەو ماوەیەدا بۆ چەند جارێك لەڕێگەی ئێستگەوە بانگەوازیان بڵاوکردەوە بەم شێوەیە، (بەزوترین کات فریای باوکی تایلان کەون) هاوڕێیانی ڕێکخراوی سلێمانی گوێیان لەم بانگەوازە بووبوو هەستیان بەشتێك کردبوو بەپرسیارکردن بۆیان دەرکەتبوو کاك ئازاد کچێکی هەیە بەناوی تیلان بۆیە بێ‌ئەوەی ئاگایان لەوەزعی



کاك ئازاد بێت دکتۆرێك و کۆمەڵێك دەرمانیان گەیاندبووە پەناگای پارتیزانەکان دکتۆرەکەیان شێخ صدیق (شاهۆ) معاون طبی لای کاك ئازاد بەجێهێشتبوو لەو ماوەیەدا منیش کارتۆنێك دەرمان و کەرەستەی (ئیسعاف ئەوەلی)م ڕەوانەیان کردو فایل و مستەمسەکاتی رسمیم دا بەهاوڕێیان بۆ ئەوەی سودی لێوەربگرن بۆ گواستنەوەی کاك ئازاد بۆ بەغدا چونکە ڕێکخراوی سلێمانیی بڕیاریان دابوو بیگوێزانەوە بۆ بەعدا،کاك ئازاد بەدارەمەیت گەیەنراوە (ئاوەخوێڕی) لای پێواز لەوێوە بۆ بەغدا بۆ لای دکتۆری ئەهلی چارەسەرکرا دواجار بەڕێگایەکی تایبەت گەیەنرایەوە سنووری دەسەڵاتی شۆڕش دواتر بۆ هەندەران بۆ چارەسەرکردنی باشتر دوابەدوای ئەوە ڕێکخراوی سلێمانی بڕیاری تەجمیدکردنی هاوڕێ سامییان دا من رام نەبوو لەسەر ئەوە بڕیارە چونکە ئەگەر هاوڕێ بەهجەت بەسوغرە نەبرایە هاوڕێ سامی بێ تاوان ئەبوو، هاوڕێ بەهجەت ئەیگوت لەنامەکەی هاوڕێ سامیدا

نوسراوە بۆ کاری زۆر پێویست بگەرە لام بەپەلە، لەوەیە من چەند نامەیەکم بۆ هاتبێت بەهەمان شێوە یەکێك لەو داواکارییانەم بەپێویست تر زانیبێت ئەیگوت کەمتەرخەمییەکەی هاوڕێ سامی ئەوەیە بۆ لەنامەکەیدا باسی کارەساتەکەی نەکردووە بۆ ئەوەی من زیاتر بەپەرۆشی بم هەر چەندە کارەساتەکەی کاك ئازادی سەرگرمەو هەڤالانی رۆڵی سلبیان هەبوو لەسەر ورەو دەروونی پارتیزانەکان بەلام لەهەمانکاتدا رۆڵی ئیجابی هەبوو بۆ ئەوەی پارتیزانەکان خۆیان لەخۆبایی بوون بپارێزن و پەیرەوی هەموو وردەکارییەکان بکەن و سود لەتاقیکردنەوەکانی دنیا وەرگرن بۆ ئەوەی جارێکی تر تووشی کارەساتی لەو بابەتە نەبن، کاك ئازاد کاتی خۆی بەگڕوتینەوە شانی دابووە بەر جێبەجێکردنی ئەو تاقیکردنەوەیە هەر بۆیە بەپەرۆش بوو بۆ ئەوەی هەموو کاتێك دەنگو باسی هەڤالە پارتیزانەکان بزانێت لەرێگای بێتەلەوە (لاسلکی).



## گواستنەوەی سەرکەوت بۆ سلێمانی

سەرکەوت یەکێك بوو لەو پێشمەرگانەی کەلەگەڵ کاك ئازادی سەگرمەدا بریندار بوو لەپایزی ١٩٨٨دا لەوە ئەچوو کە برینداریەکەی سەخت نەبووبێت ئەو جارەیان بەڵام لەمەوعیدێکدا لەبەهاری ١٩٨٩ کاك عوسمانی حاجی مەحمود وتی هاوڕێ سوپا سەرکەوت لەشاخ کەوتۆتە خوارەوەو هەردوو دەستو هەردوو قاچی شکاوە یان دەرچووە لەکونە شاخێك دامان ناوە لەوەیە کرم لێیدا لەوەماوەیەدا کێومالێکی سەختمان لەسەرە یان ئەبێت هەمووومان بەدەوریا بکوژرێین یان لەکونە شاخەکاندا بەجێی بهێڵین بمرێت وتی ئەگەر بتوانن بۆمانی چارەسەر بکەن ئەوا کارێکی زۆر باشە لەو کاتەدا بیرم چوو بۆ لای مامۆستا یاسین لە سلێمانی دائەنیشێت بەئەسڵ خەڵکی گەرمیانە رەفیقایەتی باشم هەیە لەگەڵیا هەندێ جار باسی کاك ئازادی لام کردبوو

دیاره جۆره خزمایەتی‌یەکان هەیە لەگەڵ کاك ئازاددا بۆیە وتم کاك عوسمان بۆ مەوعیدی داهاتوو نەتیجەت ئەدەمێ پرسیاری سەرکەوتم کرد لەماموٚستا یاسین ئەیناسییەوە براکانیشی ئەناسی وتم باسی حاڵی سەرکەوتیان بۆ بکە ئەگەر قبوڵی ئەکەن ئەیهێنمەوە بۆیان بۆ سلێمانی وەڵامەکەیان باش بوو لەمەوعیدا وتم کاك عوسمان بیهێنەوە چارەسەری ئەکەین دیارە هێنانەوەی جەنازەیەك بەدارە مەیت و ولاخ کێشەیەکی ئاسان نییەو ماندووبوونێکی لەڕادەبەدەری ئەوێت چونکە رێگا سەعات و دووسەعات نییە رێگا بەدەست بەتاڵی حەوت سەعات ئەبێت (لادا) کەم کەڵکی کاری لەوبابەتەی پێوە نەبوو ماموٚستا یاسین بۆ رۆژی مەوعید ئامادەبوو لەکفری سەیارەیەکمان پەیداکرد ئەوشەوە هاوڕێ ئەنوەر کارێزیمان لەجێگای مەوعید بەجێ هێلا بۆ ئەوەی لای سەرکەوت بمێنێتەوە تاوەکو بەیانی بیگوێزینەوە پێش رۆژکەوتن گەیشتمە شوێنی دیاریکراو هاوڕێ ئەنوەر لەسەرما



ببووە پرچنگێك لەچاڵێکەوە سەری بەرزکردەوەو وتی سەرکەوتیان نەهێناوە، کاك عوسمان وتبوی هاوڕێ سوپا زۆر بەگەرمییەوە نەیوتووە بیهێنەوە وامان زانی گاڵتە ئەکات هاوڕی ئەنوەر ئازوقەو کەرەستەکانی تەسلیمی پارتیزانەکان کردبوو لەمەوعیدی دواتردا وتم کاك عوسمان بیهێنەوە ئەم جارەیان زۆر غەمی سەیارە پەیداکردن دامی گرتبوو رێکەوتێکی سەیر بوو عەبدوڵڵای پوورزام بەسەیارەیەکەوە تێپەڕی عەبدوڵلا سەرباز بوو بەموڵەت هاتبووەوە لەماوەی موڵەتەکەیدا تەکسی بەسەیارەکەی ئەکرد چووە گەراجەوە بەدوایدا رۆیشتم خۆمم لێ گێل کرد بەتەنیشت ئەوەوە موعامەلەم لەگەڵ شوفێرەکان کرد گوایە برادەرێکم لەکەلارەوە باوکی لەسلێمانی عەمەلیات ئەکا لەپڕ روم وەرچەرخان عەبدوڵلام بینی دەست موچانمان کردو وتی خێرە وتم مەسەلەیەکی وام هەیە سەیارەکەی تۆش بەکەڵکمان نایەت چونکە ئێمە پێنج کەسین و بەرازیلی لە چوار کەس زیاتر ناگرێت

دواجار هەر خۆم وتم بۆ خۆم سەیارەکە نەبەم تۆیش سبەینێ بۆخۆت ئیسراحەت بکە، وتی وەڵا هەزار جار سەد ئیشی ناو ماڵم هەیە سبەینێ ئەنجامی ئەدەم دەباشە بابتگەیەنمە ماڵ سەیارەکە لای خۆم بێت چونکە سبەینێ زۆر زوو دەرئەچم بەم شێوەیە بووم بەخاوەنی سەیارە ئازووقەو کەرەستەکانم لەگەڵ هاوڕێ عەزیز گەیاندە جێگای مەوعید.

ئەم جارەیان ئەبێت کارەکە ئەنجام بدەین ئەگەر قەدەر نەبێت دوای مەلا بانگدان لەخەو هەڵسام سەیارەکەم گەرم کردو مامۆستا یاسینم ئاگادار کردەوە پێش خۆر کەوتن بەنیو سەعات کەوتمە ڕێ ئەوکاتە زۆر چاکە دوا حەرەسی ڕەبایە ئەخەوێت لەهەر ڕێگایەکەوە دەرچم لەشار ئەبێت لەڕێگایەکی ترەوە بگەڕێمەوە چونکە ئەگەری ئەوە هەیە حەرەسی ڕەبایەکان پرسیار بکەن خێر بوو بەم بەیانییە زووە ڕۆیشتینو گەڕاینەوە بەتەنیشت ڕەبایەکەدا تێپەڕیم سەیارەکەم خستبووە بۆش بۆ ئەوەی دەنگی نەیەت کەس پرسیاری نەکرد



کەسیشم نەبینی دیارە خەوتبوون گەیشتمە شوێنی مەوعید هاوڕێ عەزیز هەڵسایە سەر پێ جەنازەکەمان بارکرد بە (آیة الکرسي) خوێندن ناوی خوامان هێنا ئۆخەی لەڕەبایەکە تێپەڕینو هاتینە ناوشارەوە جلی پاكو بەڵگەی خەستەخانەی سەربازی ئامادەکرابوو بۆ سەرکەوت، مامۆستا یاسین مان بۆ دەلیلی ناوشاری سلێمانی بوو هەموو کارەکان چاکە (آیة الکرسي و قل هو الله) بەردەوامەدامان لەیەکەم پرسگا لەکفری دەرچووین هەتاوەکو دەربەندیخان بەچەندین پرسگا تێپەڕین کەس پرسیاری نەکرد لەتونێلەکەی دەربەندیخان سەرودڵیان گرتین پێش هەموو کەس داوای ئیجازەی سەرکەوتیان کرد من پێکەنیم وتی بۆ پێئەکەنی وتم برام تۆبۆ داوای پێناسەی ئێمە ناکەی ئەو برادەرە معوق قادسیەیە هەردوو دەستو قاچی شەلە کەئیجازەی سەرکەوتم پیشاندا تەماشای ئیجازەکەی کرد عەیبی نەبوو وتی بفەرموو هەتاوەکو گەیشتینە سلێمانی گیروگرفتمان نەبوو، مامۆستا یاسین وتی

لەناوشار ئەبێت جادە گشتییەکان نەگرین چونکە ئەگەری حەملەی پشکنین هەیە بۆیە بەجادەی لابەلادا ڕۆیشیتن بۆ ماڵی دیاریکراو، مامۆستا یاسین پێش ئەوەی بگەینە پیش دەرگا لەسەیارەکە دابەزیو دەرگای حەوشی بۆ کردینەوە چوینە ژوورەوە سەرکەوتمان لەجێگاکەی بەسەلامەتی داناو گەڕاینەوە.



## گواستنەوەی تەهای برای کاک ئازادی سەگرمە بۆ سلێمانی

دیارە ( سرية التموين والنقل)ی شۆڕش لەدوای ئەنفالە بەدناوەکان تەنها لاداکەی من و گوێ لەق[١٤] بوو ئەو سەدان کیلۆمەترەی ترە تەنها لەپێ ئەبڕا بۆیە منیش فریای ئەدیداس کڕین نەئەکەوتم، کاک عوسمان وتی هاوڕێ سوپا ئەوە وەزعی ئێمەیە تەهای برای کاک ئازاد یەکێکە لەبریندارەکانی ئەو کارەساتەو بەرگەی ئەو ڕێکردنە زۆرە ناگرێت هەر کە دوو سەعات زیاتر ڕێ بکات پێویستی بەحەسانەوە هەیە، ڕەنگە بارودۆخێکی وابێتە پێشەوە تەها کاسبیەکەمان ڕەزیل بکات ئەگەر بتوانن بیگەیەنینە سلێمانی کاک ئازادیش پێی چاك ئەبێت چونکە ئاگادارە لەشلۆقی وەزعی تەها.

جێبەجێکردنی ئەو داواکارییە ئەرکێکی گران نەبوو چونکە هەرکە ڕۆژ بووەوە بەپێ بەفشقیات

هاتینە ناو شارۆچکەی کفرییەوە پسولەی ڕێگاوبانو جلوبەرگی گونجاومان دابینکردبوو سەرکەوتین بۆ کەلار پێم چاك بوو بۆ دڵنیایی هاوڕێ (ئەحمەد شەوکەت) لەگەڵیا بنێرم بۆ سلێمانی بۆ ئەو مەبەستە تەهام بەتەنها بەجێهێشت، کەگەڕامەوە بۆ لای تەنها ناسراوی لەشارەزوور بەرەو خوار تووش بوو بوو ڕێککەتبوون لەسەر وەڵامی ( بۆ ٣ مانگ تەسلیم بوومەتەوە ئێستا لەبەغدا کارئەکەم) تەها گەیشتبووە جێگای مەبەستو وتبووی سەر تاشراوێك دەرمی کردووە، لەوکاتەدا لەبەر مەوعیدەکان غاییبیم لێ دابوو لەسەربازی بۆیە سزا درابووم.

- **تایبەتمەندی:**

وەکو ئەوەی هەر ماڵێك یان هەر خێزانێك مافی ئەوەی هەبێت تایبەتمەندیو نهێنی خۆی بپارێزێت ئێمەش نەك هەر ئەو مافەمان بەزیادیشەوە هەبوو بەڵکو لەبەکارهێنانی ئەو مافەدا زۆر بەوردەکاریو ئاگادارییەوە ئەجولاینەوە چونکە هەڵەکردن



لەکارەکاندا وەکو هەڵەکردن بووە لەبەکارهێنانی میندا.

وا ئەزانم هەستکردن بەمەسئولیەت بەشێکی گرنگی ڕەوشتی شۆڕشگێڕانەیە بۆیە کاتێك کە کاك عوسمان وتی: پەیوەندیت چۆنە لەگەڵ خەلیل کارێزیدا؟ (لەو پرسیارە تێگەیشتم کە کاك عوسمان وەك ناو ئەمناسێت بۆیە پێویست ناکات خۆم گێل بکەم، بەڵام کاك عوسمان هەر چۆنێك ناسیبێتمی هۆکەی هەست نەکردنە بەمەسئولیەت) بۆیە دوای چەند چرکەیەك وتم: پەیوەندیم زۆر باشە لەگەڵیدا، وتی حەز ئەکەم چاوم بکەوێت بەهاوڕێ خەلیل.

لەمەوعیدی داهاتوودا هاوڕێی ناوبراوم لەجێگایەك دانا نەمبرد بۆ جێگای مەوعیدی خۆمان حەزم نەکرد هەتا خەلیلیش جێگای مەوعیدو ڕێگای هاتوچۆی پارتیزانەکان بزانێت چونکە هەموو شتێك بەپێی پێویست ئاشکرا ئەکرا (هەر چەندە هاوڕێ خەلیل لێپرسراوی یەکێك لەشانە تایبەتییەکان

کەپێکهاتبوون لە هاوڕێیان خەلیل کارێزی و مامۆستا کەریم عەزیزو کاک خەلیل ئیبراهیم بەلەگەیی و عەلی جاسم ئیبراهیم و رزگار ئیسماعیل محەمەد کارەکانیان تایبەت و نهێنی بوو.

لەگەڵ کاک عوسمان کارەکانمان وەك پێویست تەواو بوو ئازووقەو کەرەستەکانمان لەگەڵ پیشمەرگەکاندا بەرێخست و ناونیشانی جێگاکەی خەلیلم دا بە کاک عوسمان دواتر بە لاداکەم چووم بەدوای خەلیل دا گێڕامەوە ناوشار، لەگەڵ کاک عوسمان چۆن پێکهاتبوون لارییمان نەبوو.



## کارەساتەکەی سەید محەمەد سەید محێدین

هەر چەندە قالە سایەق بەناو رەفیق حزبی بوو کەچی کاتێك کوژرا دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو لەبەرئەوەی کورد بوو لەلایەکی ترەوە رۆڵی کاریگەری نەبوو وەکو پیاوێکی بەعسی بەڵام کوشتنەکەی سەرتای پیلانێك بوو کە شەهید سەید محەمەدی تیاچوو، هەرچەندە ئەوکاتە هەموو خەڵکی بەخۆشمەوە بێ ئاگا بووین لەو ماڵوێرانییە، کوشتنی قالە سایەق مەرجی رێکەوتنی نێوان جوامێر قالە جاف و سەیدی رەحمەتی بوو، گوایە جوامێر رەفیق حزبیەك بکوژێت دوای ئەوجا سەید بڕوای پێ بکات و بێتە شارەوەو لەماڵی جوامێر بمێنێتەوە.

دیارە پیلانەکەی جوامێر بەکوشتنی قالە سەرکەوت کوشتنی قالە سایەق بەئاگاداری حاجی عەبد بوو هەواڵدانەکەیان بۆ ئاشکراکردنی هەموو

نهێنییەکانی پارتیزانەکان بوو بەهەموو هێڵو پەیوەندییەکانەوە، سەید قوربانیدا بەگیانی خۆی لەپێناو پەرەسەندنی شۆڕشدا لەناو شارەکانەوە بەدروستکردنی مەفرەزەی چەکدار لەپێشمەرگە گۆنەکانو ئەو هێلانەی کاتیخۆی پەیوەندییان پێوەیانەوە بووە بۆ ئەوەی مەفرەزەکان (س.ر.ك)یان لێ دروست بکات یان بەواتایەکی تر شۆڕشی چەکداری بهێنێتە ناو شارەکانەوە بۆیە لەو ماوەیەدا داوای کردبوو هاوڕێیانی ڕێکخستنی ناوشار سەری لێ بدەن من بۆ خۆم پیم چاك نەبوو سەری لێبدەم لەگەڵ ئەوەشدا نەبووم کەس سەری لێبداتو دواجار کەبینم هاوڕێیان سوورن لەسەر سەردانی سەید وتم پرسی ڕێکخراوی سلێمانی بکەن نازانم ڕێکخراو رای لەسەر ئەو سەردانە هەبوو یان نا، بەهەر حاڵ هاوڕێ عەزیز سەری لێدا بەسەید وتبوو چۆن باوەڕ ئەکەی بەم خۆفرۆشەو وتبووی گوێی مەدەرێ کەری خۆمە دیارە بەکوشتنەکەی قالە سایەق پشت ئەستوور ببوو ئەوەی دواجار پێمزانی ناردبووی بەدوای



عومەر حەمە تۆفیق خەڵکی سەرقەڵا بەدوای یەکێکی تردا ناردبووی، ئەوە جوامێرو سەیدو ئەو کەسە ئەیانزانی بەڵام دوای جێبەجێ کردنی تەواوی بەرنامەکەیان سەید گیراو وەکو دواجار ئاگاداربووین هاوڕێ سەید ئەوپەڕی خۆڕاگری پیشاندابوو بەرامبەر ئەشکەنجەو ئازاری دڕندانەی جەندرمەکانی ئەمنو ئیستخباراتی بەعسی بچوکترین سوودیان لێ وەرنەگرتبوو بۆیە شەهیدیان کردو گەیشتە کاروانی شەهیدان.

کاتێك پیلانەکە بەسەر سەیدا جێبەجێکرا هاوڕێ کەریم پێشمەرگەی پارتیزان بوو لەگەڵ سەید بوو جۆرە خزمایەتیەکەی هەبوو لەگەڵ جوامێر قالە جافدا هاوڕێ کەریم تەسلیمی ئیستخبارات نەکرا چونکە پێویستیان پێی بوو بۆ بەشێکی تری پیلانەکە بۆ ئەو مەبەستە شانۆگەرییەکیان بەرپارکرد، بەوەی لەرەبایەکی نزیك کەلار شەوی جێبەجێکردنی پیلانەکە دەیان دەسترێژ بەهەموو جۆرە چەکێك کرا گوایە سەید ویستوویەتی

بگەڕێتەوە بۆ لای پارتیزانەکان لەڕێگا کەوتۆتە کەمینەوەو شەهیدبووە یان ئەسیر بووە و کاک کەریم رزگاری بوو، کەریم بەو مەرجە بەردراوە بەم شێوەیە روداوەکە بگێڕێتەوە لای پارتیزانەکان بۆ ئەوەی پیلانەکە بەردەوام بێت وار یکەوت ئەو ئێوارەیە مەوعیدم هەبوو لەگەڵ پارتیزانەکان کاک عوسمان وتی هاوڕێ سوپا بێ تاقەت دیاری، وتم کاک عوسمان خەبەری سەید ئەزانن وتیان نەوەڵلا وتم کاک کەریم دێتەوە بۆ لاتان ئەگەر ڕوداوەکەی وەکو ئەوەی بۆتانم گێڕایەوە باسی کرد ئەوە کەریم بێ تاوانە، بەپێچەوانەوە خائینە دیارە هاوڕێ کەریم زۆر راستگۆیانە باسی رووداوەکەی کردبوو عومەری حەمە تۆفیق هەر چەندە خەزووری جوامێر بوو وەخاڵی منداڵەکانی بوو بەڵام بەدەستو پێ ماچکردنێکی زۆر رزگاری بوو جگە لەوەی سێ مانگ ئیختیفای کردو (١٥) هەزار دیناری ئەو کاتەی دا بەرامبەر ئەوەی جوامێر تەسلیمی ئیستخباراتی نەکا.



## هێڵەکەی سەرقەڵا

ئیش‌وکارەکانمان وەکو پێویست ئەچوو بەڕێوەو وەکو ئەڵێین ماڵی زیادە سەر ناشکێنێت کاک عوسمان وتی هاوڕێ سوپا کەس ناناسی لەسەرقەڵا، وتم کەسێك ناناسم هەڵسوکەوتم هەبێت لەگەڵیا یان پەیوەندی حزبی، ماڵی مەلا رەشید ئەناسم بەڵام هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو ماڵەدا لەسەرم ئەکەوێت چونکە دوو کوڕی پێشمەرگەیە ماڵی محەمەد ئەمین شەربەت ئەناسم کاتی خۆی لەتەپە سپی بوون ئێستا هاتوونەتە سەر قەڵا هەڵسوکەوتمان لەگەڵیان باشەو جێگای متمانەن کاك عوسمان وتی هێڵێکمان هەیە لەسەر قەڵا ئەگەر گرێیان بدەی بەخۆتەوە خراپ نییە، سەردانی ماڵی کاك حەمە ئەمینم کرد لەگەڵ محەمەدی کوڕی باسی مەسەلەکەمان کرد پێی باش بوو یارمەتی شەهیدانەمان هەبوو بۆ چەندمانگێك لەصمود خستیە ئەستۆی ماوەیەکی دواتر تووشی کێشەیەك هاتبوو وتی ئەم کارەم پێ ناکرێت دواتر کارەکەمان سپاردە کاك حەمە ئەمین،

جارێك هاوڕێ محەمەدم نارد بۆ سەر مەوعید دنیا
پاییز بوو کاتو شوێنی مەوعیدەکە ئاڵۆزی تێدابوو
هەتاوەکو دوای نیوەشەو چاوەڕوانی کردبوو بەڵام
بێ هودە بوو، بەیانی زووهاتەوە سەرما پەریشانی
کردبوو کاك فایەق حاجی حەسەن یەکێك بوو
لەئەندامانی هێڵی سەرقەڵا جارێك پێکەوە بەسەیارە
چوین بۆ سەر مەوعید گیرگرفتمان نەبوو دواتر
ئێوارانێك خۆی کرد بەماڵا لەکفری وتم خێرە وتی
لێمان قەوماوە فریامان کەوە وتم چییە پێم بڵێ وتی
کاك مەلا رەحیمو کاك شوکر قەرەبلاخی پێشمەرگەن
بەمیوانی هاتوونەوە لەماڵی مەلا رەشیدن ئەیانەوێت
لەسەر قەڵا دەرچن بەڵام هەموو دەوروبەری سەر قەڵا
کەمینە بەڵکو فریامان کەوی، وتم هاوڕێکەم چۆن
ئەزانی دەوروبەری سەر قەڵا هەمووی کەمینە، تۆ
وائەزانی من دەبابەم، پێم بڵێ ئیستا هاتی بۆ ئێرە
کەس ڕێی پێ گرتی وتی نەخێر، وتم خۆت
کەمینەکەت بینی وتی نەخێر وتم سەرکەوە، چوینە
ناو سەرقەڵاوە هیچ کەس ڕێی پێ نەگرتین چوینە
ماڵی فایەق وتم بڕۆ ئاگاداریان کەرەوە خۆیان ئامادە
بکەن ئێستا دەریان ئەکەم بەسەیارەکەوە چوومە



پێش ماڵی مەلا رەشید بەکسەر سەرکەوتن لەسەر
قەڵا دەرچووین ئەوجا وتم بەخێربێن لەجێگایەکی
گونجاو دابەزینو ملی ڕێگای خۆیان گرت نەمزانی
کەمینەکان چییان بەسەرهات هێڵەکەی سەرقەڵا
بریتیی بوو لەم هەڤاڵانە( کاك محەمەد ئەمین
شەربەت، کاك محەمەدی کوڕی، فایەق حاجی
حەسەن، تەهای مەلا رەشید، نازم محەمەد سلێمان)
ئێوارەیەکی تر کاك فایەق خۆی کرد بەژورا پیاوێکی
بەتەمەنی لەگەڵدا بوو بۆم دەرکەوت ئەم پیاوە حاجی
مەحمودە باوکی کاك عوسمان ئەیەوێت لەمەوعیدێکا
چاوی بکەوێت بەکاك عوسمان هەرچەندە ئەو بێ
ئیلتیزامییەم لا چاك نەبوو بەڵام تازە کار لەکار
ترازابوو، لەمەوعیدێکا کاك حاجیم برد بۆلای کاك
عوسمان بەیەك شاد بوونەوە چەند جارێکی تر
سەری دا لەکاك عوسمان، جارێکیان لەگەڵ کاك
عوسمان ڕێککەوتنین کەعومەری کوڕی بهێنێت بۆ
ئەوەی لەگەڵ کاك عوسمانو پارتیزانەکاندا
بمێنێتەوە، بەڵام زۆر مەخابن مام حاجیو عومەر
لەراپەرینەکەدا شەهیدن بوو رەحمەت لەگۆڕیان.

## کڕینی پێویستیو کەرەستەکان بێ مەترسی نەبوون

تەنهاچون بۆ سەر مەوعید لەشار دەرچوون مەترسی لەسەرمان دروست نەئەکرد، بەڵکو کڕینی پێویستییەکان هیچ لەوی‌تر کەمتر نەبوو بۆ هەرمەوعیدێك بردنی برنج لەو شتانەبوو کەلەهەموو مەوعیدێکا دووپات ئەبۆوە، ئەبوایە بۆ هەر مەوعیدێك ۲۰۰ ککگم برنجمان ببردایە، بەینی مەوعیدەکان هەفتەیەك بوو لەشارێکی بچوکدا، هەموو هەفتەیەك ۲۰۰ گکم برنج بکربت ئەتخاتە ژێر رەحمەتی چاودێرانەوە تووشی پرسیارو وەڵام ئەبیت، ئەبێت لەشارێکی ترەوە ئەو بڕە برنجە بهێنن بۆ کفری بۆیە زۆرجار پەنام ئەبردە بەر کەریمی برام بۆ ئەوەی هەندێك لەپێویستییەکانم بۆ ئامادە بکات لەدوکانی کەسانێك پێویستییەکانم ئەکڕی پێویستی بەوە نەبوو بزانێت بۆ چیمانە هەندێ جار



پرسیاریان بکردایە ئەمگوت رەفیقێکم لەکەلار چێشتخانەی هەیە زۆر جار وەکو پێویست برنج لەکەلار دەست ناکەوێت.

کێشەم تەنها کڕینی برنح نەبوو کێشەی کڕینی ئەدیداس زۆر لەوە خراپتر بوو هەرماوەی جارێك پێویستم بە ۲۰-۳۰ جووت پێلاوی ئەدیداس هەبوو هەریەکەو بەژمارەیەك ئەبوایە ئەدیداس فرۆشەکەم بناسیایە جێگای متمانە بوایە بۆ ئەوەی ئەگەر پرسیار بکات بڵێم دوکانی وەرزشکاریم هەیە لەدوز، ئەمە جگە لە جلی کوردی بەمۆدیلی کەتافییەوە هەریەکەو بەقەدەری (قیاس) تایبەتییەوە ئێوەخۆتان وەڵامی بەرگدروو بدەنەوە کەپرسیارکات بۆ چییتە؟ موشکیلەم ئەوە بوو هەموو شتێك ئەبێ بەکۆمەڵ بکررێت پەنیرو موعەلەبات و کراس و گۆرەوی و .. هتد، ئەبوایە بەردەوام خەریکی شتکڕین بومایە زۆرجار شتەکان لەکفری دەست نەئەکەوتن واپێویستی ئەکرد ئەدیداس و جل و بەرگ لەکەلار پەیدابکەم چونکە درۆ لەکفری نەیدەخوارد، موعەلەبات زۆر جار لەکفری و کەلار دەست

نەئەکەوت، ئەبوایە لەشارەکانی تر پەیدایان بکەین، لەماڵ ئەو هەموو شتە لەکوێ دانێم ماڵی خۆمان هەموو شتێکیان دەزانی خۆ نابێت هەموو کەسوکارم بزانن ئەی ئەگەر بینیان وەڵاممان چی بێت، خانووەکەمان ژووری زۆری تێدا نەبوو شتەکان لەژوورێکدا دانێین و دایخەین و کارمان پێی نەبێت، گەورەترین موشکیلەم ئێوارەی مەوعید بوو دەرگای حەوشەکەمان سەیارەی پێوە نەئەچوو، ئێواران ئەو هەموو شتە چۆن باربکەم، واپێویستی ئەکرد بەنیو سەعات دوای بانگی ئێواران دەرچم چونکە ئەوکاتانە هەموو خەڵك سەرقاڵی نان خواردنەو هاتوچۆ کەم ئەبێتەوە جگە لەوەی لەوکاتەدا لەجادە لادەیت پێش چاوی خۆت ئەبینیت بێ ئەوەی لەدوورەوە دیاربیت لەشوێنێکی تردا باسی مەوعید گۆڕین ئەکەم ئەوانە بوو هۆی دیاریکردنی ئەوکاتە بۆ دەرچوون، پیرەژنێکی دراوسێمان زۆری گیروگرفت بۆ دروست ئەکردم چونکە لەپێش دەرگای حەوشە دائەنیشت نەئەچووە ژوورەوە جار وابوو سەعاتێك ئەمایەوە مەبەستم ئەوەنییە ئەوپیریژنە گومانی لەشتێك ئەکرد یان گومانی خراپی لێ بکەم،



ئەو رۆژەی مەوعیدم هەبوایە بەماڵ و منالم ئەگوت نابێت ئەمرۆ بەیەکجاری لەماڵ دەرچن بۆ ئەوەی پیریژنەکە بەتەنها بێ تاقەت بێت و زوو بچێتە ژوورەوە، رۆژێك مەوعیدم هەبوو رۆژانی پێشتر هەموو پێویستییەکانم کڕیوو بانگی ئێوارەیدا پیریژنەکە نەچووە ژوورەوە نیو سەعات دوای بانگ نەچووە ژوورەوە نازانم ئەو رۆژە ناکۆکی هەبوو لەگەڵ کوڕەکەیدا یان بێ بەختی من بوو ئەمویست شتەکان بخەمە سەیارەکەوە دەرفەت نادات دواجار شتێك هات بەمێشکمدا زۆرتر لەشانۆگەری ئەچێت چینکۆیەکی ٣X١ مەترمان هەبوو بەمنداڵەکانم وت بەم چینکۆیە پێش چاوی پوریێ بگرن هەتاوەکو شتەکان بار ئەکەم جارجار بڵێن ئەو چینکۆیە هی ماڵی حاکم نورییە بۆیان بەرنەوە لەوکاتەدا بەدووسێ کەسەوە خێراخێرا شتەکانم بارکرد، دواجار خۆمم توڕەکردو وتم سەیارەکەم چەنچەی نییە سنوقەکەش نایگرێت پێم ناڵێن چۆنی بەرمەوە، بۆ رۆژی دواتر کرێکارو وەستام هێناو دەرگای حەوشەم گەورە کرد.

## ئیستغلال کردنی دووەم شەوی مەوعید

پارتیزانەکان چاویان نەچووبوو وەکو ئەوەی لەگرانی رزگاریان بووبێت داوای ئەو هەموو ئازووقەیە بکەن بەڵکو ئەیانویست ئەو هەلە وابۆیان دروست بووە بەباشی بیقۆزنەوە حسابی لەدەستدانی ئەو هەلەیان ئەکرد هەوڵی پەیداکردنی بڕێکی باش لەئازووقەیان ئەدا ئازووقەکانیان لەیەك جێگا قایم نەئەکرد یەڵکو لەچەندین جێگا قایمیان ئەکرد حسابی ئاشکرابوونیان ئەکرد حسابی ئەوەیان ئەکرد کام جێگا دەرفەتی چاك بێت ئازووقەی لێ دەرکەن حسابی ئەوەیان ئەکرد ڕێگاو بانەکان بگیرێن و ئازووقەیان پێ نەگات حسابی ئەوەیان ئەکرد کە لەهاویندا شتی زۆر کۆبکەنەوە نەك لەزستاندا بەفرو باران ڕێگا نەدات، هەندێ جار ئەیانگووت ئێمە ڕێگایەکی زۆر ئەبڕین هەتا ئەگەینە نزیکی کفری دیارە ئەو هەموو ڕێگایە بێ مەترسی نییە بۆیە ئەگەر بۆتان ئەکرێ کە هاتن بۆ مەوعید بۆ



ئێوارەی داهاتووش کۆمەڵێکی‌تر ئاردو برنجمان بۆ بێنە لەم نزیکانە خەزنی ئەکین هەندێ جار ئەیانگوت ئارد یان برنج لەجێگای دیاریکراو دانێن ئێمە خۆمان دێین و ئەیبەین چاوەڕوانی ئێمە مەکەن جارێکیان دوو گونیە ئاردمان لەنزیکی دەواجنەکە دانا گوایە خۆیان لەمەوعیدی دیاریکراودا بەشەو دێن دەیبەن نامەیەکیشم لەسەر گونیە ئاردەکە دانابوو شەو کەوتمە پەژارەوە بڵێیی بێنە سەر مەوعیدەکە بڵێی مەوعیدیان لێ تێك نەچووبێت هەتاوەکو دەمەو بەیان ئەمدیوو ئەودیوم ئەکرد لەپڕێك یەکێك ئەمجوڵێنێتەوە هەستە درەنگە تەماشای سەعاتم کرد (٧:٣٠)ە بەپەلە خۆم لەبەرکرد بێ ئەوەی دەموچاوم بشۆم و نان بخۆم سلفم لەلاداکەداو دەرچووم لەدوورەووە تەماشام کرد گونیە ئاردەکان ماون ناوێرم بچمە سەریان حسابی هەموو شتێك ئەکەم تۆبڵێیی پێیان نەزانیبێت و ئاگاداری ڕژێمیان نەکردبێتەوە بۆ ماوەیەك نەچوومە سەری بیانووی دەواجنەکەم بەدەستەوە بوو بۆ ئەوەی بسوڕێمەوە جارێکی‌تر بەو نزیکانەدا تێپەڕیم

خۆمم لێ گێلکرد گوایە نەمبینیوە دواجار بڕیارم دا بچمە سەری لەگەڵ خۆمدا ئەم گوت لەوەیە هەتاوەکو ئێستا کەس نەیانی بینیبێت بەڵام لەوە زیاتر بمێنەوە لەوەیە یەکێك بێت بەسەرا ئەوکاتە هەموو شتەکانمان لێ تێك دەچێت تەماشم کرد نامەکە لەسەر گونیەکە هەر وەکو خۆیەتی لەدڵی خۆشما ئەمگوت خوانەخواستە ئەگەر شتێکیش لەگۆڕێدا بێت ئەوە لەتو پەتم کەن نکۆڵی ئەکەم بەهەر حاڵ گونیکانم گوێزایەوە بۆ ناو هۆڵی دەواجنەکە لەدەرگای پشتەوە ئەو کاتە هۆڵەکان چۆڵ بوون گەڕامەوە بۆ ناوشار هاوڕێ عەزیزم ئاگادارکردەوە بۆ عەسرەکەی چوینەوە بۆ لای دەواجنەکە هەرچی ئەکەین سەلاح[١٥] بەرۆرکمان بەرنادات و دەرفەت نییە ئاردەکان بگوێزینەوە بۆ جێگای دیاریکراو بۆ یە بەئیشارەت هاوڕێ عەزیزم تێگەیاند بۆئەوەی سەلاح پۆل کات ئاردەکانم کردبووە ناو چوار گونیە بۆ ئەوەی گواستنەوەیان سوك بێت دواگونیەم گواستەوە هێشتا گیانم هەمووی ئارداوی بوو هەناسەم سوار بووبوو ئارەقەم کردبوو، هاوڕێ



عەزیزو سەلاح هاتنەوە ناچار دانیشتم بەقۆڵی کراسەکەم زوو ئارەقەم وشك ئەکردەوە بەڵام وەزعم ئاسایی نییە سەلاح زۆر پەرۆش بوو سەربکا بەهۆڵی دەواجنەکەدا وەکو هەستی بەشتێك کردبێت دنیا بەرەو رۆژئاوا بوون ئەچوو بەسەیارەکە گەڕاینەوە سەلاح مان لەگەڵ بوو لەرێگا وتم ئەم ئێوارەیە دەعوەتی منن لەنادی، سەرێك لەماڵ بدەن دوایی دێم بەدواتانا بەهاوڕێ عەزیزم گوت هانی سەلاح بدە بۆ ئەوەی زۆر بخواتەوە کاری خۆمم هەیە، مەشروبێکی زۆرمان خستە سەر مێزەکە وردە وردە خۆشم جولامەوە لەگەڵیانا، هەستم کرد کاتی ئەوە هاتووە دەست پێ بکەم وتم کاك سەلاح ئەو بیرە ئیرتیوازیو دەواجن و باخەکەتان ئێستا چەند ئەکات وتی مەبەستت تێ ناگەم وتم هەموو ئەو موڵکە بەچەند ئەفرۆشن وتی بە ٢٠٠ هەزاری نافرۆشین ٢٠٠ هەزاری ئەو سەردەمە پارە بوو وتم کاك سەلاح ئەبێ ئاگات لەو موڵکە بێت ئەوە سەرچاوەی ژیانی هەموو ماڵ و منداڵ و کەسوکارتە ئەوە بەرهەمی تەنها رەنج و ماندووبوونی تۆ نییە ئەوە بەرهەمی رەنج و

ماندووبوونی باوباپیرتانە بۆیە نابێت بەفیڕۆ لەدەستی بدەیت تۆ لە ئێستەوە هەتاوەکو ١٠٠ساڵی کە هەوڵ بدەیت ناتوانیت موڵکێکی وا پاشەکەوت بکەیت کاریش بۆ هەر کەس بکەیت ١٪ ی ئەو موڵکەت ناداتێ سەلاح پێکەنیو وتی هاوڕێ ئێمە خواردومانەتەوە تۆ سەرخۆشی وتم ببورە سەرخۆش نیم من بەکوردی هەڕەشەم لە سەلاح کردو ئەمگوت ئەگەر شتێك ئەزانیتو ئەتەوێت بیکەیت ئەوە هەموو موڵکەکەت لەدەست ئەچێ لەوەیە ژیانیش ئەگەر کار بۆ هەرکەس بکەیت ئەوە سەدیەکی ئەو موڵکەت ناداتێ، بەڵام تێبینی هیچم لەسەلاح نەکرد بەڵام ئەم مەسەلەیە بوو بەگرێ لەدڵما دوای ماوەیەك بۆم دەرکەوت سەڵاح گومانی ئەوەی کردووە گوایە ئێمە ئافرەتمان هێنابێت بۆ دەواجنەکە بەدزی ئەوەوە، کەر لەکوێ کەوتووەو کونە لەکوێ دڕاوە دواتریش بۆمان دەرکەوت هاوڕێیانی پارتیزان مەوعیدیان لێ تێکچووە.



## دوو چەکدار ڕوویان کردە دەربەند تاڵە

هیچ شتێك مسۆگەر نییە هەرچەندە حسابت ورد بێت لەوەیە هەندێ جار کیشە بەرۆکت بگرێت هیچ چارەسەرێکت بۆ نەبێت، لاداکەمان لەزۆر شت ئاخنیبوو نیو سەعاتی ماوە بۆ رۆژئاوابوون دوژمنمان خستۆتە پشتی خۆمان بەحساب لەپڕ سەیارەی تەوارییەکان بەرەو ڕوومان دێت بەڕاستی پردمان پسا چی بکەین هیچ چارەیەکمان نییە کەچی بەپێشماندا تێپەڕی هیچ پرسیاریان نەکرد ٢٠٠ مەتر لێمان تێپەڕینو راوستان دوو چەکداری لێ دابەزی رویان کردە دەربەند تاڵە ئەو رێگایەیە وا پێشمەرگە پارتیزانەکان هاتوچۆی لێوە دەکەن بۆ سەر مەوعید، خوایە چی بکەین شۆفرلێتی تەوارییەکان جارێکی کە گەڕایەوە روی لەئێمە کرد چونکە رێگاکە بەتەنیشتمانا تێ ئەپەڕێت، ئەمجارەش تێپەڕین لێمانو پرسیاریان نەکرد

تۆخەی رزگارمان بوو بەلام کێ ئەڵێت پیلان نییەو
هەموو دەوروبەرمان بەو شێوەیە بەکەمین نەتەنراوە!
دڵمان تەنها بەوە خۆشە دنیا بەرەو شەو بەرەو
تاریکی ئەڕوات وەکو ئەڵێن شەوە قەڵای مێردانە
بەلام ئەبێت زۆر زیرەك بیت و ترس وات لێ نەکات
نەتوانێ بیر بکەیتەوە بەپەلە شتەکانمان لەسەیارەکە
داگرت و دورمان خستەوە لەدەواجنەکان بۆ
جێگایەکی دڕکاوی دوور لەدەواجنەکە گرنگ ئەوەیە
سەیارەکە بەتاڵ بێت و بەڵگەی راستەوخۆ نەدەین
بەدەستەوە شەوەو بەشەو هیچ دیار نییە نێوان
دەواجنەکەو شوێنی مەوعید ١٥٠٠ مەتر ئەبێت
لەوەیە لەجێگای خۆمان بە ١٠٠ مەتر دەرچین
بەکەوینە کەمینەوە، تۆ بڵێی ئەمن و تەوارییەکان
بست بەبستی ئەوناوەیان نەتەنیبێت، من بۆ خۆم
هیچم لەخۆمدا شك نەئەبرد ئەوەی پێی بزانم هەڵەم
نەبوو یاسای کارەکانم وا پێویست ئەکات کەمترین
کەس پێی بزانێ من ئەوەم پەیڕەو کردووە تۆ بڵێیت
هاوڕێ عەزیز (بۆشی نەدابێت لەقسەکردندا) نەخێر



هاوڕێ عەزیز کادیرەو دوای تازە هاتۆتە ئێرەکەم
کەس ئەناسێت ئەگەر خوانەخواستە نیازی
خراپەکاریشی هەبێت ئەوە ئەبینم ئەو لەمن زۆرتر
ئەترسێت و تۆ بڵێی یەکێ لەئێمە هەڵەی نەکردبێت
بێ ئەوەی پێی بزانێت تۆ بڵێیت یەکێ
لەپارتیزانەکان نیازی خراپەیان نەبێت لەڕێگایەکەوە
رژێمیان ئاگادرکردبێتەوە، ئای ئەمە ئەو رۆژەیە من
لێی ئەترسام خۆ ئەگەر پارتیزانەکان پێیان لەبەردێ
هەڵکەوێ ئەوا کراسی قورئان لەبەرکەین کەس
بڕوامان پێناکات بۆیە حەزم ئەکرد مەرگم پیش
مەرگی ئەوان کەوێت ئێستا ئەبێت لەبن دارکنارەکە
بین ئێستا کاك حەمە رەش و کاك عوسمان و
پێشمەرگەکان چاوەڕوانن کەس خۆزگەی پێیان
نەبێت لێتان ناشارمەوە ئەو هەموو لەیەکدانەوە
لەترسا بوو دەیان شتی لەو بابەتم ئەهات بەمێشکا
دەنگی لێدانی دڵمان ئاشکرابوو بەلام بڕیارەو ئەبێ
جێبەجێی بکەین وتم هاوڕێ عەزیز با ٢٠ مەترێك
ماوە بدەین پێش کەوتم دوای ماوەیەکی کەم ئاوڕم

دایەوە هاوڕێ عەزیز بەکراسە سپییەکەیەوە
لەفریشتە ئەچوو وتم نایکەی بەخێری باوکت ئەو
کراسە سپییە فڕێ بدەیت وتی بێ قەزابی من
لەخۆڕایی ئەلەرزم، جل‌وبەرگەکەی خۆم خاکی بوو
هاوڕێ عەزیز بەناچاری ملکەچ بوو کەراسەکەی بەو
شەوە تاریکە لە ١٠٠ مەترەوە دیار بوو ١٠٠ مەترێك
ڕێمان کرد بەترس‌و لەرز هیچ نەبوو ئارامییەکمان بۆ
هات هەر دەمەترێك ڕێمان بکردایە خۆمان ئەدا
بەعەرزاو گوێمان ئەگرت بەوردی چاومان ئەگێڕا ٥٠
مەترێکی مابوو بۆ دارکنارەکە لەبن زەلێکدا پاڵ
کەوتبووین ئەگەر هەتاکو بەیانی لەو جێگایەدا
بماینایەتەوە کەس پێمانی نەئەزانی کەسیش
سوپاسمانی نەئەکرد ترسی مارو دووپشکمانیش
هەبوو دەنگە دەنگێك هات بەگوێماندا دڵنیابین لەو
دەنگە دەنگە هی پارتیزانەکانە یا هی دوژمنە ئەبێت
بڕیار بدەین بەڵام بڕیارێکی ترسناکە لەوەیە بڕیاری
مردن بێت نائەوەی تێدانییە بڕیاری مردنیش بێت
ئەبێت بیدەین بۆیە لەبەینی زەلەکانەوە هەستام



بەدەنگی بەرز هاوارم کرد کاك عوسمان خۆمم دا
بەعەرزا گوێم گرت دەنگی کاك عوسمانم ناسیەوە
جارێکی تر بانگم کرد کاك عوسمان خۆتانن وتی
بەڵێ هاوڕێ سوپا بڕوا بکە، بڕوابکە چوینە پێشەوە
چاکە کاك حەمە ڕەش‌و کاك عوسمان ساغ‌و
سەلامەتن وتیان برادەران زۆر شڵەژاون چییە پێمان
بڵێن وتم مادام ئێوە سەلامەتن هیچ کێشە نییە، وتم
لەڕێگا کەستان توش نەبوو، بەڵێ دوو زەلاممان
بینی هاتنە بەردەسمان سەرمان داگرت بۆ ئەوەی
نەمانبینن بمانویستایە بەدەس ئەمانگرتن وتمان
ئەو دوانە لەسەیارەی تەوارییەکان دابەزین
چەکداربوون، ئەی کوا پێشمەرگەتان لەگەڵ نییە، (
هاوڕێ مەجید دوزی‌و هاوڕێ سەباح)مان لەگەڵە
لەهاتندان زۆری پێنەچوو پەیدابوون، ئەوانیش
وەکو ئێمە شڵەژابوون وتیان چەکدارێك دەستڕێژی لێ
کردین ئێمە بەدەستڕێژ هەتاوەکو نزیك شار
ڕفاندنمان، ئای کەگوناح بوون ئەو پێشمەرگانە بێ
ئەوەی دەقیقەیەك دانیشن بڕیاریان پێ درا کاك

مەجید بچێت بۆلای جەماعەتەکەی (سەید محەمەد) ئاگاداریان کاتەوە هەر ئەوشەوە مەلجەکانیان بگوێزنەوە (سەباح)یشی بەهەمان شێوە بۆ مەلجەکانی خۆیان بۆ رۆژی دواتر بۆ حاکم باسم کرد وتی گوێی مەدەرێ ئەمە هەر کێشە نییە دواتر بینیم وتی جەماعەتی تەوارییەکانم بینیوە پێیانم وت دوێنێ ئێوارە میوانم هەبوو حەزیان لەڕاو بوو من تەندروسیتم چاك نەبوو دەرنەچووم لەگەڵیان بەیانی گەڕانەوە وتیان لەباتی ڕاو تووشی هەندێك چەکداربووینە تەقەیان لێکردین، ناشێ توشی جەماعەتی ئێوە هاتبێتن و جاش بەجاش کەوتبێتن، ماوەیەك دوای ئەوکاتە بۆمان دەرکەوت تەوارییەکان بێ ئاگاداری سەروی خۆیان هاشم زێدان و زەلامێکی تریان لەشار دەرکردووە گوایە لەکاتی ئەنفالدا ماتۆڕێکیان لەدەوروبەری دەربەند تاڵە شاردۆتەوە کەتووشی ئەو کێشەیە بوون نەیان وێراوە باسی بکەن.



## گەیاندنی جیهازە راکاڵەکە

چەرخی ئەمڕۆ چەرخی پەلەکردن و (ئەنتەرنێتە) ئەگەر ئامرەزاکانی پەیوەندیی کردن لەو پێویستییە هەرە گرنگانە بێت کەخەڵکانێکی ئاسایی بۆ ئیش وکاری رۆژانە نەتوانێت دەستی لێ هەڵگرێت ئەبێت ئەو حاڵەتە چۆن بەراورد بکرێت لەگەڵ خەڵکانێکدا کەناوچەیەکی چۆڵ و وێرانکراوی هەڵبژاردبێت بۆ سەلماندنی بوونی خۆیی بە رووبەڕووبوونەوەی دوژمنێکی سەرسەخت کەبەشێوەیەك چەکدار کرابێت داگیرکەرانی دونیا هیوایان پێ بێت بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکانیان لەرۆژگارێکی دیاریکراودا، حاڵەتەکە تەنها سەلماندنی مەرەکەبی سەر کاغەزەکانی قەسەکانیانە کەبەناو بەرگری کردنە لەمافی مرۆڤ و بڵاوی ئەکەنەوە، جیهازە راکاڵەکەی پارتیزانەکان تەنها ئامراز بوو کەلەناو کێڵگەی مین و تەلەبەندەکانەوە گەیەنرابووە چیا سەرکەشەکانی کوردستان ئەو جیهازە جگە لەوەی هۆی پەیوەندی نێوان

پارتیزانەکانو سەرکردایەتی بوو، بەهەمان شێوە گرێدەری پەیوەندییەکانی نێوان رێکخراوی سلێمانی بەهەموو کەرتو پۆلەکانییەوە بە سەرکردایەتییەوە بوو، زانیارییەکانی قاعدە جەماوەرییەکەی یەکێتی لەپێشنیازو راو بۆچوونو زانیاری رۆژانەی هەمەلایەنو رێنماییو پیلانو سەرپەرشتی سەرکردایەتی یەکێتیی بوو، خوارەوەی خۆی جگە لە ئیزگەکە تەنها لەرێگەی ئەو جیهازەوە بوو، لەرۆژگارەکانی دوای ئەنفالدا لەمەوعیدێکا پارتیزانەکان کۆیلێکێیان دامێ وتیان هەرچۆنێك بێت دانەیەکی وامان بۆ پەیدا بکە ئەوە کۆیلی جیهازە راکاڵەکەمانە، لەبەر ئەمە پەکی کەوتووە، نازانم لەکێ بپرسم بڵێم هی چییە نازانم دادو بێدادم گەیاندە هاورێیانی رێکخراوی سلێمانی وتیان هاورێ کەبەتۆ پەیدا نەکرێت بەئێمەش پەیدا ناکرێت لەدوای کۆمەڵێك نامە گۆرینەوەی نێوان پارتیزانەکانو رێکخراوی سلێمانی بریاردرا کەجیهاز راکاڵێك بگەیەننە عەربەت منیش لەوێ وەری بگرم، هەرچەندە پێم چاك بوو بیگەیینە کفری بەلام نەکرا، لاداکەم لەکاتو شوێنی دیاریکراودا



ئامادەکرد جیهازە راکاڵەکەم لەناو کارتۆنێکدا بوو خرایە سندوقی لاداکەو وەکو شوێن گۆمکێ کردن وەکو شێوە شانۆگەرییەکمان پیشاندا (ئێوە وەعدی سێ کارتۆنتان داوە پێم ئەم کارتۆنەشم ناوێت..هتد) لەعەربەت دەرچوونو لەجادە لامدا بەبیانووی سەیارە شتنەوە کوشنی دواوەی سەیارەکەم کردەوە جیهازەکە سێ پارچە بوو بەرێکی لەپشتی کوشنەکەوە جێگام کردەوەو بەدلە چەوراوێکم پێ بوو لەبەرم کرد کوشنی دواوەی سەیارەکەم بەپارچەی رۆناوی پیسو بورغی رۆناوی داپۆشی نەوەك ناچارم کەن لەپرسگاکان کەسێك سوارکەم کەوتمە رێ پێش ئەوەی بگەمە هەر پرسگەیەك هەندێ رۆنم ئەکرد بەسەر مەکینەی سەیارەکەدا بۆ ئەوەی بگەمە پرسگاکە دوکەڵی بەرز بێتەوەو بۆنی پیس دەرکا، بۆ ئەوەی رام نەگرن پیلانەکەم سەری گرت هەتاوەکو کفری لەدەپرسگە زیاتر هەبوو رایان نەگرتم نەك هەر رایان نەگرتم بەڵکو تورەش ئەبوون لێم بۆ ئەوەی بەپەلە دەرچم، بۆ شەوی دواتر جیهازەکەم تەسلیمی پارتیزانەکان کرد بەسەلامەتی.

# دەواجینەکە گرنگییە مێژووییەکەی لەدەست دا، بۆ

زۆر جار بڕیار سەرکەوتوانە جێبەجێ ئەکرێت ئەگەر بڕیارەکە لەئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕدا هاتبێتەکایەوە لەهەموو سوچێکەوە بەوردی تەماشا کرابێت بەپێچەوانەشەوە فەرامۆش کردنی سوچێکی لەوەیە شکست بەبڕیارەکە بێنێت و نەگات بەئامانج سەرکەوتنی تاقیکردنەوەکەی ژیانی پارتیزانەکان لەگەرمیاندا تەعبیری لەئیرادەی پۆڵاییینی پێشمەرگەو ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك) ئەکرد سەرکەوتنی ئەو تاقیکردنەوە ئومێدی بەخشیە، جەماوەری گەلەکەمان و سەلماندنی بۆ عالەمی سەر سەرووی زەمین کەئێمە میللەتێکین نابێ بمرین، بەهەمان شێوە ڕاگەیاندنێ بوو بۆ دوژمنانی گەلەکەمان کەمەحاڵە کوڕنوش بەرین ڕاستە ئیرادە پۆڵاییینەکەی بناغەی سەرکەوتن بوو بەڵام



لەبارودۆخی دوای ئەنفالە بەدناوەکاندا شتی واهەبوو تەکانی بەتاقیکردنەوەکە ئەداو ئیرادە پۆڵاینەکەی زیاتر ئەسەلماند کەبەخەیاڵدا نەئەهات، من بۆ خۆم ئەڵێم بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لەو دەواجنەی کەئێمە بەکارمان هێنا تەکانێکی باشی بەو تاقیکردنەوەیداویەداو دەرفەتێکی دروست کرد کەلەجیاتی ئەو دەرفەتە پەردەی ترسی خۆی سەپاندبوو بەهۆی ئەو دەواجنەوە توانیمان بەئاسانی لەمپەری ڕەبایەکان ببڕین و شێوە ئازادییەك بهێنینەکایەوە لەناو ئەو بارودۆخەدا کەبتوانن بەهۆیەوە لەژێر ترس و ستەم دەرچین و بەئازادی لەگەڵ خەمخۆرانی گەلەکەماندا دانیشین و لەکاروبارە پەیوەندیدارەکاندا قاڵ بین و تاقیکردنەوە دەوڵەمەندکەین وە ئومێدی زیاتر بدەینە پارتیزانەکان بۆ ئەوەی بیسەلمێنین بۆ هەموو کەس کەخەڵکی کوردستان هەرگیز چۆڵ نابێت لەڕۆڵە بەئەمەکەکانی بۆنی ئەو دەواجنە تاقیکردنەوەکەی زیاتر مسۆگەر کرد جێگای داخ بوو کەلەکۆتایی

هاوینی ١٩٨٩دا پارتیزانەکان بەهەر مەبەستێکەوە بێت ئاڵۆزییەکیان خستە مەسەلەکەوە بەوەی بێ مەوعید هاتبوونە سەردەواجنەکەو خۆیان پیشانی جوتیارەکان دابوو گوایە چەکداری رژێمن دوایی بۆ رژێم دەرکەوتبوو کەئەوانە پێشمەرگە بوونە بۆیە چاودێری توندو تیژ خراوە سەر ئیش و کارەکانمان، بۆچەند جارێك دەوربەری دەواجنەکەیان پشکنیو هەندێ جار بەدوربین چاودێرییان ئەکردین بۆیە ناچاربووین واز لەدەواجنەکە بێنینو بەو شێوەیە گەورەترین شتمان لەو بوارەدا لەدەست داو دەواجنەکە گرنگییە مێژووییەکەی نەما.



## تێکچوونی مەوعید

هاوینان دەرفەتێکی زۆر باش بوو بۆ کۆکردنەوەی ئازوقە چونکە کارکردن لەو وەرزەدا پارتیزانەکان لەئاسەوارەکانی شوێن پێ کەوتن رزگار ئەکرد کەبەگەورەترین کێشە ئەژمێردرێت بەپێچەوانەی وەرزی زستانەوە کەجگە لەکێشەی سەرماو باران کێشەی شوێن پێ کەوتنی دروست ئەکرد ئەمە جگە لەوەی هاوین باوکی هەژارە لەهەر جێگایەك بتەوێ ئەحەسێیتەوە پێویست بەخانوو ژێروبان ناکات، بۆیە زۆرجار پارتیزانەکان شەوی دوای مەوعیدیش ئەگەڕانەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی ئازوقەی زیاتر کۆبکەنەوە لەپەناگا نزیکەکان بیشارنەوە بەم شێوەیە هاوینان دەرفەتێکی زۆر چاك بوو بۆ کۆکردنەوەی ئازوقە لەهاویندا ئەوەندە ئازوقە کۆدەکرایەوە بەشی ساڵێکی پارتیزانەکان بکات بۆیە کاتێك کاك کوردۆ و کاك مەحمود سەنگاویو

پێشمەرگەکان لەهاوینی ١٩٨٩دا هاتنە خوارەوە بۆ ئەوەی کاک حەمە رەش‌و کاک عوسمان‌و پێشمەرگەکان بگۆڕنەوە ئەو کاتە مریشکمان بۆ دەواجنەکە نەهێنابوو هاوڕێ عەزیزیش بەفەرمانی رێکخراوی سلێمانی دوور خرابۆوە لەگەرمیان لەمەوعیدێکا کاک کوردۆو کاک مەحمود سەنگاوی وتیان جەولەیەکمان هەیە بۆ بناری ئاژداخ بۆ هەندێ ئیش‌وکاری تایبەت بەدابین کردنی پەناگا بۆ حەوانەوە لەزستانداو تەئمین کردنی شوێنی ئازوقەو هەندێ کاری‌تریشمان نازانین چەندمان پێ ئەچێت دوای دە رۆژێك گەڕاینەوە بەنامەیەك کات‌و شوێنی مەوعیدتان بۆ بەجێ ئەهێڵین دارێکیان دەست نیشان کرد بۆ ئەو مەبەستە گوایە لەبنی دارەکەدا نامەکە بەجێ بهێڵن، دوای ماوەی دیاریکراو بنی دارەکەم هەڵکەند هیچ نامەیەك نەبوو ئەو کاتە سەرەتای تشرینی یەکەمی ١٩٨٩ بوو، دوای چەند رۆژێك سەرمدایەوە لەجێگای دیاریکراو نامە نەبوو ناچار بووم بنی هەرچی داربوو لەوناوە هەڵم کەند نامە



نەبوو بەم شێوەیە مەوعید تێکچوونی مەوعید گەورەترین کێشەیە چونکە تەنها مەوعید پێکەوە گرێمانی ئەدا، ئاگاداری رێکخراوی سلێمانیم کردەوە وتیان جاروبار سەردانی ئەو دەوروبەرە بکە، هەوڵەکانم بێ سوود بوون، دواتر هاوڕێیانی رێکخراو وتیان هەموویەکی مانگ‌و پانزەی مانگێك برۆ سەرمەوعیدو ئەو قسەیە مژدە بوو بۆ من چونکە مەوعید پچڕان لەوەیە ببێتە هۆی تێکچوونی تاقیکردنەوەکە بەتایبەت برادەران وتبوویان ئەگەر رێکخستن نەگات پێمان ئەکشێنەوە دیارە دوای ئەوهەڵە نابەجێیەی پێشتر باسم کردووە ناچاربووین رێگایەکی تر بدۆزینەوە بۆ ئازووقە دەرکردن‌و رێگا تازەکە بۆئێمە ئاسانترو بێ مەترسی تر بوو لەرێگای دەواجن‌و دارکنارەکە، بەلام بۆ پێشمەرگەکان نیوسەعاتێك دوورتربوو ئەوەی کێشە بوو بەلای منەوە ئەمئەزانی بچم بۆ شوێن مەوعیدی یەکەم (دارکنارەکە)یان بۆ شوێن مەوعیدە تازەکە (ژێر درەختەکە) ، لەشەوی ١٩٨٩/١١/١٥ چووم بۆ ژێر

درەختەکە وەکو هەموو جارێك ماوەیەك چاوەڕوان بووم هەندێ ئیشارەتی تایبەت هەبوو بەکارم هێنا بەڵام بێ سوود بوو ئەبێت بچم بۆبن دارکنارەکە بەڵام ئەبێت نزیکەی ٣کم هەردە بڕم هەتا ئەگەمە دارکنارەکە لەو شوێنانەدا ئەگەری گورگو شتی لەوبابەتە ئەکرێت، چەك هەڵناگیرێت بۆ ئەوەی نەبێت بەبەڵگە ناچار تەورێکم هەڵئەگرت ڕۆیشتم بۆ ئەو جێگاییە بەڕۆژیش ترسناك بوو دارکنارەکە لەبەینی دوو دۆڵی قوڵدا بوو کەدابەزیایەتە ناودۆڵەکان تەنها ئاسمان دیار بوو، کەگەیشتمە بن دارکنارەکە دوای ماوەی حەسانەوەو چاوەڕوان کردن بەردەکانی ئەو دەوروبەرەم بەرز ئەکردەوە بەڵکو نامەیەکی لەژێردابێت هەموو قووتووە کۆنێك هەموو کونو قوژبنی دارکنارەکە، بەڵام بێ هودە کاتژمێری ١٢ی شەو ئەگەڕامەوە بۆ شوێن مەوعیدی درەختەکە هێشێکی تریشم لەوێ ئەدا دواتر ئەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە دایکم لەبەردەرگای حەوشە چاوەڕوانی ئەکردم بەوسەرمایە، هەموو جارێك



سەردانی هاوڕێیانی ڕێکخراوم ئەکرد، بەڵکو شتێکی تازە هەبێت لە ١٢/١و ١٢/١٥و ١/١ هەمان بەرنامەم دووپات کردەوە بەڵام بەداخەوە ناچاربووم لەم دوایەدا لاداکەم ئەبرد لەجێگای مەوعید (زەختەکە) لەچەمێکا بەجێم ئەهێڵا بەهەمان بەرنامە ئەچووم بۆ مەوعیدی دارکنارەکە ١٩٩٠/١/١٥ بوو دنیا زۆر ساردبوو قەمسەڵەکەم قۆپچە دابوو کڵاوەکەیم کردبووە سەر هەردوو دەستم لەباخەڵدا بوو لەسەر گردێك گڵەکەی بەکرە بوو خلیسکام هەستامەوە خۆمم تەکاند شەوێکی تاریك بوو ڕەشەبایەکی ساردبوو تارمییەکم پێش چاوکەوت تەورەکەم ئامادەکرد بەئەسپایی نزیك بوومەوە ولاخێکم بینی زەلامێك بەنزیکییەوە پشتی لەڕەشەبا کردووە لەسەرما بووەتە پڕ چنگێك شوانە، پێشمەرگەیە، جاشە نازانم...! ئەبێ پەردەی بێ دەنگی بشکێنم کۆکەیەکم کرد زەلامەکە ڕاپەڕیو دەستیدایە چەكو وتی کێیت؟ وتم ڕێبوارم ئاژەڵم لێ ونبووە ئەی جەنابت، وتی کاکە بڕۆ کاری خۆمانم هەیە

ئەوکاتەی قسەی لەگەڵم ئەکرد پاتریەکی سەیارەم لەپێشیا بینیو وتم ئەو پاتریيەت بۆچییە، وتی ئەوە بۆ جیهازمانە (ئەو پێشمەرگەیە شەهید کاکە بوو) کەباسی جیهازی کرد بۆم دەرکەوت پێشمەرگەیە وتم پاتریيەکەتان لەکوێ هێناوە وتی لەو سەیارە شڕە دەرمان هێناوە پەنجەی بۆ لای لاداکە درێژکرد، وتم کێت لەگەڵە من سوپام زۆر رێزی لێگرتو داوای لێبوردنی کردو کاك مەحمود سەنگاویو برادەرانم لەگەڵە بەدوای جەنابتا ئەگەڕێن زۆری پێ نەچوو برادەران هاتنەوەو بەیەك شادبووینەوە، باسی پاتری لاداکەم کرد بەو شەوە بوو بە قاقای پێکەنین، وتم وەزعی مەعیدەتان وتیان زۆر خراپە، پاتریيەکەیان بۆ گێڕامەوەو گەڕامەوە بۆ ناو شار ئەو رۆژە چاوەڕوانی میوان بووم (١٠) مریشکی کوڵاوو ٥ کیلۆ پرتەقاڵو ٥ کیلۆ تەماتەو نانێکی زۆرو یەك پارچە جگەرەم لای دایکم پەیداکرد، خواردنەکەیان گەرم کردەوە سەعات ٢ی شەو بوو گەڕامەوە بۆ ژێر زەختەکە پێکەوەنانمان خوارد دیارە دڵنیا نەبووم



لەوەی کەدێنە سەر مەوعید بۆیە نانو کەرەستەکەم لەگەڵ خۆم هەڵنەگرتبوو جگە لەوەش کەلاداکەم بەجێهێڵا ئەگەری ئەوە هەبوو خەڵکی تر بێت بەسەرداو خواردنو کەسەرتەکان بن بەکێشە.

لەلایەکی ترەوە لەوەیە مانەوەی پێشمەرگەکان بەو سەرمایە هەتاوەکو ١ی شەو بەهۆی بینینی لاداکەوە بوو هیوای ئەوەیان هەبوو خاوەن لاداکە ئەگەری گەڕانەوەی هەبێت وتم لەهەموو ئەو ماندووبوونەش خۆش ئەبم بەڵام قبوڵ ناکەم بەو رەخشە بڵێین سەیارە شڕ، مەوعیدی داهاتوومان داناو خوا حافیزیم لێیان کرد بۆ مەوعیدی داهاتوو.

## مەوعیدێکی ترسناك

هەرچەندە دەواجنەکە ئەو گرنگییەی لەدەستداو تەماعمان پێی بوو، بەلاّم دوورکەوتنەوەی تەواوەتی واز لێهێنانی پرسیاری دروست ئەکرد کەخزمەتی بارودۆخ و ئامانجەکانمان نەکات بۆیە پێویست بوو پێش ئەوەی ئەگەرەکان سەرودڵمان بگرێت پوچەڵیان کەینەوە، ئەمجارەشیان پێویستی ئەکرد دەواجنەکە بەکاربێنین، بەلاّم نەك بەتەماع و سود لێوەرگرتنەکانی پێشوو بەڵکو ئەمجارەیان بۆ گێلکردنی دوژمنان بۆ ئەوەی هەرچی توانا و تێڕوانین هەیە لەچاودێری کردندا ئاراستەی دەوروبەری دەواجنەکەی بکەن بەوشێوەیە گومان لەسەر خۆمان نایەڵین ئەگەر هەبێت وەجبەیەکی جوجکمان هێناو بۆ دەواجنەکە بۆ پێکاندنی ئەو مەبەستانەی سەرەوە بەمسقاڵە زەرە لەنەخشەکەدا لامان نەئەدا، ڕێگای ژێر زەختەکە بێ مەترسیبوو لەجادەی گشتیکفری- کاریزەوە نزیك بوو ئەمتوانی ڕۆژانی مەوعید هەتاوەکو دەمەو ئێوارە چاودێری



ئەو دەوروبەرە بکەم هەندێ جار بەلاداکەمە منداڵەکانم ئەبرد سەرقاڵی یاری کردن ئەبوون خۆشم بەوردی چاودێری ڕێگاوبانەکانم ئەکرد نەوەك پیاوانی ڕژێم دەرچن بۆ کەمین دانان، ئەوەی وا زیاتر گرنگی ئەم شوێن مەوعیدەی زیاتر ئەکرد ئەوەبوو کە لەبەینی ٣کم ی نیوان کفری و دێی کاریزە ڕەبایە نەبوو، لەمەوعیدی پێشووی ١٩٩٠/١/١٥ وەکو باسم کردووە هاتووچۆیەکی زۆر بوو، ئەگەری ئەوەم دانا هەستێك بەو هەموو هاتووچۆیە کرابێت، بۆ ٣ مانگ ئەچوو دەوروبەری دەواجنەکەم بەکارنەهێنابوو بۆ مەوعید، حسابی ئەوەم کردبوو کە لەو ڕۆژانەدا مریشکی دەواجنەکە مەجزەرە هەڵی ئەگرێت و ماوەیەکیش بوو جرت و فرتی ئەوتۆمان نەکردبوو بەشێوەیەك جڵەوی تەماشای چاودێران ڕاکێشین بەو ئاقارەدا، ڕۆژی مەوعید ٢٠٠١/١/٢٢ سەرێکی دەواجنەکەم دا هەندێك مریشکی ئایەخی تێدا مابوو مام عەلی ڕەش باوکی مام پۆلاّ وتی بەڵکو ڕزگارمان کەیت لەم شەل و شێتانە وتم بەمریشك فرۆشەکانم وتووە سبیەنێ دێن هەڵیان ئەگرن بۆ ئەمشەویش کێشە نییە دەرگایان لێ داخەن بڕۆنەوە بۆ ماڵ

سبەینێ وەرنەوە، بانگی ئێوارەی دا لاداکەم ئاخاندبوو لەئازووقەو پێویستی ٢٠ تەکە جگەرەم لەپێشی کوشنی سەکنەوە دانابوو کوشنی دواوەو سندوقیش پڕبوون چوومە پیش ماڵی حاکم نوری سەرکەوە بەحاڵەحاڵ جێگا تەکە جگەرەکان لەبەینی قاچەکانیدا بووەوە وتم بمگەیەنە دەواجنەکەو بگەڕێرەوە وتی تۆ خۆت خوێنی ملت ئەفڕێ بەخۆشتەوە ناوەستیت وەڵامم نەبوو لەشار دەرچووین لەدڵی خۆمەوە پەیتاپەیتا قل هو الله احد م ئەخوێند بەتەنیشت ڕەبایەکدا تێپەڕیمان‌و دوورکەوتینەوە ڕووەو دەواجنەکە لەپڕ سرمان هەڵبڕی شۆفرلێتی تەوارییەکان ڕووەو ئێمە دێن حاکم وتی بزانە چۆن قوڕت کرد بەسەرماندا ١٠٠ مەتری مابوو شۆفرلێتەکەمان پێ بگات لەجێگای خۆم ڕاوەستاوم بەپەلە دابەزیم‌و بەرەو ڕووی شۆفرلێتەکە ڕۆیشتم بۆ ئەوەی بەتەنیشتمانەوە نەوەستن وتیان خێرە بەم ئێوارەیە بۆ کوێ ئەچن مام عەلییان لەگەڵ بو وتم وەڵڵا بەم ئێوارەیە کۆمەڵێك میوانم هات لەگەڵ حاکم چوینە بازاڕ هیچ نەمابوو ناچار هاتین هەندێك مریشك بەرینەوە یەکسەر وتم



مام عەلی کلیلەکانم بەرێ ئێوە بڕۆن هەر ئیستا ئەگەڕێینەوە کلیلەکانم وەرگرت بەڕاکردن گەڕامەوە بۆ لای لاداکە یەکسەر بەپەلە دەرچوین، حاکم وتی ئاگاداربە لەوەیە بگەڕێنەوە سەرمان هەر کەلەوان دوورکەوتینەوە روم کرد لەچەمێکی نزیك دەواجنەکە بەپەلە ئازووقەو شتومەکەکانمان داگرت وتم حاکم بەپەلە بگەڕێرەوە سەیرم کرد تایەی پێشەوەی لاداکە پەنچەرە سپێرمان هەڵنەگرتووە بۆ ئەوەی لەجێگای سپێرەکە هەندێك ئازووقە زیاتر جێگای بێتەوە، حاکم بەسەر ویلدا دەرچوو، زۆری پێ نەچوو چوار پێنج تارمایی بۆر بۆر ڕووی تێکردم چووم بەپیریانەوە هەموویان بەگوێزان سەری خۆیان کردبوو بەکولەکە وتم بۆ کاك مەحمودتان لەگەڵ نییە پێکەنین وتیان حەقتە ئەو هەموو کەین‌و بەینەمان بەدوربین ئەبینی کاك مەحمود سەنگاوی وتی بەڕاستی دەستم لێتان شوشت من واماقم پەڕیبوو قسەم بۆ نەئەهات پارتیزانەکانم بەڕێ خست‌و گەڕامەوە حاکمیش بەسەلامەتی گەیشتبووە جێ.

## کارکردن بۆ نەهێشتنی گومانەکان

چوونە سەر مەوعیدی هەفتانەی ژێر زەختەکە وەکو پێویست ئەچوو بەڕێوە، هەوڵەکانی پێشووم بۆ رامالینی هەندێك لە تەمومژی ئەوگومانانەی لەسەرمان دورست بووبوو لای دەواجنەکەوە هێشتا هەر کۆتایی پێ نەهاتبوو بەڵکو بەکارهێنانی دەوروبەری ئەم دواییەی دەواجنەکە وەزعەکەی زیاتر لێمان ئالۆزکرد، بۆیە ئەگەر قەناعەتم بکردایە بەفەرامۆشکردنی یەکجاری دەواجنەکە رزگارمان ئەبێت لەو گومانانە ئەوە مەگەر دواجنەکەم بەخەو ببینیایە لەهەمان کاتیشدا قەناعەتم نەبوو بەوەی کەپەشیمان بوونەوە لەکەمتەرخەمی دادمان ئەدات بۆیە هەنگاوەکانم بەردەوام بوو بۆ رامالینی ئەو گومان کردنە، هاوڕێیانی رێکخراوی سلێمانیم ئاگادارکردبوو وە لە موعاناتەکانمو تیشکی سەوزم وەرگرتبوو بۆ هەر هەنگاوێك کەگەشە بەئەزموونەکە



بدات دوور خستنەوەی هاوڕی عەزیز لەو ماوەیەدا بیانووی باشی بۆ دروستکردم بۆیە رۆژێك خۆمم دا لەئاقاری کاك نەجات کە ئەو کاتە ئامر مەفرەزەی تەواری بوو ( رۆڵی خراپی نەبوو لەراپەڕینەکەی ١٩٩١)دا وتی هۆی چییە وازتان لە دەواجنەکە هێناوە؟

وتم دەواجن سەرئێشەی زۆرەو شەریکەکەم وازی هێناوەو رۆیشتووە هەر چەندە دوو مانگمان ماوە لەگرێبەستی دەواجنەکە بەڵام من توانای بەڕێوەبردنی دەواجنم نییە چی لەڕووی ماددییەوە چی لەڕووی کاتەوە بۆ یە نیازم هەیە بیدەم بەکرێ بۆ ئەم دوومانگەو پێش هەموو کەسێك بەجەنابت ئەڵێم ئەگەر پێویستیت پێیەتی بەکەسی تری نادەم بیشیدەم بەهەر کەسێکی تر حەز ئەکەم تۆ لەنێوانماندا بیت بۆ ئەوەی گیروگرفتم بۆ دروست نەبێ، کاك نەجات ئەو متمانە پێ بەخشینەی زۆر لا خۆش بوو وتی سوپاست ئەکەمو دواجار ئاگادارت ئەکەمەوە، وتم باشە من مەمنوونم رۆژی دواتر چاوم

پێکەوت وتی هاوڕێ خۆمان پێویستمان پێیەتیو ئەبێ بەشی خۆشتی تیا بێت چونکە ئێمە سەرمان لەم کاسبیە درەناچێت وتم باشە چۆن خۆتان پێتان خۆشە من رازیم، چواریەکیان بۆ من دانا لەو ماوەیەدا زۆر هێمنانە جولاَمەوە لەگەڵیاندا ئەو شۆفرلێتەی وا زندۆقم لێی چووبوو سواری ئەبوومو هاتووچۆی دەواجنم پێی ئەکرد لەگەڵیاندا لەو ماوەیەدا نەك هەر گومانەکانم نەهێلاَ بەڵکو خەڵکانێك هەبوو سڵیان لێ ئەکردم.



## نەخۆشی گرانەتا

زۆر جێگای داخو سەر سوڕمانە لەوەیە خیانەتیش بێت خەڵکانێك سەرکردەیان خەڵکانێکی پیسپۆڕ لەبوارە جۆراو جۆرەکانی ژیاندا موغامەرە بکەن بەژیانی خۆیان یان کاری نابەجێ بکەن کەلەسەر خووڕەشتو کەسایەتیان بکەوێت چونکە ئەو جۆرە کەسانە تەنها موڵکی خۆیان نین بەڵکو موڵکی گەلو نیشتمانەکەیانن لەو ماوەیەدا کاك کوردۆو کاك مەحمود سەنگاویو برادەرانی تری پارتیزان لەخوارەوە بوون تووشی نەخۆشی گرانەتا هاتبوون دیارە ئەو نەخۆشییە لەبارودۆخێکی ئەو جۆرە لەژیانی پارتیزانەکاندا کەپڕبوو لەماندوویێتیو برسێتیو سەرماو هەروەها بەدخۆراکی بەتایبەت گۆشتومیوەهات لەبەر ئەو هۆکارانە ئەو نەخۆشییانە بەئاسانی بلاَو ئەبێتەوە بەتایبەت ئەگەر یەکێکیان تووش بوو ئەوا هەموویان تووش

ئەبن بۆیە هەر کەئاگادارکرامەوە عیلاجی ١٠٠ کەسم دابینکرد لەگەڵ چۆنێتی بەکارهێنانیدا زۆربەی نەخۆشەکان زوو چاکبوونەوە بەڵام کاک کوردۆ زۆر بەگرانی تووشی نەخۆشییەکە بوو لەمەوعیدی دواتر زۆر بەنائومێدییەوە باسی نەخۆشییەکەی کاک کوردۆیان بۆ کردم بەشێوەیەك کەمەترسی هەبوو لەسەر ژیانی، بۆیە پێیانم گوت لەمەوعیدی داهاتوودا بیهێنن ئەیبەمەوە ناوشار تاوەکو بەباشی چارەسەری بکەین دیارە کاک کوردۆ مردنی لاچاکتر بوو لەوەی بێتەوە ناوشارو گیروگرفت بۆ ئێمەو ئیشوکارەکان دروست بکات بۆیە وتبووی بشمرم ناچمەوە ناوشار، ورەم دا بەپێشمەرگەکان بۆ ئەوەی ئەوانیش ورەی کاک کوردۆ بەرزبکەنەوە بەوەی کەنەخۆشییەکەی بەئاسانی چاك ئەبێتەوە ئەگەر عیلاجەکە بەباشی وەرگرێت.



## کۆیلەیەتی بۆ بەرژەوەندی گشتی

سکرتێری دوکتۆرێك خەڵکی ناونووس ئەکرد بۆ سەردانی دکتۆر لەیەکێکی پرسی ناوت چییە، زەلامەکە وتی ناوم (رۆبیتەنە) نووسەرەکە نووسی ڕو، ڕو، ڕو.. دواجار وتی ئەم ناوەنایەتە قەڵەم، یەکێ تر بڵێ هەندێ شت نایەتە قەڵەم ئەگینا موشکیلەی مەوعدیمان نەمابوو، بەتایبەت دوای ئەوەی زوربەی سەربازگەکانی ناوچەکە گوێزرابوونەوە بۆ سنووری کوێت بەڵام ئێمە هەندێ جار بەو شتانە وا مل کەچی ئەبین و سەربەستیمان لێ زەوت ئەکات ئەڵێین بەرژەوەندی گشتی ئەو برادەرە بۆ کوێ بروات دوای ئەکەوین ئەبین بەکۆیلەی هەر ئەو نهێنییەیە کەناچاری کردین جێگای مەوعید بگۆڕین بۆ ئەودیوی ڕەبایەکەی بانە برسی بەرامبەر دەربەندەتاڵە ئەو جێگایە ١٠کم لەکفرییەوە دوور ئەبێت ئەگەر بەجادەدا بڕۆیت ئەو دوورییەش وای کرد کەنەتوانین بەیەك دوو سەعات پێش مەوعید

چـــاودێری ناوچەكـــە بكـــەین، وا دەستنیشـــانمان كـردووە بـۆ شـوێن مـــەوعید كـاك كـوردۆ ئـەیگوت دەستنیشـانكردنی مـەوعید موشـكیلەی خۆتانـــەو هەرجێگایەك كێشـە بـۆ ئێـوە دروست ناكـات ئێمـە پێمـان باشـــە، ڕۆژانـــی پێـــش مـــەوعید هـــەموو پێویسـتییەكانم ئامـادە دەكـرد لەوانـــە داوام كـــرد لەهاوڕێ هەژار (شەهاب حاجی ئەحمەد) بۆ ئەوەی تەئكید بكات لەسێ ڕیـانی كفـری– دووز– جـەبارە پرسگای لێ هەیە یان نـا؟ وتـی دڵنیـام كەپرسـگاكە چۆڵـەو كەسـی لێنەماوە وتـی من ئەوە ڕێمـەو وەكـو سایەق تاكسی، بۆ ڕۆژی مەوعید ئاگاداری هاوڕێیان ئەنوەر ، مەجید، شەهابم كردەوە بـۆ ئێـوارەی ئـەو مەوعیدە ئامادەبن بۆ ئەوەی چەند مەترێك لـەجادە لادەین و ئازووقەو شتومەكەكان بەكۆڵ دوورخەینەوە چونكە لەوەزیاتر دەرفەت نەبوو.

لەگـەڵ هاوڕێیـان بەگاڵتـەوە پێكـەنین دەرچووین لەكفری چەند مەترێ: مابوو بگەینە پرسگای ناوبراو بینیمان پرسگاكە ئاوەدانەو تاقمێكی تەواوی تێدایە لەئیستخبارات و تـەواری، تـازە دەرفـەتیش نـەماوە



بگەڕێینـەوە، لادا سـوور نزیكـەی ٢٥٠ كگـم شـتومەك لەسـندوقەكەیدایە، یـاخوا دوژمنیشـم نەكەوێـتە مەوقیفی لـەوجۆرەوە، دەرفـەتی هیچ بیركردنەوەیـەك نـەماوە ئـەوە نەبێـت زاڵبیـت بەسـەر خۆتـاو تێكنـەچیت، وەسـتاین لەبـەردەمیانداو سـڵاومان لێیان كـردو وتیـان بـۆ كـوێ ئـەڕۆن بەعـەرەبی، وتم ئەڕۆین بـۆ (نـەگار)، نـەگار دێیـەكی عـەرەب نشینە ئەكەوێتە نزیك ویستكەی ئاسكی كفرییـەوە ماڵیان ئاوابێت بێ ئەوەی سندوقەكەمان پێ بكەنەوە وتیان بڕۆن، دواتر بۆمان دەركەوت كەئەو پرسگایە تەنها بەشـەو هەیـە لـە ٦ی ئێـوارە بـۆ ١٠ی شـەو ئەگـەر تووشبووینایە ئەوا هاوڕێ شـەهاب ئەگـەر كراسـی قورئانی لەبەربكردایە بەخائن لەقەڵـەم ئـەدرا، بـەڵام چەند جار بچینـە سـەرپەتی سـێدارە كەمتەرخـەمی هۆكارێتی ئەگەر هـەموو مەوعیدەكانمان وەكـو ئـەو مـەوعیدە بچوایە بەڕێوە ئـەوە ئێسـتا (فی خبر كـان) دەبووین لەگـەڵ كـاك كـوردۆدا دانیشـتین و كـات و شـوێنی مـەوعیدمان دیاریكرد بەڵام نـەك بـۆ هـەمان شوێن.

## رەخنەیەك لە كاربەدەستانی ئاسەوار

جێی سەرسوڕمانە کەئەبینم سەدان هەزار دۆلار سەرف ئەکرێت بۆ دۆزینەوەو دەرهێنانی پاپۆڕێکی خنکاوی جەنگەکانی یەکەمو دووەمی جیهانی یان پارەیەکی زۆرتەرخان ئەکرێت بۆ پەیکەرێکی قورین مێژوویەکی کۆنی پیوەبێت بۆ ئەوەی لەمۆزەخانەکاندا دانرێت نازانم کاربەدەستانی ئاسەوار لەکوردستاندا چی گرنگییەکی مێژوویی لەو کارانەدا ئەبینن لەگرنگی لاداکەی من زیاتر بێت بەتایبەت بە مێژووی کورد یان شۆڕشەکانی کورد، تووشی کەم تالحییەك (بێ بەختی) هاتبووم بەبۆنەی سلفی ئەو لادایەوە زوو زوو خراپ ئەبوو کەچاکم ئەکرد دوو ڕۆژ سلفی لێ ئەداو پەکی ئەکەوت هەندێ جار بێ تاقەت ئەبووم چاکم نەئەکردەوەو بەپاڵ کارم پێ ئەکرد کاك حەمەنووری وتی هاوڕێ ئەوسلفەم بۆ بکەرەوەوبیخەرە گونێیەکەوە لە سلێمانی وەستای



چاك هەیە بۆت چاك ئەکەمەوەو ئەیهێنمەوە لەو ماوەیەدا مەوعیدم هەبوو، سەیارە سلفی نەبێت ناتوانێت پێی دەرچیت بۆ مەوعید چونکە بەوشەوە لەو هەردەو هەڵەتە بکوژێتەوە چی لێ ئەکەی واراهاتبووم کەئەچووم بۆ مەوعید سەیارەکەم ڕائەگرت لەدوای وتوێژو نامەگۆڕینەوە کەرەستەو شتومەکەکانم تەسلیمی پارتیزانەکان ئەکردو ئەیانم خستەڕێ هەتاوەکو ماوەی نیو سەعاتێك دوای ئەوان دەرچووم ڕۆژێکی مەوعید هاوڕێ کامەران عەبدوڵلام بینی لەکەلار ڕاوەستام، سەرکەوت بێ ئەوەی پرسیار کات بۆ کوێو بۆ چی هاتین بۆ کفری لەگەڵ هاوڕێ ئازوقەو شتومەکمان کڕیو هاتینەوە بۆ ماڵ، سەیارەکەم کردە حەوشەوە دایکی مناڵەکان لەبەیانییەوە خەریکی نانکردن بوو ئەوکاتەش خەریکی خواردن ئامادەکردن بوو بۆ پارتیزانەکان ئێمەش لەگەڵ هاوڕێ کامەران خەریکی پڕکردنی سندوقی سەیارەکە بووین لەئازووقەو کەرەستە بەنیو سەعاتێك دوای بانگی ئێوارە لەگەڵ

منداڵەکاندا بەپاڵ سەیارەکەم خەستە گەڕو وتم هاوڕی کامەران سەرکەوە، لەشار دەرچووین مەسافەیەك ڕۆیشتین گەیشتینە بەرامبەر زەختەکان، لەجێگای مەوعید لایتەکانی سەیارەکەم کوژانەوە، ماوەیەك بێ لایت بەسەر جادەکەدا ڕۆیشتم بەلای ڕاستدا دەرچووم پێش چاوی خۆمانمان ئەبینی، دووسێ دەقیقەیەك ڕێما کرد چوومە دۆڵێکەوەو ڕاوەستامو دابەزینو دوای ماوەیەکی کەم چوارپێنج تارمایی ڕووی تێمانکرد بەپارتیزانەکان شادبووینەوە دواتر بەجیا لەگەڵ کاك کوردۆ کۆبوینەوە لەگەڵ هاوڕێ کامەران پیشتر یەکیان ئەناسی دواتر پارتیزانەکانمان بەڕێخستو لەچاو ونبوون، وتم هاوڕێ پاڵ بنێ خۆشم لەگەڵیا پاڵم ئەنا لەپڕ هەڵپەڕیمە ناوسەیارەکەو کەوتەگەڕ بەبێ لایت گەیشتمە سەر جادەی گشتی لەڕێگا وتی دڵم شەقی برد منت بۆ چی بوو وتم بۆ ئاخر پاڵ، بەوشێوەیە بوو ئیلتیزاماتی حزبی لەهەموو ئەو ماوەیەدا تەنها ئەو پرسیارەی کرد.



## بڕیاری سەرکردایەتی

بڕیاری سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو بەقاعیدە بۆ ئەوەی پارتیزانەکان پەیڕەوی بکەنو هیچ جۆرە کەسێك لەڕیزەکانیدا وەرنەگرن بۆ پێشمەرگایەتی ئەگەر لەشارو شارۆچکەکانەوە ڕویان تێبکەن هەر چەندە بیانووەکانیشیان بەجێش بێت ئەو بڕیارە لەمپەرێکی دروست کرد لەنێوان پارتیزانەکانو ناحەزەکانیانداو دەرفەتی دزەکردنو جێبەجێکردنی هەموو جۆرە مەرامێکی پیلانگێڕانی نەك هەر تێکدا بەڵکو کارێکی وای کرد بیریشی لێ بکەنەوە وەك چاندنی خەڵکانی ناپاك لەڕیزی پارتیزانەکاندا بۆ ئاشکراکردنی بەرنامەو ئامانجەکانیانو شێوەی گوزەرانو چۆنێتی پەیوەندیکردنیان بەشارەکانەوەو ڕێگای هاتوچۆکردنیانو جێگای بنکەو پەناگەکانیان.. هتد، بەڵام وەك ئەڵێن لەهەموو

قاعیدەیەکدا شاز هەیە لەوەشە کۆمەڵێك فاکتەر هەبێت کاریگەریی هەبێ لەسەر دروستبوونی ئەو شەوازە کەبەبۆچوونی من بەرەژەوەندیی گشتی لەسەرەوەی هەموویانەوەیە (شاهۆ) حەمەی تەڵە خەڵکی گوندی دەرەدۆینی سەر بەدەربەندیخانە کەشاز بوو بەنیسبەت ئەو قاعیدەیەوە نازانم هۆی چی بوو؟

ئایا هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەشاهۆ وەك بنەماڵەکەی توانیبوویان جێگەی خۆیان بکەنەوەو لەناودڵی هەموو کەسێکدا چی لەبەر دڵسۆزی‌و جەربەزەیی‌و زیرەکی چی لەبەر دەستپاکی‌و داوێن پاکی بوو، زۆر باسی کەڵەمێردی شاهۆم بەرگوێ کەوتبوو بۆیە بێ ئەوەی بیبینم خۆشم ئەویست بەڵام ئەو خۆشەویستییەی وای نەکرد یەکسەر بڕیاری هیچ بدەم کاتێك لەماوەی مۆڵەتە سەربازییەکەیدا هاتبووە کفری بۆ سەردانی ماڵی حاجی ئەحمەد (باوکی هەڤاڵ شەهاب کەئێستا لێپرسراوی کۆمیتەی سموده) وەك پەیوەندی



خزمایەتی، لەناو قسەکردندا باسی پارتیزانەکان کرابوو حەزی کردبوو پەیوەندی بکات پێیانەوە کاتێك شەهاب باسی لێوەکرد دوا بڕیارم هێشتەوە بۆ ڕێکخراوی سلێمانی‌و پارتیزانەکان کەئەبوایە ئەوانیش لەڕێگای خۆیانەوە رای بەرێز سەرکردایەتی وەربگرن، کاتێك باسی ئەم بابەتەم کرد بۆ کاك عوسمان لەمەوعیدێکی هاوینی ١٩٩٠دا پێی خۆشبوو وتی سڵاومی پێ بگەیەنە لەمەوعیدێکی داهاتوودا وەڵام دەدرێتەوە، لەدوای یەك مانگ ئەنجامی داواکارییەکەمان ڕاگەیاندە شاهۆ چونکە ئەو کاتە سەرباز بوو مۆڵەتی سەربازیش مانگانەیە ئەنجامەکەشی قبوڵکردن بوو دواتر چەند مەوعیدێك ڕێگای ئاسایی خۆی گرتە بەر هەر لەو ماوەیەدا کاك عوسمان وتی هاوڕێ سوپا شاهۆ هەراسانی کردووم پێ لەسەر ئەوە دائەگرێ کەسەردانی ماڵیان بکەین لەئۆردوگای (نەسر) ئەو (ئۆردوگایە لەشارەزوورەو ئەکەوێتە بناری شاخی زەردە) چەندین جار قەناعەتم پێی کردووە پاشگەز

بێتەوە لەو مەسەلەیە بەڵام قەناعەت پێکردنە دووسەعات زیاتری نەئەخایاندو کاریگەری نەبووە بەڵکو بە ئوسولی خۆت هەولێکی لەگەڵ بدەیت، منیش تاکم کردەوە زۆرم قسە بۆی کرد لەوانە وتم کاک شاهۆ ئەوە رێگایەکی دوورەو پڕ لەمەینەتییەو ماندووبوونێکی زۆری ئەوێ لەوەشە تووشی کەمینو کۆپتەر بن، یان لەو ناو ئۆردوگاکە تووشبن، لەوەیە ئەم کارە مەترسییەکی زۆر گەورەتان بۆ دروست بکات بۆ نموونە تۆ کاک عوسمان لەگەڵ خۆتدا دەبەیت خوانە خواستە تووشی شتێك بن ئەوە تۆ هەتاهەتایە شەرمەزار ئەبیتو ویژدانت ئازارت ئەدات، بەهەر حاڵ قەناعەتم پێکرد لەمەوعیدێکی دواتر، کاک عوسمانو کاک شاهۆ نەهاتبوون بۆ سەر مەوعید دیارە کاک شاهۆ کاک عوسمانی ناچار کردووە بۆ مەسەلەی سەفەرەکەی، زۆر بێ تاقەت بوو هەرگیز لەپەژارەدا بووم تۆ بڵێیت بەسەلامەتی بگەنە جێ؟ تۆ بڵێیی تووشی کارەساتێك نەبن؟.. هتد نیوەڕوانێك وتیان ژنێك هاتووە بەدواتدا لەماڵی



حاجی ئەحمەد چاوەڕوانت ئەکات، بەخێرهاتنم کردوو ژنەکە ناوی دادە نازەنین بوو خوشکی کاك شاهۆ بوو بەچرپەوە وتی ئەو دووبرادەرە بەسەلامەتی گەیشتوون منیان ناردووە بەدواتدا ئەبێ ئێستا بڕۆین بۆ لایان، هەر چەندە پێشتر باسم کردووە ئەو کارەم پێ چاك نەبووە بەڵام چی ئەڵێیت تازە ریش بووە بەریشتەوە بەناچاری ملکەچی داواکارییەکە بووم لەگەڵ دادە نازەنین دوای رۆژ ئاوا بوون گەیشتتنە ئۆردووگای ناوبراو، چووینە ماڵی کاك شاهۆ. نزیکی بناری شاخەکە بوو بەیەك شادبووینەوە، باسی ماندووبوونوگیروگرفتی رێگاوبان کرا بەتایبەت ناو ئۆردوگاکە، بەو شەوە وێڵ بوون بەهەزار حاڵ رێگایان بردبووە ماڵەکەی کاک عوسمان بێ ئاگا بوو لە وەزعی ناو شارو شارۆچکەکان کەپڕبوون لەتەواریو ئیستخباراتو جاش، بێئاگابوو لەوەی چوون بۆ ئۆردوگای باریکە کەبەلای کەمەوە ٥کم دوورە لەئۆردوگای نەسرەوە ئەبێت لەپردەکەی قەرەگۆڵەوە بپەڕێتەوە ئەوپردە

پرسگای رژێمی لەسەربوو بۆیە وتی هاوڕێ سوپا حەز ئەکەم ئەمشەو سەرێك لەکاك حەمە رەشید بدەین، منیش وتم بابخەوین سبەینێ کاك حەمە رەشیدت بۆ ئەهێنم، کاك حەمەرەشید لەحەوشە نووستبوو لەبەرئەوەی تەندروستی باش نەبوو دووبەتانیو لێفەیەکی دابوو بەخۆیدا کاتێك ئەمجولانەوە بەکپی بانگم ئەکرد بەو بەیانیی زووە کاتێك چاوی کردەوە وتم بەیانیت باش نائارام مەبە هەمووشت بەگوێرەی دڵی خۆمانە کاتێك باسی مەسەلەکەم بۆی کرد یەکسەر پێڵاوەکانی لەپێکرد چونکە پشتوێنەکەی نەکردبووەوە لەکاتی خەوتندا.



## چاڵەکەی پاڵ گۆڕستانی دێی کارێز

لە ٢/٤/١٩٩٠ جارێکیتر کاك حەمە رەشیدو کاك عوسمانو کۆمەڵێکیتر لەهەڤاڵانی پێشمەرگە هاتنە خوارەوە بۆ گۆڕینەوەی کاك کوردۆو کاك مەحمود سەنگاویو هەڤاڵە پێشمەرگەکانیان لەکۆتایی پایزی ١٩٩٠دا، بەتایبەت لەدوای گواستنەوەی زۆربەی هێزە سەربازییەکانی رژێم بۆ جەنگی کەنداوی دووەم ڕۆیشتن بۆ مەوعید لە ٧٠٪ی مەترسی کەم بووەوە لەو ماوەیەدا هاوڕێ شەهاب حەزی ئەکرد بێت بۆ مەوعید لەگەڵما ئەگەر چی هیچی لەو مەینەتییەم کەم نەئەکردەوە چونکە ئامادەنەبوو بەتەنها بچێت بۆسەر مەوعید، هەر لەو ماوەیەدا چاڵێك هەبوو لەنزیك دێی کارێز جێگای لەو چەو بارکردن بوو لەجادەی گشتییەوە نزیك بوو چەندین جار لەو جێگایە کارەکانمان ئەنجام ئەدا چونکە بەلاداکەوە ئەچوومە ئەو چاڵەوە تەنها ئاسمان

دیاربوو ئەو چاڵە بەپاڵ گۆڕستانەکەی دێکەوە بوو، عەسرانێك لەگەڵ هاوڕێ شەهاب و ئەنوەر کارێزیو مەجید ڕەباتی ئازووقەو کەرەستەکانم گوێزایەوەە بۆ ئەو چاڵە، تەنها عەیبی ئەو چاڵە ئەوەبوو ئەگەر یەکێك بەچاوی ڕۆشنا بچوایەتە سەر گردی گۆڕستانەکە ئازوقەو کەسەرەستەکانی ناوچاڵەکەی ئەبینی زۆری نەمابوو ڕۆژ ئاوابێت وەکو ئەوەی هەستی شەشەمم پێم بڵێ وتم بەپەلە شتەکان بخەنە سەیارەکەوە لەچاڵەکە دەمەترێك دەرچووین تەماشامان کرد سەیارەیەك لەودیوی گردی گۆڕستافەکەوە سەرکەوت چەند زەلامێك لێی دابەزین بۆ فاتیحە خوێندن لەدابەزیندا بەڕوی ئێمەدا دابەزین واتا ئەگەر ئازووقەو شتەکانی لەچاڵەکەدا بوایە ئاشکرا ئەبوو.



## بردنی کاك حەمە ڕەشید بۆ سەر مەوعید

پەیوەندیمان لەگەڵ هاوڕێیانی ڕێکخراوی سلێمانی زۆرتر لەڕێگای کاك حەمە نوری (هاوڕێ موراد)و کاك حەمە ڕەشید (هاوڕی بەهجەت) بوو هەندێ جار پێویستی بکردایە لەڕێگای کاك حەمە نورییەوە لەماڵی کاك حەمە نوری چاومان ئەکەوت بەشەهید جەباری حاجی ڕەشید ئێمە بەهاوڕێ حەسەن ئەماننناسی نامەی هەڤاڵانی پارتیزان ئاڕاستەی هاوڕێ حەسەن ئەکرا لەڕێگای ئێمەوە ئەگەیشتە کاك حەمە نوری دواتر بۆ هاوڕێ حەسەن.

دوای هەر مەوعیدێك نامەی پارتیزانەکانمان ئەگەیاند وەڵامەکەمان ئەگێڕایەوەو لەماڵی کاك حەمە نوری کۆئەبووینەوە ڕێنمایی و بڵاوکراوە زۆرجار هاوڕێ حەسەن ڕێنمایی ئەکرد.

تۆمارکردنی جوجك بۆ دەواجنەکەو دابینکردنو هێنانی ئالف لەسەر کاك حەمە نوری بوو کاك عوسمان چەند جارێك داوای کرد چاوی بکەوێت بەهاوڕێ بەهجەت وتم کاك عوسمان بەهجەت بەدەنی قورسە خوانە خواستە کێشەیەك روبدات ناتوانێت خۆی رزگار بکات، بۆیە حەز ئەکەم جێگایەکی زۆر تەئمین دانێن بۆ ئەم مەوعیدە، نێوان دێی سەرچەمو تلیشانمان دیاریکرد جێگایەکە بەئاسنی سەیارە ئەیگاتێ لەبەر ئەوەی دێهاتەکان نەماون هاتوچۆی بەسەردانییە دوای رۆژئاوابوون، بەنیو سەعاتێك لەجادە لاماندا بۆ شوێنی دیاریکراو کێشەمان نەبوو کاك عوسمانو کاك رەئیسو کاك مەلا سەعید هاتن بۆ ئەو مەوعیدە دوای حەسانەوەو نان خواردن دەستکرا بەلێکۆڵینەوەو وتوویژ لەپڕ تراکتۆرێك رووی تێکردین بەلایەکاییەوە بەڕاستی شپرزەی کردین، پێشمەرگە هەر یەکەو بەلایەکدا دابەشبوونو دامەزران منو کاك حەمە رەشید بەتەنیشت سەیارەکەوە ماینەوە ئەو کاتە سۆپەرێکی تەکسیمان



بەدەستەوە بوو چونکە لاداکەم تەسلیمی کاك حەمە نوری کردبوو بۆ چاککردنەوە، تراکتۆرەکە ١٠٠ مەتری مابوو پێمان بگات رووی وەرچەرخان بەرەو تلیشان، خوا حافیزمان کرد لەبرادەران ئەبێت ئێمە بەزووترین کات بگەینە سەرجادەی گشتی کە ١٥٠٠ مەتر دوورە ئەبێت قەدبڕ ببڕین ناچار بەڕاکردن پێش سەیارەکە کەوتم کاك حەمە رەشید بێ لایت بەدومدا دێت هەتاوەکو گەیشتنە سەجادەی گشتی بەپەلە خۆمان کرد بەناوشاری کفریدا، دواتر بۆم دەرکەوت کەتراکتۆرێك لای دێی تلیشان پەکی کەوتووە ئەم تراکتۆرەی لای ئێمە هاتبوو بۆ ئیمدادی سەیارەکەی ئێمەی بەو تراکتۆرە زانیبوو.

## کەشف بوونی هاوڕێیانی ڕێکخراوی سلێمانی

پایزی ساڵی ١٩٩٠ بوو ڕاپۆرتو ئابوونەی سەری مانگم ئامادەکردبوو لەگەڵ نامەیەکی پارتیزانەکاندا وەك جارانی پێشوو لەنزیکی کۆشکەکەی بەرامبەر ماڵی هاوڕێ موراد لەشەهیدانی سەرچناری شاری سلێمانی دابەزیم، هەژارانە ملی ڕێگاکەم گرت بابەتەکانم ئەهێنایەوە بیری خۆمو ڕازو نیازەکانم لەمێشکمدا گەلاڵە ئەکرد لەپڕ یەکێك لەپشتەوە بەدوو پەنجە دای بەسەر شانمدا ئاوڕم دایەوە هۆشیاری برای هاوڕێ مورادم بینی زۆر شپرزە بوو بەچپە وتی ماڵوێران بۆ کوێ ئەچیت دونیا کاول بووە هاوڕێیان زۆربەیان گیراوە کاکم هەڵهاتووە لەڕاستیدا ماقم پەڕیو دڵم دەستی کرد بەتەپەتەپ بەڵام هەوڵمدا خۆم بگرمەوە خۆمم



پیشاندا کەهیچ نائارامییەکم پێوە دیار نەبێت وتم من دنیا ئاو بیبات بەخەیاڵمدا نایە، تۆ دورکەوە لێمو هەقت بەسەرەوە نەبێت، لەو جۆرە کاتانەدا تێکچوونو شڵەژانو جرتوفرت داد نادات ئەبێ پێشبینی ئەوە بکەیت کەئەگەری ئەوە هەیە ناوچەکە لەژێر چاودێریدا بێت بۆیە لەمجۆرە کاتانەدا نابێت خاڵی لاواز بەدەستەوە بدەیت، هۆشیارم بەجێهێشتو چووم بۆ ماڵی باوکی هاوڕێ مراد بۆ ئەوەی ڕاپۆرتو شتومەکەکان لەکۆڵ خۆم بکەمەوەو ئاسەواری نەهێڵم، گەڕامەوە بۆ کفری.

دوای چەند ڕۆژێك نامەیەکی هاوڕێ مرادم پێگەیشت ناونیشانی ماڵێکی ئۆردوگای صمودی تیدا دیاریکردبوو، بەناونیشانەکە سەرمدا لەهاوڕێ مراد کارەساتەکەی بۆ گێڕامەوە لەوانە چۆنێتی گرتنی هاوڕێ حەسەنو دەرفەتدانی بۆ ئەوەی تەلەفۆن بکات بۆ ماڵەوە لەتەلەفۆن کردنەکەدا وتبووی (من تەواو) خێزانەکەی یەکسەر تێگەیشتبوو بۆیە یەکسەر ماڵی چۆڵکردبوو ئەگینا

لەوەیە خۆیشی بگیرایە خۆی راستەوخۆ هەندێ لەهاوڕێیانی ئاگادار کردبووەوە لەوانەماڵی هاوڕێ مراد دیارە مەبەستی دامودەزگاکانی دوژمن لەدەرفەتدانی هاوڕێ حەسەن کەتەلەفۆن بکات بۆ ماڵەوە بۆ ئەوە بووە بزانن پەیوەندی بەکێوە ئەکرێت لەماڵی هاوڕێ حەسەنەوە تا تۆڕەکەیان نێچیری زیاتری تێکەوێت دیارە زیرەکیو ژیری خێزانەکەی هاوڕێ حەسەن زۆر لەپیلانی دوژمنان گەورەتر بوو، هاوڕێ مراد وتی ئەبێت زۆر ئاگاداری خۆمان بین وەئەبێت بۆ ماوەیەك خۆمان نەخینە پێش چاو نەوەك هاوڕێیان بەرگەی ئەشکەنجەو ئازاری دڕندانەی دوژمن نەگرنو ناومان بدەن بۆ رۆژی دواتر یەك مانگ مۆڵەتم کرد لەدائیرەکەم چاوەڕوانی ئەنجامی داواکاریەکەم نەکرد، فەرمانبەرانی نەخۆشخانەی کەلار هەموویان دۆستو برادەرم بوون بەتایبەت کاك کەریمو کاك حەبیبو کاك عەلی مەلا عەباسو کاك حلمی، کاك کەریم پەیوەندی حزبیم هەبوو لەگەڵیا هەندێ نهێنیم ئەدرکان لای، بۆیە وتم هاوڕێ وەزعم چاك نییە هەر کەسێك پرسیاری کردم



خۆت بەتایبەت ئاگاداری حاکم نوری ئەکەیتەوە رۆژانە ئاگاداری وەزعەکە ئەبوون ناوەناوە سەردانی هاوڕێ مرادم ئەکرد، ئیشوکاری پارتیزانەکانم پەك نەخست، لەماوەی ئەو مانگەدا تێبینی شتی خراپمان نەکرد لەو ماوەیەدا هەندێك ناسنامەی تەزویرمان رێکخستبوو بۆ حاڵەتی نائاسایی، مانگە مۆڵەتەکە تەواو بوو بەترسو لەرز پەیوەندیمان کردەوە بەوەزیفە لەنەخۆشخانەی کەلار دوای هەفتەیەکی تر یارمەتیم کرد بەبیانووی ناڕاستەوە سوپاسی هەڤاڵانی نەخۆشخانەی کەلار ئەکەم لەو ماوەیەدا رۆژێك بەپیکابیکی نەخۆشخانە چوم بۆ سلێمانی لەناوشار لەئاوێنەکەوە بینیم ئیشارەتم ئەدەنێ لێتان ناشارمەوە زۆر ترسام بۆم دەرکەوت هەڵهاتن بێ سوودە راوەستام هاوڕێ بەهجەت وتی چاك بوو بینیمت چونکە نیازم هەبوو ئەمڕۆ بچم بۆ سەردانت لەکفری، نامەیەکی پیشانم دا لەسەرکاغەزی ناوپاکەتی جگەرە نووسرابوو نامەکە لەبەندیخانەوە هاتبوو زۆربەی خاڵەکانی لەسەرمن بوو بۆیە هاوڕێ بەهجەت نامەکەی دامێ تەئکیدی

لەسەر ئەوە کرد کەئەبێت بەهەر نرخێك بێت سوپا بپارێون بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەی پارتیزانەکان تێك نەچێت هەروا تەئکیدی لەسەر ئەوە کردبوو کە ئیعتراف لەسەر سوپاکراوە بەڵام وتویانە ناوی نازانین ئەوە نەبێت لەنەخۆشخانە کار ئەکات بەڵام کام نەخۆشخانە لەچی شارێك لەچی پارێزگایەك، کەس نازانێت نامەکەم هێناوە پیشانی حاکم نوریم دا سەیری بەرواری نامەکەی کردو گوتی گرنگ نییە چونکە ئەم نامەیە بەروارەکەی کۆنە پێش مانگێك بەدوای سوپا ناوێکدا گەڕاون بەڵام هیچیان بەدەست نەکەوتووە بۆیە ئێستا ئەو مەلەفە داخراوە مەگەر شتی تازە بێتە پێشەوە ئەگینا لەسەر ئیعتراف کردنەکە هیچت بۆ نابێت، هەندێك دڵنیا بووم بەڵام هەموو شتێك نەبوو تەماشای هاوڕێیان بکەن لەناو بەندیخانەوە لەژێر پەتی لەسێدارەداندا هەوڵی ئیش‌وکارەکانیان بوو هەوڵی ئەوەیان بوو تاقیکردنەوەکە تێکنەچێت، هاوڕێ حەسەن زۆر پەرۆشی ئیش‌وکارەکان بوو مامۆستایەکی دەروون گەورەو لەسەرخۆبوو زۆر تەئکیدی لەسەر ئەوە



ئەکردەوە کەهیچ نوسراوێك یان بڵاوکراوەیەك لەماڵ نەهێڵن هەموو شتێك دوای خوێندنەوە بسوتێنن ئەیگوت ئینشائەڵڵا سەرکەوتوین هەموو بەرهەمەکانتان بۆ لەچاپ ئەدەین‌و ئەیخەینە بەردەستتان، هەموو جارێك ئەی گوت من بانکم هیچ نوقسانم نییە ئازادی نەبێت با بەهەمووومانەوە هەوڵی دابینکردنی ئازادی بدەین بۆ میلەتەکەمان بۆ ئەوەی خۆشمان بەئازادی بژین لەوەیە لەچاوتروکاندنێکدا لە پێناوی ئازادیدا تیا بچم راستی کرد لەچاو تروکاندنێکدا تیاچوو بەڵێ هاوڕێ حەسەن بانك بوو ئەیتوانی بە٥٪ی ئەو سامانەی هەیبوو خۆشترین ژیان‌و گوزەران بۆ خۆی‌و ماڵومناڵی دابین بکات بەڵام کاتێك هەستی بەخۆش گوزەرانی ئەکرد هەموو میللەتەکەی خۆش گوزەران بێت‌و خاکەکەی رزگاری بێت ئەیتوانی کام شار کام وڵات خۆشە بیگاتێ بێ ئەوەی چاوەڕوانی کاسە هاوسێ‌و خێرو سەدەقەی وڵاتان بکات بەڵام هەزار جار بەداخەوە.

## گەیشتنی حسێنەکەی سەدەی بیستەم

هەر چەرخێك حوسەینێکی هەیە حوسەینەکەی سەدەی حەوتەم رەمزی فیداکاری‌و خۆبەختکردن بوو رەمزی بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان بوو ناز هەڵگری چەوساوەو هەژاران بوو رەمزی وشەی هەق بوو، بەڵام شمشێرەکەی لەشمشێری ستەمکاران کورتتر نەبوو کەچی حوسەینەکەی سەدەی بیستەم هەر هەموو ئەوانە بوو بەڵام کلاشینکۆفەکەی بەرامبەر هەموو تەکنەلۆجیای جیهان بوو بەرامبەر چەکی نەوەوی‌و کیمیاوی بوو بەرامبەر لیزەرو نیوترۆن‌و رۆکێتی ئۆقیانووس بڕ بوو، بەرامبەر هەزارەها تۆپ‌و فرۆکەو تانك بوو، ئەی سڵاوتان لێ بێت حوسەینەکان (شا بەتاقەتت‌وەتەن) بۆ دورکەوتنەوەی حوسێنەکەت لەپایزی ١٩٨٩ بۆ ١٩٩٠ چی هاوارو فیغانێکت ئەکرد بەفرمێسکی چاوەکانت بەهاری ئەو ساڵەت خۆشکرد خۆتت پێکردە بوکی رازاوە بۆنی عەترو گوڵاڵە سوورەت دونیای کرد بەو بەهەشتەی کەباسی ئەکرێت.



کەپێتیان گوت دایکە گوناهت ئەگات بۆ موژدەیەکت پێیەو لێمان ئەشاریتەوە وتت ئەی نازانن لەو ماوەیەدا کاکە حەمە رەشتان دێتەوە، کۆتایی پایزی ١٩٩٠ تێپەڕبوونی ساڵێك بوو بەسەر دابەزینی کاك کوردۆو کاك مەحمود سەنگاوی‌و ئەو کۆمەڵە پارتیزانەدا لەگەڵیان بوون هاتنە خوارەوە کاك حەمە رەش‌و کاك عوسمان‌و کۆمەڵێکی‌تری پارتیزانەکان بۆ گۆڕینەوەی ئەو برادەرانە بوو بەڵام بەخوێنێکی تازەوە بەبەرنامەیەکی پوختەوە بۆ راپەڕین بەتایبەت کاك حەمە رەش کاسایەتییەکی بەناوبانگ بوو لەناوچەکەدا پەیوەندییە کۆمەڵایەییەکانی زۆر بەهێز بوو بۆیە رۆڵی کاریگەرو بەربەچاوی هەبوو لەدابەزینی بەرنامەی راپەڕیندا بەهاوکاری کاك عوسمانی حاجی مەحمود بەتایبەت لەناوچەی گەرمیاندا، بەهەموو لایەکدا دەستیان کرد بەپەل هاویشتن‌و نامەنووسین بۆ کەسایەتییە ناودارەکانی ناوچەکە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ هەندێکیان ئەنجامداو بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی یەکیتیی نیشتمانیی کوردستانیان بڵاوئەکردەوە، بەهەمان شێوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ زۆربەی

پێشمەرگە کۆنەکاندا ئەنجام ئەداو مەفرەزەی چەکداریان لێ دروست ئەکردن بۆ هەر شارو شارۆچکەیەك پلانو نەخشەی جیاجیا دائەڕێژرا لەزنجیرە مەوعیدێکی ئەو کاتانەدا لەدوای کارەساتی هاوڕێیانی ڕێکخراوی سلێمانی گەیشتنی نامەیەکی ناو بەندیخانەی ئەو برادەرانە لەچالاَیەکی نزیکی گۆڕستانەکەی دێی کارێزەدا لە مەوعیدێکا باسی ڕوداوەکەم بۆ کاك حەمە ڕەشو کاك عوسمان کردو وتم لەئێستا بەدواوە من ناوم سوپا نییەو وتیان باشە ناوت ئەنێین حوسەین، بۆ مەوعیدی دواتر هاتنەوە لەباتی حوسەین وتیان ئەبو عەلی لەوکاتەدا واتا لەپایزی ۱۹۹۰ ەوە من ناوم ئەبو عەلییە هەر لەو دەروبەرەدا وەکو پێشتر باسم کردووە، زۆربەی سەربازگەکانی ناوچەکە گوێزرابوونەوە بۆ سنووری کوێت، تەنها دیواری خانوو بەرەکانیان ئەمانەوە جارێکیان مەوعیدێکمان بردەناو یەکێك لەو سەربازگانەوە بەبەینی خانووەکلندا ڕێمان ئەکرد لەگەڵ کاك حەمە ڕەش پێکەنیو وتی ئەبو عەلی ئەمە سەربازگەیە خۆنیازت نییە تەسلیممان بکەیت وتم نەخێر کاك شێخ سەربازگەکەت تەسەلیم ئەکەم.



## لاداکە دای بەدەستەوە

وتم کاك حەمە نوری لاداکەی دا بەدەستەوەو بچووکترین ئیعتیماد ناکرێتە سەری چاك ئەزانی ئیشوکارەکان بێ سەیارە ناچێت بەڕێوە شتێکی ئاسان نییە بەبرادەرو کەسوکار بڵێم بائەمشەو سەیارەکەت لام بمێنێتەوە لەوەیە دەیان نیشانەی پڕ سەیرو سەرسوڕمان دانێن بۆیە پێشنیازم کرد کەلاداکەم هەر چەندی کرد بیفرۆشێت سەیارەیەکم بۆ بکڕن، ئەوە کۆتایی ساڵی ۱۹۹۰، کاك حەمە نوری وتی هەرچۆنێك بێت لاداکەم بۆ بگەیەنە سلێمانی وا بۆت چاك ئەکەم نەیناسیتەوە لەوەیە داوای کەی نەیدەینەوە پێت وتم کاك حەمە نوری ئەو لادایە کەوتووە چاك نابێتەوە، لاداکەم نەبینییەوە، دوای ڕاپەڕین ۱۸۰۰ دینارم وەرگرت لەبری فرۆشتنی ئەو لادایە جگەلە ۱۰۰۰۰ی (م.ر) لەو ماوەیەدا بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار بووم بۆ

کاروباری کارگێڕی پیکابێکی نەخۆشخانەکەم خستە ئەستۆی خۆم بۆئەوەی بەکاری بهێنم بۆ کاروباری تایبەتی خۆم، سەرەتای ساڵی ١٩٩١ ڕۆژێك مەوعیدم هەبوو بەڵام وا پێویستی کرد بۆ هەندێك ئیشوکاری خەستەخانەکە سەردانی سلێمانی بکەم لەسلێمانی هەتاوەکو سەعات ٣ی پاش نیوەڕۆ مامەوە بۆیە لەگەڕانەوەدا زۆر پەلەم کرد پێشمەرگەکان کاتژمێری ٥:٣٠ دێنە سەرمەوعید لەدارکنارەکەی نێوان کفری‌و دێی کارێزەدا، دونیا ساردبوو لەوەیە لەنیو سەعات زیاتر نەتوانن خۆیان ڕاگرن کێشەی مەوعید پچڕانتان گوێ لێبووە ئێوە تەنها بەبیستن‌و من بەواقع بۆیە زۆری نەمابوو گاعیەی سەیارەکە کون کەم لەکاتی بەنزین شێلاندا زیادەڕەوی ناکەم کەبڵێم دواتر مەکینەی سەیارەکە جامی کرد چونکە دلۆپەیەك ڕۆنی تێدا نەمابوو، کاتژمێر ٦ی ئێوارە گەیشتمە ماڵ لەکفری بەپەلە کەرەستەو شتومەکەکانمان کۆکردەوە، پیکابەکەم لێئاخاندەوە بەپەلە دەرچووم لەزۆر شوێنی



نووسینەکەمدا زۆر خۆم هەڵناوە گوایە هەموو جۆرە تەکتیکێکم بەکارهێناوە لەکاتی دەرچوون‌و لەجادەلادان دەرکردنی وایەری ئیستۆپ (بریك، لایت، ... هتد) لێتان ناشارمەوە لەترسی ئەوەی بگەمە جێگای دیاریکراوو مەوعید تێکەنەچێت گوێم نەداوە هیچ جۆرە تاکتیك‌و فرتوفێڵێك بەسەیارەکە چومە سەرگردێك ویستم دابەزم لەگردەکە لەبەرتاریکی نەمزانی چۆن سەیارەکە خلیسکا هەتاوەکو خواری گردەکە چونکە ئیستۆپ دەوری نەما هەرکە سەیارەکە وەستایەوە دابەزیم بەڕاکردن بەرەو دارکنارەکە کەبینیم هەوڵەکانم جێگای خۆیان گرت ئاسوودەییم بۆهات کاك حەسەن حەمیدو کاك حەمە ڕەشید توکنی هاتبوون بۆ مەوعید وتیان ئەبو عەلی خێرە واپەشۆکاوی خۆ هیچ ڕووی نەداوە هەندێك حەسامەوە هەناسەبڕکێم کەم بووەوە پێکەوە بەرەو سەیارەکە هاتین کاك حەسەن وتی چۆن لەو گردە بەرزە بەسەیارەکە دابەزیت وتم بڕوابکە خۆشم نازانم سەیارەکە بەقودرەتی قادر لەبەینی دووچاڵدا

راوەستا تایەیێکی پێشەوەی تەقیبوو، برادەران یارمەتییان دام لەگۆڕینی تایەکەدا کەرەسەو شتومەکەکانیان بارکرد، ئەمەویت بەو جێگایەدا سەرکەوم وا لێوەی دابەزیوم سەیارەکە پەنتەڕناشی لێ ئەدا (١) مەترسەرناکەوێ لەخوارەوە ڕێگای تری نییە هەموو دەوروبەرەکە بیری کارێزە کۆنە وتم کاک حەسەن ڕێگای لای زەختەکە شارەزای؟ وتم پێشم کەوە بەمەرجێك ڕێگای سەیارە هەبێت لەپاشتەوە هەتاوەکو ئەگەین بەجێگای دیاریکراوو خواحافیزیم لەهاوڕێ حەسەن کرد بۆ مەوعیدی داهاتوو.



## ١٩٩١/٣/٨و دوامەوعید

لەوە ناچێت کەس لاری هەبێت لەوەی کەبڵێم شەڕی کەنداوی دووەم پاشگەزبوونەوەی زلهێزەکانی دونیا بوو لەهەڵوێستیان بەرامبەر ڕژێمی عیراق‌و یەکێك بوو لەو پیلانانەی کەدایان ڕشتبوو بۆ داماڵینی ئەو هەموو عەمبارە چەکە کۆکوژانە کەمەترسی دروست ئەکردەسەر دۆستەکانیان‌و دراوسێکانی عیراق‌و میللەتانی عیراق لەڕووی ڕاگەیاندنەوەو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لەڕووی ڕاستییەوە، دیارە ئەمەش یەکەمجار لەماوەی چەند سەدەیەکدا گرنگ نەبێت بەلای ئەو زلهێزانەوە باجی ئەو بەرژەوەندییە پاراستنەیان لەناوچەکەدا میللەتی کورد نەیدات، کاتی خۆی هەلهەلەمان هەڵدا کەسەرکردەکانی کورد گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ئەم هەلە ئەبێت بقۆزینەوە ئەم هەڵوێستەیان بەبەیاننامەیەکی بەرەی کوردستانی ڕاگەیاندە

کۆمەڵانی گەلی کوردستان کەلێبوردنی گشتی یەکێک بوو لەخاڵە گرنگەکانی دەیان وێنەمان لەبەر گرتەوەو کۆبوونەوەی چڕوپڕمان ئەنجامدا لەسەری، بەرنامەی کارمان داڕشت و کارەکانمان دابەشکردو چوینە خزمەت ژمارەیەکی زۆر لەپیاو ماقوڵانی ناوچەکە بێ جیاوازیو کەمکردنەوەی لەکەسایەتی هیچ کەسێک، شوێنو جێگای دوژمنانمان دیاریکرد ژمارەیانو جۆری چەکیانو صنفەکانیانو هەموو زانیارییەکان لەسەر نەخشە تۆمارکران.

هاوڕێ عەزیز کەریم جێگای دەستی دیاربوو لەدیاریکردنی دامودەزگاکانی ڕژێم لەسەر نەخشەی شار دەیان داوەتنامەی چاپکراوی (م.س) ئاراستەی کەسایەتییەکانی ناوچەکە کرد، سەرکەوتنی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی ڕانیەو چوارقوڕنەو جێگای تری زیاتر ڕاستییەکانی سەلماند.

لە ١٩٩١/٣/٦ مەفرەزەیەکی چەکدار لەماڵی حاتم حاجی ڕۆستەم کەشف بوون تەقینەوە بەڕووی مەفرەزەیەکی ئەمندا لانکرۆزێک سوتێنراو چەند



کەسێکی سەربەڕژێم بریندابوون تەنها یەک ماڵ لەبەینی ئێمەو ماڵی حاتم دابوو، شەوی ٨|١٩٩١/٣/٩ دوا مەوعیدم هەبوو لەگەڵ پارتیزانەکاندا پێشتر هاوڕێیان شەهاب ئەنوەر مجیدم ئاگادار کردبووە بۆ ئەوەی ئامادەبن ئێوارەی مەوعید لەوەیە هەر یەکەو ئەرکمان بۆ دیاری بکرێت لەگەڵ بەرنامەی ڕاپەڕیندا، بەڕێزان کاک حەمە ڕەشو کاک محەمەدی مالیەو کاک عەلی سور هاتنە سەر مەوعید کاک حەمە ڕەش پێی لەسەر ئەوە داگرت کەلەناو شار لەبەرنامەی ڕاپەڕین بکۆڵینەوە هەر چەندە دوژمن هێزی زۆر بوو لەناو شاری کفریدا دە دەبابە پاڵپشتیانی ئەکرد بەهەر حاڵ بەهەموو مانەوە گەڕاینەوە ناو شار بەبۆنەی ڕوداوی تەقینەوەکەی ٦|٧ی٣ چەند جارێک ماڵی ئێمە کەوتەبەر پشکنین بۆیە پێم چاک نەبوو بچینە ماڵی ئێمە کەبینیم هاوڕێیان شەهابو ئەنوەرو مەجید هەندێک بیانوویان هێنایەوە بۆ ئەوەی جەماعەت نەبەنە ماڵی خۆیان بۆیە چووینە ماڵی ئێمە شەو

بەدرێژی لەسەر نەخشەی شار هەموو جێگاو ژمارەی دوژمنان باس کرد لەگەڵ دیاریکردنی شوێن و جێگای هێرش کردن بۆ ئەوەی دەرفەت فراوان بێت لەپێشماندا بڕیارماندا زەماوەندی راپەڕینی شاری بکەوێتە شەوی ١٠|٣/١١ کتژمێر چواری بەیانی کاك حەمەڕەش مەترسی هەبوو لەمانەوەیان لەماڵی ئێمە بەبۆنەی روداوە باسکراوەکەوە بۆیە کاك حەمەی مالیە پێشنیاری ئەوەی کرد کەسەردانی ماڵی خۆیان بکەن ئەگەر جێگاکەیان پێ چاك بوو بگوێزنەوە بۆ ماڵی باوکی حەمە، پانتۆڵو کراسمان هێنا بۆ کاك حەمەڕەش، کەریمو منداڵێکی کراس سوورمان خستە تەکیان بەفانۆسێکەوە بۆ ئەوەی ئەگەر کەمین و شت هەبوو لەڕێگایاندا بڵێن ئەوە خێزانەو لەمیواندرییەوە هاتوونەتەوە، کاك حەمەڕەش چواردەخۆرەکەی منی کردە توێی پشتوێنەکەیدا دەرچوون کەدڵنیابوون لەجێگاکە گەڕانەوە ماڵی ئێمە، شەوێ مانەوە مەلا بانگدان بەئۆتۆمبیل گوێزامانەوە بۆ ماڵی کاکە حەمە، رۆژی ١٩٩١/٣/٩



چەند جارێك جەولەم کرد بەناوشاردا دەنگوباسێکی چڕم کرد بەراپۆرتێك و ناردم بۆ ماڵی کاکە حەمە، کاك حەمەڕەش نامەیەکی نووسیبوو بۆم هەر ئێستا بگەرە لامان کارێکی زۆر پێویستمان هەیە بەپەلە گەیشتمە ماڵی حەمە بۆ لایان کەگەیشتمە پێش دەرگاکەیان بینیم کاك حەمە رەش لەبازاڕەوە دێت چەکەکەی لەژێر قەمسەڵەکە بەشانییەوەیە یادی بەخێر وتم یائەڵڵا شێخ لەکوێوە وتی ئەبو عەلی جەولەیەکی تەواوی ناوشارم کرد بەسەیارە لەگەڵ برادەرێکدا (زۆرم لاسەیر بوو کاتژمێری چوار ئێوارە دەبابەکان بەجادەو کۆڵانەکانی ناوشاردا ئەسوڕانەوە پڵنگە رەش چۆن جێگای خۆتت لەبەینی ئەو دەبابانەدا کردەوە؟) وتی بەرادیۆ ئاگادارکراینەوە کەنابێت زەماوەندەکە دوابخەین بۆ شەوی ١٠|٣/١١، ئەبێت هەر ئەو شەو واتە شەوی ٩|١٩٩١/٣/١٠ زەماوەند ساز بکەین بۆیە هاوڕێ عەلی سورم ناردەوە بۆ لای پێشمەرگەکان کەنزیك بنەوە خۆیان ئامادەکەن وتی ئەبێت ئێستا منیش بگەمەلایان وتی

پێویستم بەسەیارەیەك هەیە بۆ گواستنەوە، خۆمو کاکە حەمە کۆمەڵێك چەكو تەقەمەنیمان پەیداکردووە پێویستمان بە عەدەد BKC هەیەو عەدەد دیکتاریۆفێك، کەگەڕامەوە بۆ لای ماڵی خۆمان هاوڕێ خەلیل کارێزیم تووش بوو وتم هاوڕێ خەلیل هەر ئێستا سەیارەیەك لەگەڵ کەسێك لەدیکتاتریۆف بزنێت ئامادەبن بۆ ئەوەی لەگەڵ کاك حەمە رەشو جەماعەت دەرچن هەر ئەمشەو ئەبێت زەماوەند بگێڕین، هاوڕێ خەلیل سەیارەو پێشمەرگەی ئامادەکرد، ئەو مەوعید گۆڕینە کوتوپڕە کارێکی وەهای کرد کەنەتوانین هاوڕێیان لەصمودو سەرقەڵا هەتا هەندێکی ناوشار ئاگادار بکەینەوە بۆ ئەوەی ئامادە باش بن.

کاتژمێر ٤ی بەیانی بوو یەکەم (RBG) دا لەبارەگای حزبی بەعس هەڤاڵانو هاوسەنگەرانی سەید مەحمەد، دکتۆر قازیو شەهید خالید توانیان لەماوەی چاوتروکانێکد دەست بەسەر بارەگای ناوبراودا بگرن ئینجا لولەی تفەنگی تۆڵە ئاراسەی



ئەمنو قایمقامیەتو پۆلیسو دامودەزگاکانی تری رژێم کرا، بێگومان چارەنووسی ئەوانیش لەهی هاوڕێکانی بارەگاکەیان چاکترنەبوو هەموو دەزگاکانیان لەناو یەك سەعاتدا گیران دەبابەکانیش دزەیان کردو خۆیان دەربازکرد بۆ ئەوەی پێشمەرگەیەك بریندار بکرێت رەبیەکانی دەوروبەری شارەکە بینیان بەوشێوەیە ناوشار کۆنترۆڵ کراوە هەموو دابەزین تەسلیم بوون لەهەمان کاتدا ئازادکران، بۆ ئەوە بوو ئەوەی ئازاد کران لەناوشاربمێننەوە وەکو هاووڵاتی یابەرەو دیوی رژێم بڕۆن بەبێ چەك، شایانی باسە تەوارییەکانی ناوشارو پیاوانی تری سەربەرژێم نەك هەر لەرووی پێشمەرگەدا نەوەستان بەڵکو هاوکاری پێشمەرگەو جەماوەریان کرد رۆژی ١٩٩١/٣/١٠ ئاڵای ئازادی بەرزکرایەوە لەهەموو لایەکەوە تەپڵی سەرکەوتن لێدرا.

خوێنەری بەڕێز وەکو لەپێشەکی ئەم نامیلکەیەدا داوای لێبووردنم کردووە لەهەر کەموکوڕییەك وا

ئێستاش ئەو داواکارییە دووبارە ئەکەمەوەو لەگەڵ جوانترین ڕێزو ستایشدا بۆ ئێوەی ئازیزو خۆشەویست.

هەر سەرکەوتووبن

براتان/ سدیق حاجی سەعید کاریزی

ناسراو بە (سوپا، ئەبو عەلی)

١ی ئابی ٢٠٠٠ی زایینی

١٥/ی خەرمانانی ساڵی ٢٧٠٠ی کوردی



١. لەساڵی ١٩٧٣ پەیمانگای تەندروستیم لەبەغدا تەواوکردوو دامەزرام وەکو فەرمانبەرێك لەخەستەخانەی کفری، لەساڵی ١٩٨٠ بەئیمتحانی خارجی شەشمی ئەمادەییم بڕی لەساڵی ١٩٨٨ بەکالۆریۆسم لەئیدارەو ئیقتصادی زانکۆی سەلاحەدین لەهەولێر بەدەست هێنا.

٢. هاوڕێ (سامی) ئیسماعیل ئیبراهیم مەردان دانیشتووی کەلارەو ئێستا ئەندامی مەکتەبی کۆمەڵایەتییە.

٣. (سەردار) جەلال عەبدوڵڵا دانیشتووی کەلارە ئێستا کارگێڕی کۆمیتەی ڕێکخستنی کەلارە.

٤. (خەلیفە) دانیشتووی کەلارە پیاوێکی سادەو بێ غەل و غەشە.

٥. (موراد) کاك حەمە نوری ئەحمەد بەئەسڵ خەڵکی سەوزبلاخی ئەوبەری سیروانە لەسلێمانی دادەنیشێت ئێستا کاربەدەستە لە فەرماندەیی گشتی.

٦. (بەهجەت) کاك حەمە ڕەشید باریکە یەکێکە لەکەسایەتییە ناودارەکانی شارەزوور.

٧. (ئاوە خوێڕی) جێگایەکە ئەکەوێتە نێوان شارۆچکەی پێبازو مەیدان لەسەر جادەی گشتی سلێمانی کەلار ئاوێك لەشاخەکە دێتە خوارەوە کەس

سوودی لێوەرناگرێت بۆ مەبەستی کشتوکاڵی چونکە زەوی لەپێشدا نییە یەکسەر ئەڕژێتە ناو روباری سیروانەوە بۆیە ئەو ناوەیان لێناوە واتا ئاوێکی بێ کەڵکە.

٨. (هاوڕێ عەزیز) کاک ئەحمەد کوڵکنی کادرێکی چالاکی شارەزووره بۆ راپەڕاندنی ئیشوکارەکان لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٨ رەوانەی گەرمیان کرا.

٩. هاوڕێ نەریمان دانیشتووی شارۆچکەی پێباز، ئەندامێکی گورجوڵو بەهیمەتە.

١٠. شاری کفری لەبناری زنجیرە شاخی باوەشاسواردا دروست کراوە دوو کیلۆمەتری ئەو زنجیرە شاخە بەرامبەر شاری کفری بەرەبایە چێنرابوو ئەو رەبایانەو رەبایەکانی جادەی کفری- دوز شێوەی پیتی Uیان دروست کردبوو دەواجنەکەو ئەو دارکنارەیە لەناوسنگی ئەو پیتەدایە لەبەر ئەوە بوو رژێم ئەگەری جموجۆڵی لێ نەئەکرد.

١١. (حاکم نوری) نوری سەعید ئەحمەد پارێزەر برای بەندەیە راوێژکارمان بوو لەهەموو ئیشوکارەکاندا بەتواناو جێگای متمانەبوو.



١٢. دیارە ئەو نانەی کاک حەمە رەش زۆر کۆن بوو لەوەیە کەڕوو لێی دابێت بۆیە سەگەکە پێی رازی نەبوو هەر چەندە زۆریش برسیی بوو.

١٣. تەمشیت (تمشیط) واتە شانەکردن، جەندرمەکانی رژێم کاتێك بەدوای پارتیزانەکاندا ئەگەڕان لەناوچە شاخاوی و هەردەو هەڵەتەکاندا ناوچەیەکی زۆریان ئەدا لەبەر لەئاسمانەوە کۆپتەر پاڵپشتیانی ئەکرد چۆن قژ شانە ئەکرێت ئەو ناوچەیەیان ئەوەها شانە ئەکرد بەلام ئیدارەی پارتیزانەکان زۆر لەو تەمشیتە بەهێزتربوو.

١٤. (گوێ لەق) پارتیزانەکان سێ کەریان هەبوو بۆ گواستنەوەی کەرەستەو ئازووقەکانیان دیارە گوێ لەق یەکێك بوو لەو سێ کەرە سەر سەقافڵەی کاروانەکە بوو، گوێیەکی خواربوو بۆیە پێیان ئەوت گوێ لەق، ئاژەڵ بەتایبەتی کەر لەرێ دەرکردن و رێ ناسیندا بێ هاوتایە گوێی لەتاریکی و رەشەبا نییە، هەر کەپارتیزانەکان دوای گوێ لەق بکەوتنایە هەرگیز رێگاو پەناگەکانیان لێ ون نەئەبوو هەرکە گوێ لەق بوەستایە ئەوە ئەیانزانی گەیشتوونەتە جێ جگە لەمانەش گوێ لەق باری دوو کەری هەڵئەگرت بۆیە پارتیزانەکان ئەیانگوت هەموو

کفریت بەگوێ لەق بۆ ئەگوێزینەوە، پارتیزانەکان بەتەنیشت مەلجەکانی خۆیانەوە کونێکیان بۆ گوێ لەق دروست کردبوو هەر کەدەنگی کۆپتەری گوێ لێبوایە دائەنەوی بەحاڵەحاڵ ئەچوو بەکونەکەوەو خۆی حەشارئەدا کەدەنگەکە نەمایە دەرئەچوو بەڵام بەداخەوە لەدوای راپەڕین گوێ لەقیان بەجێهێڵا خۆفرۆشان بەقوربانی بن.

١٥. سەلاح ئیبراهیم مەلا بەنزین خاوەنی دەواجنەکە بوو، لەدەوری دەواجنەکە زەوی کشتوکاڵی هەبوو بیرێکی ئیرتیوازییان لێدابوو کشتوکاڵو باخیان لێکردبوو، ئەو جوتیارانە ناسراوبوون لەلایەن رەبایەکانەوە هاتوچۆی خەڵکی تر بۆ ئەو دەورە ئاسایی نەبوو.



## ئەو نامانەی گەیشتوونەتە دەستمو ئەوانەی کە خۆم رەوانەم کردوون

### بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان

### سڵاوی شۆرشو خەبات

ئەگەر داد پەروەری لەهەڵبژاردنی بە تواناترین ئامادەمیزاددا هەبێت ئەوە ئەبێت پێشمەرگە بێت ئەگەر مرۆڤایەتی لافی سەربەرزی لێدات بەسەر هەموو گیان لەبەراندا ئەوە ئەبێت پێشمەرگە بێت، ئەگەر دەرمانێ هەبێت برینی دڵی دایکی شەهید سارێژ بکات ئەوە ئەبێت پێشمەرگە بێت، بۆیە ئەبێت ئەرزو ئاسمان ئاووهەوا جوانیو بزەی سەر لێو لەبەرتۆ بێت لەبەر تۆبێت.

هاوڕێیان سەبارەت بەکردنەوەی خەتێك لەدەوروبەری شاری کفریدا ئامادەیی خۆمان دەر ئەبڕین بۆ هاوکاریکردن بۆ کردنەوەی ئەو خەتە، بەناوی خەتی (مام ساڵح)ەوە هەموو هاوڕێیانمان ناویان (مام ساڵح)ە ئامادەین لەکاتی دیاریکراودا لەیەکێ لەم جێگایانە

کەئێوە دەستنیشانی بکەن و مەوعیدمان بۆ دائەنێن ئامادەبین جێگاکان ئەمانەن (پشت قەڵا لەدێی کاریز خوار کفری، کۆپڕی چەرموو لەسکە کۆنەکەی بەین کاریزو کنگربان، دارکنارەکەی کنگربان، پشت ئیمام خەلیلە) ئەم جێگایانە ئەگەر نەتانناسی سەید محەمەد شارەزایە لەدوای یەکەم بینین لەسەر جێگایەك کەهەمووومان پێمان خۆشبێت رێك ئەکەوین.

سەرکەوتووبن.

مام سالح ١٩٨٨/١٢/٢٨

بۆ/ بەرێز کاك عوسمان

سلاوی گەرمی شۆڕش و خەبات لەگەڵ رێزمادا بۆ خۆت و هەموو هاورێیانت.

براگیان چەند روونکردنەوەیەکم بەردەست کەوت سەبارەت بەمەسەلەی (سەید) حەزم کرد ئاگادارتان بکەمەوە بەشکو سوودبەخش بوو.

یەکێ لەجاشەکانی رەبایەکەی سەر دەواجنەکەی لای ئاوەخوێڕی ئەڵێت ( دەوری سەعات حەوت چەند کەسێك (عەلی وەسەت کە ئێستا تەوارییە سەر بەئەمنی عاممەی



بەغدایە، سەعدوڵلا عەبدوڵلا دەروێش تەوارییە وەکو هاورێکەی لەگەڵ دوو کەسی تر ناوەکانیان نەزانراوە) نزیك رەبایەکەیان تێ ئەپەڕن بێ ئەوەی یەکێ لەرەبایەکە تێخوڕی لێیان دوای تەوارییەکان سەرکەوتن بۆ رەبایەکە خۆیان تووڕەکرد لێمان لەبەر ئەوەی نەمان خوڕیوە لێیان (بۆ نەتان خووڕی لێمان؟ چۆن زانیتان پ.م نیمان؟ ئێوە هەر وابوونە لەوەیە سەدجار پ.م تێپەڕ بووە ئێوە چاوتان لێ نووقاندووە ئێوە درۆ ئەکەن لەگەڵ پ.من .. هتد) ئەڵێت دوای دابەزین لە چەمەکەدا تەوزیع بوون وەکو کەمین، دوای سەعاتێك ئێمە لەدوورەوە چەند کەسێکمان بینی نەك لەچەمەکەوە بەڵکو لەودیوەوە یەکسەر تەقەمان لێکرد زۆرتر وتمان تەکتیك بێت تاقیمان بکەنەوە (یەعنی نەك هەر تەوارییەکان بن) ئەڵێت دوای تەوارییەکانیش عەشوائی دەستیان کرد بەدەستڕێژکردن، بەشوێن ئەسەرەکەدا بەو شێوە سەید محەمەد بریندار بووە ئەڵێت دوای تەوارییەکان چوونە سەر دەواجنەکە بەجنێودان (هەرچی بۆ پ.م دەرئەچێ لەزووەوە تاکو ئێستا هەر لای ئێوەوە دەرچووە بەیانی مەگەر خوا بزانێت چیتان پێ بکەین) خەڵکی دەواجنەکە دیفاعیان لەخۆیان کردووە بەقسە بەس لەبەیانییەکەیدا

ئامر فەوج رۆیشتووە خەڵکی دەواجنی هەموو گرتووەو بردوویانن بۆ سلێمانی تا ئێستا هیچ خەبەریان نییە، وە ئەڵێن ئەمری وایان دەرکردووە هەموو دەواجنەکانی ئەو ناوچە ئەڕوخێنن، جاشەکان وتویانە تا ئێستا نەمانبینیوە کەمین لەو جێگایەدا دابنرێت بەنیسبەت ئێمەشەوە کارەکە غەریب بوو.

براگیان لەبەرئەوەی رۆژێ یان چەند رۆژێك پێش ئێستا کەمین لەو شوێنە دانیشتووە زەحمەتە بەسودفە ئەو رۆژە هاتبێت بەڵکو بەمەوعیدەکەیان زانیوە لەبەر ئەوە خەلەل لەو کەسانەیە وا بەو مەوعیدەکەیان زانیوە ئەگەر مەوعیدیان هەبێت کەئەویش لای سەییدە، وە سەیدیش تێبینی خۆی هەیە لەسەر رووداوەکە.

سەرکەوتووبن.

تێبینی:

هاوڕێ عەزیز خەریکی کۆککردنەوەی زانیارییە لەسەر هەمان کێشە

sopa

5/11/1989



دەنگوباس:

١. لەناوەڕاستی ئەم مانگەدا واتا یەکەم شەوی جەژن مەفرەزیەك چەکدار بەجلی سەربازییەوە لەگەراجی نەهزە لەبەغدا دادە بەزن یەکەمجار مونشەئەیەك بەزۆر رائەگرن بۆ ئەوە پێی بڕۆن بۆ کارێکی دیاریکراو کەخۆیان نەخشەیان بۆ کێشاوە لەو کاتەدا سەیارەیەکی پۆلیس لەسەریان حازر ئەبێت سەیارە پۆلیسەکە بەدەستڕێژ دائەگرن و ئەیسوتێنن هەموو پۆلیسەکانیش ئەکوژرێن دوابەدوای ئەو سەیارەیەك ئینزیبات سەربازی دێنە سەر کارەساتەکەو ئەویش بەهەمان شێوە تێك و پێك ئەدەن هەموو ئینزیباتەکانیش ئەکوژرێن، دوا بەدوای ئەوە چەکدارەکان هێرش ئەکەنە سەر مەرکەز پۆلیسی نەهزە دەست ئەگرن بەسەر مەرکەزەکەدا لەدوای پێنج دەقیقەدا شەر لەگەڵ پۆلیسەکانی مەرکەزەکەدا دواجار خۆیان دەرباز ئەکەن دوابەدوای ئەوان رژێم بەقوات خاسە ئابلۆقەی ناوچەکە ئەدات دەستئەکات بەکوشتن و بڕینی خەڵکە بێ چەك و بێ تاوانەکان چەندەها هاوولاتی بێ تاوان ئەکوژرێن و چەندەها سەیارەی هاوولاتیان ئەسوتێت و بەسەدان کەس بریندار ئەبن و زۆربەی زۆریان توند ئەکرێن لەبەندیخانەکان لەکۆتاییدا رژێم

بڕیاری بێ ویژدانانەی خۆی دەرئەکات بەکوشتنی ١٠٪ی گیراوەکان.

٢. لەم ڕۆژانەدا ڕژێم وەکو بێ دەسەلاتیو دەستخویی دەربڕی سەبارەت بەهێزەکانی پ.م دەستی کردووەتە پروپاگەندە بەم شێوانە (حەمەرەشو چەند پێشمەرگەیەك بەشتەوە گیراون، سەید گیراوە بەکۆمەڵە شتێکەوە جارێك ئەوەندە (پ.م) یان دەتسگیرکردووە ، عوسمان تلیشانی حەوت مەسئولی کوشتووەو هاتووەتەوەو هەموو مەقەڕەکانی بۆ ڕژێم کەشف کردووە) سەرچاوەی هەموو پروپاگەندەکان حەمەی عیسایە هەر بە هاتنەوەیەکی حەمەی عیسا پروپاگەندەی تازە دەرئەچێت، وا بۆی ئەچین پروپاگەندە ئەکەن بۆ ئەوەی یەکێك بڵێیت درۆیە وانییە ئەم جارە بڵێین چۆن ئەزانیت واتا شێوە تاکتیکێکە چەند لایەنێکی هەیە.

٣. لەدوای بیستی ئەم مانگە جەنازەیەکی زۆر هاتۆتە خەستەخانەی سەربازی کەرکوکەوە کەهەموویان جلی سەربازیو جاشیان لەبەردابووە، بەموونشەئەو تەیارەی کۆپتەر هێنراون بۆخەستەخانەکە، نەزانراوە سەرچاوەی ئەم کوژراوانە لەکوێوەیە.



٤. دەنگوباسەکان وائەگەیەنن کەسەدامو داروەستەکەی ڕۆیشتون بۆماڵی عەدنان خێروڵڵا، ژنەکەی عەدنان دەستی داوەتە دەمانچە لەسەدام، سەباح میرزا یەکسەر کوشتوویەتی سەدام لەبەرئەوەی هەندێ کەوتووتە گومانەوە لەسەباح میرزاو لەبەر دڵدانەوەی کەسوکاری عەدنان سەباح میرزای کوشتووەو دەنگوباسەکان وائەگەیەنن کەژنەکەی عەدنان ویستوویەتی لەتۆڵەی هەیسەمی برایدا سەدام بکوژێت چونکە ژنەکەی عەدنان کچی ئەحمەد حەسەن بەکرە (ابو هیثم) هیثم محامییەکی بەتوانا بووە شەو لەمەکتەبەکەیەوە ویستوویەتی بگەڕێتەوە ماڵەوە بەسوپەرێك لێیان داوەو کوشتوویانە گوایە ژنەکەی عەدنان ئەم کارەی بەکاری سەدام زانیوە چونکە هەر خۆیان چاك یەك ئەناسن (سەرچاوەکە سەعید حەمە غەریب لەدەمی حەمەی عیساوە گوێی لێ بووە).

٥. لەم ڕۆژانەدا ڕژێم دەستی کردووە بەتەرحیلکردنی کەسوکاری شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکانو بڕیار وایە خانووو ماڵی کەسوکاری ئەو شەهیدانە وائیعدام کراون حجز بکرێت.

٦. رژێم داوای کردووە لەعوسمان تلیشانی بۆ ئەوەی جێگــای شــەهیدبوونی شــەهیدان (مــەلا ئەحمــەدو برادەرانی) پیشــانیان بــدات ناچاریــان کــردوە لەگــەڵ هێزێکدا دەرچووە بێ ئەوەی جێگاکەیان پیشــان بــدات یان بۆی نەدۆزراوەتەوە یان خۆی وێڵیانی کردووە.

٧. ئەڵێت سەرۆک عەشیرەتێ لەخواروی عیراق لەرژێم یاخی بووە لەگەڵ عەشیرەتەکەیدا تا ئێستا ژمارەیەکیان لێ شەهید بووە لەداهاتوودا تەئکید ئەکەین لەسەر ئەم مەسەلەیە.

٨. بەپێی قسەی سەربازەکانی ئەیەوێ مەقەڕ فەیلەق بهێنێتە دیوی کەلارو سەرقەڵاوەو خەیمەکان هەڵئەگرن و خانوو دروست ئەکەن دیارە رژێم ئەیەوێ زیاتر بمێنێتەوە لەناوچەکەدا.

بەمۆ — سوپا



بۆ/ بەڕێز کاک عوسمان

لەمەجهولێکەوە لەڕێگای باوک ئارامەوە ئەو نامەی ناوەختەم بۆ هات وابەدەقیی لەگەڵ هەندێ شیکردنەوەی خۆمدا بۆتی رەوانە ئەکەم.

نووسەری نامەکە سەربازە لەکوێت لە ١٩٩٠/١٠/٢٨ ئەم باسەمان بۆ ئەکات (لەمەدرەسەی ثانوية البراء ابن المالك قرب وزارة مواصلات كويت) ئەم ئاسارانەی بینیوە.

١. سەرینی پەڕ (پشتی) ژێر سەر.
٢. کراس و کەوای کوردی ژنانە.
٣. چاکەتی کوڕان منداڵانە کوردی.
٤. قوتووە جگەرەی ژەنگاوی.
٥. نیشانەی لەحیمی زیاد لەئوصولی خۆیی بەدەرگاو پەنجەرەکانەوە قفڵی گەورەیان پێوەیە.

قسەکانی ئەوە ئەگەیەنێ کەهەندێ لەکوردە ئەنفالەکان لەوێ بەندکراون کاتی خۆی.

هاوڕێت

سوپا

١٩٩٠/١١/١٧ز

## راپۆرتێ سەبارەت بە (تصنیع عسكەری)و (وزارە الصناعە)

تەصنیع عەسكەری بریتییە لە دەیان موئەسەساتی صناعی كەهەر موئەسەسەیەك لەچەندین مونشەئە پێك دێت ئەتوانین بڵێین ٨٠٪ صناعاتی عیراق لەو جێگایە كۆئەبنەوە لەوانە دەیان كارگەی دروستكردنی چەك لەچەكی سوكەوە تا دەگاتە چەكی كیمیاوی.

تەصنیع عەسكەری (كۆگای كارگەی جۆراوجۆر) ئەكەوێتە ئەو جێگایەوە واسنووری پارێزگای ئەنبارو حلە لەیەك ئەدەن وەكو لەخاریتەی نێودا دەرئەكەوێت، سەرجەم مەساحەكەی ئەگاتە ٢٥٠٠ كیلۆمەتر مورەبەع (٥٠X٥٠) ئەم جێگایە كەس نایگاتێ لە پیاوە هەرە دڵسۆزەكانی رژێم نەبێت، چاودێری كردنو پاسەوانكردنی لەسەر دائیرەی ئیستخباراتو موخابەراتە كەژمارەیان چەند هەزارێكە بەشەو رۆژ موخابەراتو ئیستخبارات چاودێریو پاسەوانی ئەكەن پێكەوە بەشەوان



هەرشەوێ لەسەر یەكێكیان بەرپرسیارە وەلە هەفتەیەكدا یەكێكیان بەتەنها ئەمێنێتەوە، ئەو زەلامانە واكاری تێدا ئەكەن جێگای خەوتنو خواردنو رابواردنیان هەیە، بۆیە نابێت مانگی جارێك بەئیجازە نەبێت دەرنەچن لەئیجازە گەڕانەوە زۆر بەوردی ئەپشكنرێن لەحەوت نوقتە ئەوپەڕی فەن بەكار ئەهێنن لەپشكنیندا.

لەشەوی ١٧|١٨/٨/١٩٨٩ ئەو شەوە چاودێریكردنو پاسەوانكردنی تەصنیع عسكەری لەسەر دائیرەی موخابەرات بوو كەچی سەرجەم ئەم (تەصنیع عەسكری)یە بەخانو نەفەرو كارگەكانیەوە تەقیەوە ٢٦٠ سەیارەی ئاگر كوژێنەوە لەسەری كۆكرایەوەو ئەوجا بەهەفتەیەك ئاگرەكانی كوژایەوە هەتا تاریخ ٨/٢٥ (٧٠٠) جەنازەیان لەژێر داروبەردا دەرهێناوە لەگەڵ نزیكەی (١٢٠٠) برینداری جۆراوجۆردا لە (٧٠٠) بینایە زیاتری ١٠٠٪ روخاوە ئەوە دواش دائەبەزێ هەتا ئەگاتە ٣٠٪ وەك یەكێ لەموخابەراتەوە باسیكردووە كەهۆی ئەو هەموو

ویرانکارییە کۆمەڵێك لەجۆرە قونبەلەیەك کەشێوەی لەقرص ئەچێت کونێ لەناوەڕاستیدا هەیە بەقەد پەنجا فلسیەکە نموونەکەشی لای موخابەراتەکە بووە، لەدوای تەقینەوەش گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا نەهاتبوو وەکو باسیکردووە لەو قورسانە وانە تەقیوە دەستی جەماعەتی هەندەسە کەوتووە، سەرچاوەکەی ئێمە بێجگە لەوانەی وا لەموخابەراتەکە بینیویە گوێی لێبووە خۆی بەچاوی خۆی زۆری لەوێرانکاریەکە بینیوە ئەڵێت جێگا رەقەکانی ١٠٠٪ تێکداوە لەجێگای نەرمدا تەئسیری کەمتر بووە، ئەڵێت لەوەیە دابەشکردنی قونبولەکان لەسەیارەی تایبەت بەو ئیشە کرابێت نمونەش بۆ ئەو خانوو بەرەکانی ئەمدیوئەودیو جادە گشتیەکی ناو تەصنیع هیچی بەپێوە نەمابوو کەئەو جادە گشتییە درێژاییەکەی ٥٠کم لەوەشە بەفرۆکە فڕێدرابێ‌و هەروەها ئەڵێت کوژراوەکانی رووداوەکە زۆربەیان برینی پێوە نییە، موخابەراتەکە ئەڵێت (ئەو شەوە خۆی پاسەوان بووە لەنزیك ئەو سیمەی



واسنووری دەرەوەی تەصنیعی لێدەرکراوە) زەلامێك لەبینایەکانەوە دەرچوو بەتوندی رایدەکرد منیش وتم: ئێستا سەری بەسیمەکەدا ئەدات نەگەشتە سیمەکە کەوت چوومە سەری مردووە بێ ئەوەی هیچ برینێکی پێوەبێ.

بەهەر حاڵ ئەڵێن هەر تەکنەلۆجیایە لەهەق تەکنەلۆجیا دێت ئەگەر تەکنەلۆجیا نەبێت رژێمی سەدامیش نامێنێت چونکە رژێم هەتا باوەڕی بەموخابەراتیش نەماوە، بۆیە ئەبێت رۆژێك ئەم تاونبارانە بەدام‌و دەزگاوە لەناو برێن مێژوویش رسوایان بکات.

سوپا

١٩٨٩/٩/١

**هاوڕێی زۆر بەڕێز کاک حەسەن**

سڵاوێکی گەرم.. بەئومێدی سەربەرزیتان، سڵاومان هەیە بۆ هەموو هاوڕێیان.

١. هاوڕێیانی بەڕێز نامەی ڕۆژی (٥/١)تان گەیشت، زۆر سوپاس بۆ هەستتان و ئەو ئامۆژگارییە بەنرخانە.. بەنیسبەت ئەو پ.م ەی کە تەسلیم بووەتەوەو هاوڕێ ئاوارە ئەیناسێ و تەهدیدشی کردووە زۆر نیگەرانین.. من نامەوێ شت لەسەر خۆمان لابەرم و هاوڕێیانی تر تاوانبار بکەم.. بەڵام هاوڕێیانی پێش ئێمە ئەو هەڵەیان کردووە ئەو پ.م یان بردبوو بۆ سەر مەوعیدی هاوڕێ ئاوارە کەپێشتر بەهۆی عەلاقاتی شەخسییەوە یەکتر ئەناسن.. وەك بەڕێزتان ئیشارەتتان بۆ کردووە باشترین ڕێگە ئەوەیە ئێمە هەموو پ.م ەکان نەبەینە سەر مەوعید وەکەسیش ئەو هاوڕێیانە نەناسێ.

ئێمە ئێستا پەیوەندیەکانمان لەڕێگەی هاوڕێ (سوپا)ی تێکۆشەرەوەیە نزیکەی ١٦ مانگ ئەبێ لەگەڵ هاوڕێ یەکتر ئەبینن، هەتا ئێستا من نازانم ناوی شەخصی چییە؟ وە بەتەئکیدیش خەڵکی کام جێگەیە ئەو پێشمەرگانەش کەئەیانهێنن بۆ سەر مەوعید بەهەمان



شێوە حەز ئەکەم لەو ڕووەوە پرسیار لەهاوڕێ سوپا خۆی بکەن.

٢. بەڕێزتان لەگەڵ هاوڕێ سوپا باسی مەسەلەی خەزنی ئازوقەتان کردبوو کەشتێکی عەمەلی نییە، ئەوەی کەبۆتان ئەنووسم هی تاقیکردنەوەی خۆمانە لەماوەی ڕابردوودا، پاش ئەنفالەکان ئازووقەی دێهاتەکان زۆر بەجێ مابوو ئێمەش زۆر شتمان شاردەوە وەك برنج، ڕۆن، ئارد، شەکر، .. هتد. لەهەندێ جێگەوە ئەو ئازووقانە ماون هەتا ئێستاش بەکاریان ئەهێنین و خراپ نەبوونە، ئەنجا هەتا کاتی نووسینی ئەم نامەیە، چایی، خوێ، ڕۆن، دۆشاوی تەماتە، هیچمان لەشارەوە بۆنایەو کۆنەکان بەکارئەهێنین، هەتا ئێستا ٢٠ کیلۆ ڕۆن و ١٠ قوتو دۆشاوی تەماتەمان بۆ هاتووە، ڕۆن و دووشاوی تەماتە لەهەموو شت زووتر خراپ ئەبن، ئەوەی کەبەکاری ئەهێنین بۆ خواردن هەر ئەوانەی پێشەوەیە کە شارودۆمانەتەوە، بۆ ئەو مەبەستەیش هاوڕێ سوپا خۆی ئاگادارە.. خەزنکردنی ئازوقە بۆ ئێمە ئەهمیەتێکی زۆر گەورەی هەیە، وەبەشێوەیەکی وا ئەیشارینەوە خراپ نەبێ.

٢. ئەخیر پەیوەندی بەجیهاز ١٩٩٠/٦/١١ لەگەڵ بەڕێز م.س قسەمانکرد، دەنگوباسی تازە نییە، هەر ئیشێکی پەلەتان هەبێ و درەنگ بگات، لێرە ئەتوانن زوو بیگەیەنین.

لەگەڵ ڕێزماندا

عوسمانی حاجی مەحمود

١٩٩٠/٦/١٤

بۆ بەڕێز/ کاك عوسمان

سڵاوی گەرم

براگیان تاکو ئێستا لەو باوەڕەداین تا بێت زیاتریش دڵنیا ئەبین کە موئامەرەکەی سەید هەر جوامێرە وەدڵنیاین کەسەید بەزیندوویش لەبەعقوبە بینویانەو برادەران هەموویان ئەڵێن کەریمیشی لەگەڵ بووە لەماڵ جوامێر، وە جوامێر ئەمڕۆ ئەو پەڕی وریایی خۆی ئەکا لەماڵ وەحەرەسیاتی داناوە لەبەر دەرگاو سەربان وە سۆپەرە (٨٥)ەکەی وەرگرتوو لەگەڵ کۆمەڵێك چەکدا،



بووە هەرئەلێت سەید دەسگیرکراوە وە ئەڵێت ئاگاتان لەکەریم بێت لەوەیە هەموو شت بزانێت.


سوپا..

تێبینی: ئەو نامانەی سەرەوە لەئەرشیفی برای بەڕێز کاك عوسمانی حاجی مەحمودەوە بەدەستمان گەیشتووە.. بەداخەوە چەند نامەیەکی نهێنیی تریش هەبوون بەڵام لەکاتی خۆیدا فەوتاون.


[illegible]




[illegible]










٩٩/١١/١٧











١٩٩٠/٦/١٤




ئاسەواری ئەو خانووەی یەکەم موعیدی تیا ئەنجام درا


لایەك لەئاسەواری دەواجنەکە

ئەوعیدی یەکەمو دارکنارەکە



بیره ئیرتیوازیو باخەکەی ماڵ مەلا بانزین



ئەو دارانەی کاك کوردۆو کاك مەحمود سەنگاوی
نامەکەیان لەژێر داریەکا شاردبوموە دوای ( تێکچوونی
مەوعید )





ڕێگای هاتوچۆی پارتیزانەکان دوای ( دووچەکدار روویان
کردە دەربەند تاڵە )

## کتێبو بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری لە ساڵی ۲۰۰۲ دا چاپو هاوکاری کردوون

| ز | ناوی کتێب | ناوی خاوەن کتێب | جۆری کتێب | جۆری چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ۱۲۲ | قاومیەك لەگەڵ ئەودا | کەژاڵ ئەحمەد | شیعر | چاپکردن |
| ۱۲۳ | قریوە | هۆشیار بەرزنجی | شیعر بۆ مناڵان | چاپکردن |
| ۱۲٤ | پێنج هەستەکە | و.مەلا بەهادین | زانستی بۆ مناڵان | چاپکردن |
| ۱۲٥ | ئینسکلۆپیدیای (کەلەفەرهەنگی وێنەداری مەعدەنەکان) | کەمال جەلال غەریب | فەرهەنگ | چاپکردن |
| ۱۲٦ | حیکایەتەکانی بەفر | شیرین. ك | چیرۆك | چاپکردن |
| ۱۲۷ | دیلاڤو مام گورگ | ساکار شریف | چیرۆکی مناڵان | چاپکردن |
| ۱۲۸ | کۆمەڵە وتارێك دەربارەی کێشەی ژن | سەروەر کەریم | کۆمەڵە وتار | چاپکردن |
| ۱۲۹ | ژن و گەڕان بەدوای ناسنامەدا | سۆزان مامە | کۆمەڵە وتار | چاپکردن |
| ۱۳۰ | توندوتیژی خێزانی | و. ئاوات محەمەد | کۆمەلایەتی | هاوکاری |